

## هەیفا و زەکەریا کۆنسێرتی هاوبەش لە کوردستان دەکەن

**رووداو-هەولێر**

سەلوان جەمیل، بەڕێوبەری کۆمپانیای بابیلۆن لە هەولێر، لە لێداونێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند بڕیارە بۆ نەورۆزی ئەمساڵ هەریەک لە هونەرمەند هەیفا وەهبی، فارس کەرم و زەکەریا عەبدوڵڵا بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیاکەیان دوو کۆنسێرتی هاوبەش لەشارەکانی کوردستان ساز بکەن "لە هەوڵداین بۆ ئەوەی بەزووترین کات گرێبەستەکان تەواو بکەین"، بەڵام گوتیشی"هێشتا گرێبەستەکان تەواو نەبوون، تاوەکو رۆژ و شوێنەکان دیاری بکەین". ساڵی رابردووش ئەو کۆمپانیایە دوو کۆنسێرتی بۆ نەجوا کەرەم لەهەردوو شاری هەولێر و سلێمانی سازکرد.

17



## کەمال میراودەلی بزووتنەوەیەک دروستدەکات

**رووداو-سلێمانی**

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، د.کەمال میراودەلی سەرقاڵی دروستکردنی بزووتنەوەیەکە بەنێوی "رەوتی گۆڕان". سەرچاوەیەکی نزیک لە ئامادەکارییەکانی دروستکردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی میراودەلی رایگەیاند "ناوبراو لە دوای هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموز گەڕاوەتەوە ئەوروپاو، لە 12 وڵاتی ئەوروپیدا پەیوەندی بە هەندێک لەکوردە دیارەکان کردووەو داوای لێکردوون کە بەشداری لەپێکهێنانی ئەو بزووتنەوەیەدا بکەن"، سەرچاوەکە راشیگەیاند "کەمال میراودەلی خۆی سکرتێری بزووتنەوەکەیە و تا ئێستاش 50%ی کارەکانی دامەزراندنی ئەو بزووتنەوەیەی تەواو کردووە". کەمال میراودەلیش لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رەتینەکردەوە کە بەنیازی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە "ئەوە بیرۆکەیە و هێشتا نەگەشتووینەتە ئەو قۆناخەی کە 50%ی کارەکانی تەواو بووبێت"، بەڵام رەتیکردەوە ناویان بۆ بزووتنەوەکە دانابێ.

7



## ئۆپۆزسیۆن لە نێوان بەردئاشی دەسەڵات و چاوەڕوانی خەڵک دا !

**رووداو-هەولێر**

جەوهەر نامیق سالم، لە وتارێکدا کە لەم ژمارەی (رووداو)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن دەکات لە هەرێمی کوردستان و، ئەو هەژانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموزدا لە هەرێمی کوردستاندا دروستبوو، لە هەمانکاتیشدا دەڵێ " ناکرێت رەچاوی ژمارەی ئێستای کورسییەکان و ریزبەندی لایەنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان نەکەین کە : پارتی (30) کورسی 27%، یەکێتی (29) کورسی 26%، گۆڕان (25) کورسی 23%). هەروەها ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ قۆناخی داهاتوو دەست نیشاندەکات بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی وبەبیرهێنانەوەی بەڵێنەکانی دەسەڵات و راکێشانی بۆ جێبەجێکردنیان و، پێداگیری کردن لەسەر پرسی ناوچە دابڕاوەکان.

18


ژمارە (96)

دووشەممە 2010/2/1

12ی رێبەندانی 2709

(750) دینار

www.rudaw.net

چاپی کوردستان

Rûdaw رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


# پارتی و یەکێتی 2 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخاندەکەن

## نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت رەسول و نەوشیروان مستەفا بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی سەرچاوەکانی یەکێتی و پارتی، بارزانی و تاڵەبانی سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن بۆ حیزبەکانیان، بەڵام نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بزووتنەوەکەی دەکات. هەروەها بەپێی سەرچاوەکان لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە لە یەکێتی و پارتی و چەند حیزبێکی دیکە پێکهاتووە 2 ملیۆن دۆلاریان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکردووە.

لیژنەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەشەش ئەندام پێکهاتووە لە پارتی: عیزەدین بەرواری، محەممەدی مەلاقادر، جەعفەر ئیبراهیم. لەیەکێتیش : مەلا بەختیار، عەدنان موفتی، شۆڕش ئیسماعیل، جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبە هاوپەیمانەکانیشیان. هەروەها هەردوو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی و یەکێتیش سەرپەرشتی بانگەشەکە دەکەن، کە بەگشتی 2 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە دیاریکراوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ "ئەو 2 ملیۆن دۆلارەی تەرخانکراوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ تەواوی پارێزگاکانەو بەش دەکات ئەگەر تەخشان و پەخشانی پێنەکرێت، بۆ بانگەشەی هاوبەشەو بۆ راگەیاندن و کرێی هاتووچۆو چەند خەرجییەکی دیکەیە".

جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی، ئەوەی رەتکردەوە کە مام جەلال و کاک مەسعود سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن لە هیچ پارێزگایەک و گوتی " کاک مەسعود و مام جەلال ئەگەری زۆر کەمە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن و لەوانەیە زۆر بەکەمی و لەکاتی پێویستدا وەک سەرۆکی پارتی و سکرتێری گشتی یەکێتی بەشداری بکەن، نەک وەک سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حیزبیش وەک کاک نێچیرڤان و کاک کۆسرەتیش لە شوێنێک پێویست بکات بەشداری دەکەن، ئەگەرنا بەرپرسی مەڵبەند و لقەکان سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردنن لەپارێزگاکان".

و لەحیزبەکانی دیکەی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتیش 2 ئەندامی سەرکردایەتی لە لیژنەکەدان". ئەو سەرچاوە ئاماژەی بەوەشکرد لیژنەی دووەمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش کە لە ئاستی لق و مەڵبەندەکاندایە" لەهەموو پارێزگایەک بەرپرسی لق و مەڵبەند و بەرپرسانی حیزبی لایەنە هاوپەیمانەکانی دیکە لەو پارێزگایەدا، هێرۆخانیش وەک بەرپرسی مەڵەبەندی سلێمانی ئەندامی ئەو لیژنەیە نەک سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت لە سلێمانی".

جەعفەر ئیبراهیم، تەواوی زانیاریەکانی (رووداو)ی پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند" ئەو لیژنە باڵایەی لەو 6 کەسەی یەکێتی و پارتی و بەرپرسی چەند حیزبێکی دیکە پێکهاتووە، سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن و ئەوەش راست نییە کەدەگوترێت مام جەلال لە کەرکووک و کاک نێچیرڤان و کاک کۆسرەت رەسوڵ لەهەولێر و کاک مەسعود بارزانی و کاک مەسرور لە دهۆک سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن".

پەرلەمانتارانی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، 100 ملیۆن دیناریان بۆ کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمانی عێراق تەرخانکردووە، تاوەکو بانگەشەی هەڵبژاردنی پێ بکەن. مستەفای سەید قادر، کە یەکێکە لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، گوتی بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردن پارەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەک دیاری نەکراوە"بەڵام کەسانێکی زۆر ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هاوکاریمان بکەن".

3



## دەسەڵاتەکانی عەلی باپیر کەمدەکرێنەوەو دەچێتە بەغدا

**تایبەت بە رووداو**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کە سەرۆکایەتی لیستی حیزبەکەی دەکات لە هەولێر، دەیەوێ بچێتە بەغدا و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵیش دەڵێ لەوانەیە لە کۆنگرەدا هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بدرێنە مەکتەبی سیاسی.

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان دەڵێ، عەلی باپیر وەک نەوشیروان مستەفا و سێ سەرکردەی دیکەی گۆڕان لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردیان، دەست لەکار ناکێشێتەوە، زانا رووستایی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ ئەگەر ئەمیرەکەیان بۆ پەرلەمانی عێراق دەربچێ " دەچێتە بەغداو لەوێ خۆی بۆ کاری پەرلەمانتاری تەرخان دەکات"، گوتیشی "پێویستە هەموو لیستەکان ئەم جارە سەرکردە بنێرنە پەرلەمانی بەغدا، بۆ ئەوەی قورسایی کورد لەبەغدا بخرێتەگەڕ و چیتر کێشەکان درێژە نەکێشن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ رەتیدەکاتەوە کە چوونی عەلی باپیر بۆ بەغدا، بۆشاییەک لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵ دروست بکات و دەڵێ "بەو نزیکانە کۆنگرە دەبەستین، لەکۆنگرەدا لەوانەیە هەندێک لەدەسەڵاتەکانی ئەمیر بدرێتە مەکتەبی سیاسی، بۆخۆشی ئەوەی پێخۆشە ". هەروەها دەڵێ چوونی عەلی باپیر بۆ بەغدا دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی زیاتر "لەوێ دەرفەتی باشتری لەبەردەستدا دەبێت تاوەکو پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و لایەنە عێراقییەکان بەهێزتر بکات ".

## وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا:



## ئامادەم بچمە بەردەم دادگا و پەرلەمان

**رووداو-هەولێر**

د.کەمال کەرکووکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "ناکرێ چاوپۆشی لە کێشەی زانکۆ ئەهلییە داخراوەکان بکرێ و کەس سزا نەدرێ"، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵاش ئامادەیی خۆی نیشاندا بچێتە بەردەم دادگاو پەرلەمان.

دوای ئەوەی د.دلاوەر عەلائەدین، وەزیری خوێندنی باڵا لە 2009/12/12دا دەوامی چوار کۆلیژی پزیشکی ئەهلی راگرت و ماوەی یەک مانگ مۆڵەتی پێدان تا مەرجەکانی وەزارەت جێبەجێ بکەن، رۆژی 2010/1/23 سێ لەو کۆلیژانەی بەتەواوی داخست، بەوهۆیەشەوە 250 قوتابی وەرگیراو لەو کۆلیژانە سەرگەردان بوون و دوای بێ ئومێدبوون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە خۆپیشاندان چوونە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

ئەو کۆلیژانە لەسەردەمی وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا، د.ئیدریس هادی، دامەزراون، بەڵام د.ئیدریس هادی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو کۆلیژانە بەپێی رێسا و رێنماییەکان مۆڵەتیان پێدراوە"بەڵام ئەمڕۆ کە کەموکورتی هەیە پەیوەندی بە منەوە نییە". ناوبراو ئامادەیی خۆشی نیشاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە و گوتی "ئامادەم بچمە بەردەم پەرلەمان و دادگا و روونکردنەوە بدەم و لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێت".

وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا پێیوایە هەق نییە هەندێ کەموکورتی سادە بکرێتە هۆی داخستنی ئەو کۆلیژانە "ئەگەر کۆلێژێک 80%ی رێنمایی و مەرجەکانی جێبەجێ کردبێت مانای ئەوە نییە دایبخەی، دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزیەوە کە کەموکورتییەکانی دیکەی نەهێڵێ"، گوتیشی "وەزیر دەبێت خەمخۆری میللەتەکەی بێت و سەرپێیانە بڕیار نەدات".

د.نوری هەرزانی، بەڕێوەبەری گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند ئەو قوتابیانە سێ بژاردەیان بۆ خراوەتەڕوو "بچنە ئەو کۆلیژ و بەشانەی پێشتر لێی وەرگیرابوون لە زانکۆ حکومییەکان، یان بچنە کۆلیژی ددانی زانکۆی ئیشق، یان کێ ئارەزووی لێبێت دەتوانێ تەنازول بکات و بچێتە زانکۆ ئەهلییەکانی دیکە". بەڵام شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەو چارەسەرەی وەزارەتی بە "نەگونجاو" داناو، گوتی " دەبێ بە چارەسەرێکی گونجاوتر ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە".

16

## عەلی کیمیاوی بەبێدەنگی شاردرایەوە...

14



عەلی کیمیاوی لە گوندی عۆجە لە تەنیشت مستەفای کوڕی قوسەی نێژرا (فۆتۆ:AFP)

## باوکێک سەربڕینی کچەکەی دەگێڕێتەوە

**رووداو-هەڵەبجە**

لە گوندێکی سنووری هەڵەبجەی شەهید باوکێک بە چەقۆ کچەکەی سەردەبڕێ و لە چاڵێکدا دەیشارێتەوە، دوای مانگێک رووداوەکە ئاشکرا دەبێ و هێزەکانی ئاسایشی شارەزوور تاوانبارەکە دەستگیر دەکەن.

باوکی کچەکە کە ئێستا لەگەڵ ژنەکەی و کوڕێکی لە زیندانن، هۆکاری سەربڕینی کچەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "کچەکەم زۆر سەرەڕۆ بوو، هەرگیز ئامۆژگاریی نەدەچووە مێشکی، هەرچی ئارەزووی لێبووایە دەیکرد، بێ ئەوەی بایەخ بەدەرەنجامی ئەو کارانە بدات، چەندین جار ماڵی جێهێشت"، بەڵام کەسێکی نزیکی بنەماڵەی ئەو پیاوە قسەکانی رەتکردنەوە و گوتی "ئەو باوکێکی زۆر تووڕەبوو، ئەوەندەی ئاگاداربووین لەگەڵ خێزانەکەی بەگشتی کەسێکی توندوتیژبوو، بۆیە کچەکەی چەند جارێک ماڵی بەجێهێشت".

ئەو پیاوە کە ئاژەڵدارو جوتیارە باسی چۆنیەتی کوشتنی کچەکەی خۆی کردو گوتی "لە دووری ماڵی خۆمان، خەریکی چاندنی پیازبووم، ئەویشم لەگەڵ بوو، من هەرچیم دەگوت ئەو وەڵامی دەدامەوە، تا پەلاماری دام و دەستی نایە بینم و ویستی بمخنکێنێ، منیش کە بەڕۆژوو بووم و تەواو تووڕەو ماندووبووم، بۆ ئەوەی بیترسێنم چەقۆیەکم لێدا، کەچی بەرملی کەوت. ئیدی لەوێدا مرد". ئەو پیاوە ئێستا چاوەڕێی حوکمی دادگایە و، دەڵێ هاوسەر و کوڕەکەم هیچ دەستیان لە کوشتنی (ژ)دا نەبووە.

12

## گۆڕان ئامادەنییە لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح دابنیشێ

**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان دانیشتن لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت رەتدەکاتەوە، بەڵام د.فوئاد مەعسوم دەڵێ لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان پێشبینی دەکات یەکێتی و گۆڕان لە بەغدا دابنیشن.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسگ)، نەوشیروان مستەفا وەڵامی ئەو پرسیارەی رۆژنامەکەی نەدایەوە کە ئایا ئامادەن لەگەڵ د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەت دابنیشن، دوای ئەو نامەیەی لەسەر ئاڵۆزی و توندییەکانی مانگی رابردوو لە سلێمانی. نەوشیروان مستەفا بێ ئەوەی هیچ لەبارەی ئەو دانیشتنەوە بڵێ، دەڵێ هەرچەندە دەستدرێژیکردن گەیشتە رادەی تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانیان "لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا هیچ جدییەتێک لە بەدواداچوونی دەستدرێژیکاران نابینین". بەڵام لە بارەی دانیشتن لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح، کەسی دووەمی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو وەڵامەی دایەوەو گوتی "ئێمە لەگەڵ کەسێک دانانیشین کە دەسەڵاتی نەبێت". محەممەد تۆفیق رەحیم، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتیشی "تائێستا داوای گفتوگۆی لەو جۆرەمان لێنەکراوە". بەڵام د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، لیستە براوەکان لە بەغدا گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانی و دروستکردنی حکومەت دەکەن و پێشبینی دەکات ئەوکات گفتوگۆی راستەوخۆ لە نێوان گۆڕان و یەکێتی بێتە کایەوە. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، ئێمەش گلەییەکی زۆرمان لەگۆڕان هەیە "ئەی ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارەی کە رۆژانە جنێو بەیەکێتی دەدەن مایەی گلەیی نین". هەروەها پێشیوابوو کە هەردوولا دەتوانن لەو جۆرە گفتوگۆیەدا دۆخەکە ئاسایی بکەنەوەو کێشەکانیان بە لایەکدا بخەن"هەرچەندە دانیشتنەکان بۆ پرسی هاوپەیمانی و شێوازی کارکردنی لیستە کوردییە براوەکان دەبێت لەپەرلەمانی عێراق، بەڵام دەتوانین باسی کێشەکانی نێوان خۆشمان بکەین".

## پارێزگاری هەولێر:

## ئاگام لەدانانی قایمقامی نوێی کۆیە نەبوو

**رووداو- هەولێر**

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەڵێت کاروبارە ئیدارییەکان و پەرەپێدانی قەزای کۆیە، گەڕاونەتەوە سەر پارێزگای هەولێر، بەڵام دانانی قایمقامی نوێ لەو قەزایە لەلایەن یەکێتییەوە بووەو ئەو ئاگاداری ئەو گۆڕینە نەبووە.

پارێزگاری هەولێر لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، لەگەڵ ئەوەی رایگەیاند کە ئێستا کۆیە سەر بەپارێزگای هەولێرەو هەموو کاروبارە ئیدارییەکان و پەرەپێدانی ئەو قەزایە گەڕاوەتەوە سەر هەولێر، بەڵام گۆڕینی قایمقام هێشتا هەر بەبڕیاری سیاسی دەکرێ و گوتی " گۆڕینی قایمقام لای ئێمەوە نەبوو. خۆیان دایاننا".

پارێزگاری هەولێر راشیگەیاند کە 85%ی کارەکانی ماستەرپلانی نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر تەواوبووەو 15%ی ماوە. گوتیشی "بەشێکی گرنگی ئەو ماستەرپلانە، کۆکردنەوەی دۆکومێنت و زانیاریی مێژوویی لەبارەی قەڵات". هەروەها ئاشکراشی کرد کە یەکێک لەو دۆکومێنتە گرنگانەی بەردەست کەوتووە، تابلۆیەکە لە مۆزەخانەی لۆڤەر دۆزراوەتەوەو بەپێی تابلۆکە، دواین حاکمی ئیمپراتۆرێتی مادەکان کە بەدەستی داریوشی یەکەم لەسێدارەدراوە، حاکمی قەڵات بووە.

پارێزگاری هەولێر پتر لەبارەی نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنەوارە مێژووییە قسەی کردو دەرگاکەی ئێستای قەڵاتی بە "گەورەترین دایناسۆر" ناوبرد کە لەگەڵ دەستکردن بەنۆژەنکردنەوە هەڵدەگیرێ. لەوبارەوە گوتی "گەورەترین دەستدرێژی کە کرابێتە سەر قەڵات، ئەو دەرگایەیە".

لەبەشێکی دیکەی ئەو هەڤپەیڤینەدا، نەوزاد هادی، باسی لەفڕۆکەخانەی نوێی هەولێر کرد کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ ببێتە ناوەندێکی گرنگی ترانزێت لەنێوان گەشتە ئاسمانییەکانی ئەوروپا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا.

نەوزاد هادی بەگەشبینییەوە گوتی کە بۆ ئەو گەشتانە "فڕۆکەخانەی هەولێر بۆ ئەوە دەست دەدات ببێتە خاڵی ترانزێت" هەروەها گوتیشی "لەو رووەوە هەولێر لەدوبەی شیاوترە. چونکە سەعاتی فڕین کەمتر دەکاتەوەو لەچاو دوبەی دوو سەعات کەمتری دەوێ، کۆمپانیاکانیش حسابی قازانجی خۆیان دەکەن". هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوە "هێزێکی ئابووریی باش دەداتە هەولێر و فڕۆکەخانەی نوێش بەو گەورەیی و فراوانییەی کە دروستکراوە هەر بەو نیازە کراوە".

8

# ڕاپۆرتە هەواڵ

## عێراق داوای دەستگیرکردنی ساختەکارێک لە کوردستان دەکات


ئەحمەد بەڕاک

ڕووداو-المدی

بە پێی قسەکانی ئەحمەد بەڕاک، سەرۆکی دەستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکایەتی لە عێراق، کەسێک بەناوی عەبدوڵڵا حەسەن محێدین لەگەڵ پارێزەرێکدا کە بروانامەکەی ساختەیە، کردەیەکی ساختەکاریان لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرەی کازمییەی بەغدا ئەنجامداوەو، بڕی 4 ملیار و 862 ملیۆن و 400 هەزار دینار وەک قەرەبوو وەرگرتووە، بەڵام پاشان دەرکەوتووە ئەو کەسە ساختەی کردووە، بۆیە وەزارەتی دادی عێراق بە فەرمانێکی فەرمی داوا لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەکات ئەو کەسە دەستگیر بکەن، چونکە بە پێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستانە.

### ئاسایش هەڵدەکوتێتە سەر بارەگایەکی بزووتنەوەی گۆڕان

# "گۆڕان مۆڵەتی نییەو نابێ بەچەکەوە بێنە بەر دەرگا"

**ڕووداو- سلێمانی**

هێزێکی ئاسایش چوونە سەر بارەگای سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری خانەقین و بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەر دوو پارچە چەکی پاسەوانەکانی ئەو بارەگایەدا گرت. هەڵسوڕاوێکی گۆڕان لەخانەقین دەڵێ "ئەو هێزەی ئاسایش کە بەڕێوەبەرەکەیشیان لەگەڵدا بوو، هیچ فەرمانێکی دادوەریان پێ نەبوو".

عەلی حوسێن، کادیری گۆڕان لە خانەقین لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی بەرپرسی ئاسایشی خانەقین لەگەڵ 20 چەکداری دەموچاو داپێچراوی ئاسایش چوونەتە سەر بارەگاکەیان لەنێو شاری خانەقین"ئاسایش بەوە تۆمەتبارمان دەکات کە گوایە چەک و تفەنگمان بەسەر لایەنگرانماندا لەخانەقین دابەشکردووە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە و بەهیچ شێوەیەک چەکمان نەداوەتە لایەنگرانمان چونکە پێویستمان بەچەک نییە".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ئاسایشی خانەقین کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "چوونەکەمان بۆ ئەوەبووە ئاگاداری بزووتنەوەی گۆڕان بکەین چەک هەڵنەگرن و بەچەکەوە نەچنە بەردەرگا بۆ پاسەوانی، چونکە بزووتنەوەکەیان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتی ڕەسمی نییە"، سەرچاوەکە گوتیشی "ڕێگە بەکەس نادەین بەبێ مۆڵەت چەک هەڵبگرێ".



عەلی حوسێن، کادیری گۆڕان لە خانەقین (فۆتۆ:ڕووداو)

# وەزارەتی پەروەردە 32 ملیۆن دیناری دیکە بۆ سەرپەرشتیارانی چاپی کتێبەکانی خوێندن خەرج دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی پەروەردە بڕی 32 ملیۆن و 946 هەزار دینار وەک مافی سەرپەرشتیی زانستی چاپی پەرتوکەکانی خوێندنی 2009-2010 بۆ 15 مامۆستاو سەرپەرشتیارو شارەزای پەروەردەیی خەرج دەکات، ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشتریش و هەر بۆ هەمان مەبەست بڕی 85 ملیۆن دینار لەلایەن ئەو وەزارەتەوە بۆ پێنج بەڕێوەبەری سەر بەوەزارەت خەرج کراوە، بەمەش کۆی ئەو پارەیەی تائێستا وەک پاداشت و کرێ بۆ سەرپەرشتی چاپی کتێبەکان خەرج کراوە دەگاتە 117 ملیۆن دینار.

وەزارەتی پەروەردە، بەنووسراوی ژمارە (20151) کە لە 2009/12/29 دەرچووەو لوتفی سدیق محەممەد بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەت واژۆی کردووە، بڕیاری لەسەر خەرجکردنی ئەو پارەیە داوە. لوتفی سدیق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لەوبارەوە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە ئەم 32 ملیۆن دینارە پەیوەندیی بەو 85 ملیۆن دینارەی پاداشتەوە نییە کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن وەزارەتەوە بۆ چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی خەرجکراو گوتی "ئەمە کرێی ئەو کەسانەیە کە ڕۆژانە کاریان کردووەو پاداشت نییە".

پێشتر ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی 85 ملیۆن دینارەکەیان وەک پاداشت وەرگرتبوو، ڕوونکردنەوەیان دا کە ئەو پارەیە تەنیا بۆ بەڕێوەبەرەکان خۆیان نییەو بەڵکو بۆ کارمەندانی هەموو بەشەکانیانە، بەڵام زۆرێک لەکارمەندانی نێو وەزارەت ڕەتیانکردەوە کە هیچیان لەو پارەیە وەرگرتبێ.



| هەرێمی کوردستان - عێراق | | إقليم كوردستان - العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | IRAQI KURDISTAN REGION | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی پەروەردە | COUNCIL OF MINISTERS | وزارة التربية |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان | MINISTRY OF EDUCATION | المديرية العامة للديوان |
| بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری | | مديرية الحسابات |

ژمارە: ٢٠١٥١ العدد:

بەروار: ٢٩ / ١٢ / ٢٠٠٩ زایینی التاريخ: / / ٢٠٠٩

/ سەرماوەرز/ ٢٧٠٩ کوردی

فەرمانی وەزاری

بریار درا بە خەرج کردنی بری(٢٧٩٩٦٥٠٠) تەنها بیست و حەفت ملیون و نۆسەد و نەوەت شەش هەزار و پێنج سەد دینار خەرج مافی سەرپەرشتی زانستی چاپی پەرتووکەکانی خوێندنی سالی(٢٠٠٩ - ٢٠١٠) بۆ ئەم ئەم بەرێزانەی ناویان لە لیستی هاوپێچدا هاتووە . لەسەر بودجەی دیوانی وەزارەت سالی٢٠٠٩ بەشی(٢) ئاستی(٢-٢-١-١٣-٢) (الطبع) بەرێز (وەیسی صالح حمد امین) رێگە پێدراوە بە وەرگرتنی .....

### لەلایەن ئەوقافی دهۆکەوە درایە دادگا

# ڕۆژنامەی (چاڤدێر) دەرگاکەی دادەخات

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**ڕووداو-دهۆک**

دوای بڵاوبوونەوەی پارچە شیعرێکی هۆشەنگ شێخ محەممەد بە نێوی (ئەز دئەیفۆرەکیدا) لە ژمارە 102ی ڕۆژنامەی (چاڤدێر) کە لە دێرێکیدا ڕاستەوخۆ باسی هەندێ بەشی جەستەی مرۆڤ و ئامرازی نێرینەی پیاو دەکات لەگەڵ منارەدا، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک سکاڵایەکی لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار کردو، دەرگای ڕۆژنامەکە بۆ ماوەیەکی نادیار داخرا.

ڕۆژنامەی (چاڤدێر)، دەستەخۆشکی ڕۆژنامەی چاودێر کە بە سۆرانی لە سلێمانی دەردەچێ و مەلا بەختیار سەرنووسەریەتی، لە دهۆکیش بە بادینی دەردەچێ عەبدولڕەحمان بامەڕنی، سەرنووسەری (چاڤدێر) لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە لە ڕۆژنامەکەمان بە هەڵە لێکدانەوە بۆ چەند دێرێکی کراو چەند مەلایەک لە دهۆک ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و سکاڵایان لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار کرد، ئێمەش داوای لێبووردنمان کردووە".

سەرنووسەری ڕۆژنامەکە گوتیشی "ئێمە هەموومان موسڵمانین، ڕێزمان بۆ ئاینی خۆمان هەیە، هیچ جارێک هەوڵمان نەداوە، لاپەڕەی ڕۆژنامەکەمان بۆ بابەتێک تەرخان بکەین کە لەگەڵ ئاینی ئیسلام نەگونجێ و، تەرخانیشی ناکەین".

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکە، سەرنووسەری چاڤدێر گوتی "هەر شیعرێک کە دەنووسرێ، زۆر مانا لە خۆ دەگرێ، ئێمە ڕاستی مانای شیعرەکەمان لەلایەن هۆزانڤانەکەوە بۆ یەکێتی زانایان ڕوونکردەوە، بەڵام چەند وشەیەکی نێو شیعرەکە دیارە لەلایەن یەکێتی زانایان تەفسیری دیکەی بۆ کراوە، بۆیە ئەوان سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووین، ئێمەش ناچار بووین بۆ ماوەیەکی نادیار دەرگای ڕۆژنامەکەمان دابخەین".

نەسرەت محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو شیعرەی لە ڕۆژنامەی (چاڤدێر) بڵاوکراوەتەوە، ڕەمزی ئاینی بە هەندێک شتی بێ مانا چوواندووە، بۆیە ئێمەش سکاڵایەکمان لە دادگا لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار کرد".

هەرلەوبارەیەوە ئیسماعیل تاهیر، بەرپرسی لقی دهۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە دەرگای ڕۆژنامەی (چاڤدێر) داخرابێ و گوتی "هیچ هێزێک ناتوانێ دەرگای ڕۆژنامە دابخات". ناوبراو گوتی "ئەو سکاڵایەی ئەوقافی دهۆک پێشکێشی دادگای کردووە، سکاڵایەکی یاساییە و ئێمەش بەدواداچوونی بۆ دەکەین و پارێزەر بۆ ڕۆژنامەکە دەگرین، بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری داکۆکی لە ڕۆژنامەی چاڤدێر دەکەین، نابێ ئەو ڕۆژنامەیە دابخرێ، تەنیا دەتوانرێ غەرامە بکرێ".

ڕۆژنامەی چاڤدێر هەر 15 ڕۆژ جارێک بە 12 لاپەڕە بە شێوەزاری کرمانجی سەروو لە سنووری پارێزگای دهۆک چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

# کامیل و قەدریە لەبەر هەژاری خۆیان دەکوژن

**ئاکۆ شوانی**
**ڕووداو-چەمچەماڵ**

پیاوێک دوای ئەوەی ژنەکەی خۆی کوشت، بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆیشی هێنا. دراوسێیەکی ئەو ژن و مێردە ڕایگەیاند "ئەوان لەبەر برسێتی خۆیان کوشت". بەڵام برایەکی ژنە کوژراوەکە دەڵێت "مێردی خوشکەکەم نەخۆشی دەروونی هەبوو".

ڕۆژی 2010/1/28 لە گوندی شۆڕاوی سەر بە ناحیەی تەکیەی قەزای چەمچەماڵ، پیاوێک بەناوی (کامیل محەممەد)، هاوسەرەکەی خۆی کە ناوی (قەدریە حەمید)بوو کوشت، دوای ئەویش گوللەیەکی بە سەری خۆشیەوە ناو خۆشی کوشت. دوای خۆشیان 6 منداڵیان جێهێشت بەناوەکانی : (چاوان، سەنا، ئەسما، سەیران، گەیلان، محەمەد)، کە دوو لەو منداڵانە نەخۆشن.

دوای ڕووداوەکە، خەڵکی ناوچەکە لێکدانەوەی جیاجیان بۆ کرد. ڕێبوار حەمید، کە برای قەدریەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مێردی خوشکەکەم نەخۆشی دەروونی هەبوو، گوللەیەکی لەدەست دەرچووەو بەر خێزانەکەی کەوتووە، دواتر خۆیشی کوشتووە".

دانیشتوویەکی گوندی شۆڕاوە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی ئەو خێزانە لەڕووی داراییەوە زۆر هەژارن"ساڵی ڕابردوو، ئەو پیاوە هەوڵی خۆکوشتنی داو بریندار بوو. ماوەیەکیشە باسی ئەوە دەکات کە خۆی دەکوژێت". بە قسەی ئەو هاووڵاتییە "ژنەکە بەمێردەکەی گوتووە کە دەبێ ئەویش بکوژێت، چونکە بەتەنها ناتوانێ ئەو خێزانە بەڕێوەببات. بۆیە ڕەنگە هەردووکیان ڕێککەوتبن لەو ڕۆژەدا خۆیان بکوژن". لێدوانی ئەو هاووڵاتییە تارادەیەک لەڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی چەمچەماڵەوە نزیکە، چونکە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە "ژن و مێردەکە هەریەکەیان گوللەیەکی بەر سەری کەوتووە".

هەریەک لەبەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ، عەمید دارا عەبدوڵڵا و سەرۆکی دادگای چەمچەماڵیش دادوەر عومەر ساڵح، بۆ (ڕووداو)یان ڕوونکردەوە تائێستا هیچ کەسێک سکاڵای تۆمارنەکردووەو هیچ کەسێکیش لەسەر ئەو کێشەیە دەستگیرنەکراوە.

برای ژنە کوژراوەکە، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئاوڕ لەو خێزانە بداتەوەو هاوکاریان بکات، چونکە "دوو منداڵی نەخۆشیان لەپاش بەجێماوە، پێویستیان بەهاوکارییە".

# پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکەنەوە کە پارە بدەنە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## حکومەتی هەرێمی کوردستان: ئەوە بیانوویێکە بۆ تۆپبارانکردنی هەرێمی کوردستان

**ڕووداو-هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە هیچ یاسایەکی لە پەرلەمانی کوردستان دەرکردبێ بۆ تەرخانکردنی بودجە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای ئەوەی ماڵپەڕی تابناک، کە سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بڵاویکردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بوودجەیەک بۆ حیزبە کوردییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی تەرخان دەکات، هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەواڵەکەیان ڕەتکردەوە.

کاوە مەحموود، وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و ڕەتیکردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات. گوتیشی "ئەوە زیاتر وەک بیانوویەکە بە دەست کۆماری ئیسلامییەوە تاوەکو هەرێمی کوردستان تۆپباران بکات، بۆیە داوا لەحکومەتی ناوەندیی عێراق دەکەین لەڕێگەی دیپلۆماسی ڕێ لە تۆپبارانکردنی سنوورەکانمان بگرێت".

هەروەها د.کەمال کەرکووکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەواڵی ئەو ماڵپەڕە ئێرانییەی ڕەتکردەوەو، ڕایگەیاند "لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکارییەکی دارایی بۆ پارت و ڕێکخراوە دەرەکییەکان پێشنیاز نەکراوە".

بەهەمان شێوە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەتیانکردەوە کە تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی دابن و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەش بە بیانوویەک دەزانن تاوەکو کۆماری ئیسلامی ئێران گوشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان ئەو هەواڵە بە پاساوێک دەزانێ بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی سنوورەکان تۆپباران بکات و گوشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، پرسیاری خستە سەر سەرچاوەکانی ئەو هەواڵە و گوتی "ئەوەی لەو هەواڵەدا وەک سەرچاوە بەکارهێنراوە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستانن، ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن با بێن ناوی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بێنن".

بەپێی لیستێک کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاوکرایەوە، ژمارەیەک حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانگانە پارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن.

### "بەشی بەنزین و خواردنیان ناکات"

# لیستی هاوپەیمانی 1000 دۆلار دەداتە پاڵێوراوەکانی

**هێمن بابان**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرچاوەیەک لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لیستەکەیان بڕی 1000 دۆلار دەداتە هەر پاڵێوراوێکی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و، ئەو سەرچاوەیە دەڵێ " ئەو بڕە پارەیە بەشی بەنزین و خواردنی ئەو پاڵێوراوە ناکات".

عەباس عومەر محەممەد، ئەندامی سکرتارییەتی باڵای هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا و نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی لەو سکرتارییەتەدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە کۆبوونەوەی مەلا بەختیاردا لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی نێو لیستی هاوپەیمانی، بڕیاردراوە هەر پاڵێوراوێکی لیستەکە بڕی هەزار دۆلاری بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکەی بۆ خەرج بکرێت، بەڵام هێشتا ئەو پارەیە خەرجنەکراوە". عەباس عومەرگوتیشی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی لایەنەکانی هاوپەیمانی لە خزمەت سەرجەم پاڵێوراوەکاندا دەبن بۆ بانگەشەکردن.

نوێنەرەکەی بزووتنەوە ئەو بڕە پارەیەی زۆر پێ کەم بوو، بەڵام ئاماژەی بۆ بیانووی لیستەکە کرد کە گوایە پاڵێوراو لە لیستی کراوەدا زیاتر بۆ خۆی کاردەکات، عەباس عومەر گوتی "ئەو پارەیەمان زۆر پێ کەمە، بەتایبەت سنووری پارێزگایەکی وەک سلێمانی زۆر فراوانە و ئەو بڕە پارەیە بەشی خواردن و بەنزینی پاڵێوراوەکانیش ناکات".

نوێنەرەکەی بزووتنەوە لە سکرتارییەتی باڵای هاوپەیمانی لەبەغدا جەختیشیکردەوە لەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی بەشداریکردنیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی ئەوەبووە ئەوان لەڕووی داراییەوە هاوکاریی بزووتنەوە و پاڵێوراوەکانی بکەن، بەڵام هاوکارییەکە بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕوان دەکرا.

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بە 365 پاڵێوراو لە 13 پارێزگای عێراقدا لیستی دەبێت بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە 2010/3/7دا.

### دوای بڵاوبوونەوەی دۆسیەکەیان لە (ڕووداو)

# 9 نەوجەوانی گرتووخانەی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر دادگایی دەکرێن

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

دوای بڵاوبوونەوەی دۆسیەکەیان لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا، 9 نەوجەوان لەو 16 نەوجەوانەی کە بۆ ماوەی 16 مانگ ڕاگیرابوون، برانە بەردەم دادگا.

ئەو نەوجەوانانە، کە بە تۆمەتی جۆراو جۆر دەستگیرکراون، بەپێی یاسا دەبێ لە ماوەی 6 مانگدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و دادگایی بکرێن، بەڵام هەر یەکەیان 10 مانگ بەسەر ماوەی یاسایی ڕاگیرانەکەیان تێپەڕیبوو بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن.

سەرچاوەیەک لە گرتووخانەی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە بارەی ئەو نەوجەوانانە لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا، 9 لەو نەوجەوانانە برانە دادگا و یەکەم دانیشتنی دادگایان بۆ سازکرا"، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "پێشتر چەندین جار نووسراوی فەرمی ئاراستەی لایەنی پەیوەندار کرابوو بۆ دادگاییکردنی ئەو نەوجەوانانە، بەڵام وەڵامیان نەدەدایەوە". سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد " ئەو 9 نەوجەوانە لە ماوەی 3 ڕۆژی دەوامی فەرمی حکومەت 2 جار براونەتە بەردەم دادوەر".



## ڕاپۆرت

**بڕینی 10 % مووچەی پلە بەرزەکان دروست نییە**

ڕووداو-هەولێر

عومەر سدیق هەورامی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مادەی 13 لە پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، کە حکومەت داویەتییە پەرلەمان و تایبەتە بە بڕینی %10ی مووچەی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان و بریکار و راوێژکارەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی لەو پلەیدان " دروست نییە، چونکە ئەو پرۆژەیە یاسایە تەنیا بۆ یەک ساڵە و ئەوە دەبێ بە پرۆژە یاسایەکی تایبەت بکرێت". ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی پەرلەمان گوتیشی ئەو لەگەڵ دەرچوونی یاسایەکی وایە " کە خاوەن پلە تایبەتەکانی دەسەڵاتی دادوەریش بگرێتەوە، کە حکومەت لە پرۆژەی یاسای بودجەدا باسی ئەوانیشی نەکردووە".

## بارزانی و تاڵەبانی سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی هیچ پارێزگایەک ناکەن

# نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-سلێمانی**

یەکێتی و پارتی لیژنەیەکی باڵایان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن پێکهێناوە کە هیچ بەرپرسێکی باڵای یەکێتی و پارتی تێدا نییەو، هیچ کام لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بەتەواوی سەکردەکانیەوە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕۆژی 2010/2/7ی بە ڕۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی لیست و پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 2010/3/7 دیاریکرد.

### سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لە لیژنەکاندا نین

بەرپرسێکی یەکێتی، ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە ئێستا لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا بۆچوونێک هەیە کە ئەگەر گۆڕان ئەم جارە وەک جاری پێشوو کورسی بێنێت یان زیادی بکات و یەکێتیش هەمان ئەنجامی هەبێت یان خراپ ببێت، ئەوا ڕەوشی یەکێتی زۆر خراپ دەبێت و تەواو لاوازدەبێت و ئەگەری لەدەستدانی پارتی هاوپەیمانی هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێتی باشتربێت لە گۆڕان و گۆڕان کەمتر لەجاری پێشوو دەنگ بێنێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە گۆڕان لەهێزێکی کوردستانییەوە ببێتە هێزێکی ناو پارێزگای سلێمانی، ئەو هێزەش نەتوانێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا کاریگەری هەبێت.

ئەمە گوتەی بەرپرسێکی ئاگادارە لەناو سەرکردایەتی یەکێتی، بۆیە دەبێ یەکێتی هەموو هێزێکی خۆی بەگەڕبخات بۆ ئەوەی لە قورسترین تاقیکردنەوەیدا دەربچێت.

هەرچەندە لە ڕابردوودا ئەوە بڵاوکرایەوە کە مام جەلال، سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک و کۆسرەت ڕەسوڵ سەرپەرشتی پارێزگای هەولێر و هێرۆخان سەرپەرشتی پارێزگای سلێمانی دەکات، بەڵام بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) هیچ کام لە تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ نەک سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردنی هیچ پارێزگایەک نین، بەڵکو سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردنی کوردستانیش نین.

بۆ پارتی و یەکێتی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ، چوار کەسن کە زۆرترین پێگەی جەماوەرییان هەیەو بەشداریکردنیان کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا. بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی ئاگاداری لیستی هاوپەیمانی کوردستان هیچ کام لەو چوار سەرکردەیە سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن"لیژنەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی لە شەش کەس پێکهاتووە لە پارتی: عێزەدین بەرواری، محەممەدی مەلاقادر، جەعفەر ئیبراهیم. لەیەکێتیش : مەلا بەختیار، عەدنان موفتی، شۆڕش ئیسماعیل و لەحیزبەکانی دیکەی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتیش 2 ئەندامی سەرکردایەتی لە لیژنەکەدان". ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد لیژنەی دووەمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش کە لە ئاستی لق و مەڵبەندەکاندایە" لەهەموو پارێزگایەک بەرپرسی لق و مەڵبەند و بەرپرسانی حیزبی لایەنە هاوپەیمانەکانی دیکە لەو پارێزگایەدا، هێرۆخانیش وەک بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی ئەندامی ئەو لیژنەیە نەک سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت لە سلێمانی".

جەعفەر ئیبراهیم، تەواوی زانیاریەکانی (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوەو ڕایگەیاند" ئەو لیژنە باڵایەی لەو 6 کەسەی یەکێتی و پارتی و بەرپرسی چەند حیزبێکی دیکە پێکهاتووە، سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن و ئەوەش ڕاست نییە کەدەگوترێت مام جەلال لە کەرکووک و کاک نێچیرڤان و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لەهەولێر و کاک مەسعود بارزانی و کاک مەسرور لە دهۆک سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن".

جەعفەر ئیبراهیم، ئەوەشی خستەڕوو کە " کاک مەسعود و مام جەلال ئەگەری زۆر کەمە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن و لەوانەیە زۆر بەکەمی و لەکاتی پێویستدا وەک سەرۆکی پارتی و سکرتێری گشتی یەکێتی بەشداری بکەن، نەک وەک سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حیزبیش وەک کاک نێچیرڤان و کاک کۆسرەتیش لە شوێنێک پێویست بکات بەشداری دەکەن، ئەگینا بەرپرسی مەڵبەند و لقەکان سەرپەرشتیاری هەڵمەتی هەڵبژاردنن لەپارێزگاکان".

بەپێی گوتەی بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی، بۆ کاری ڕاگەیاندنیش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لیژنەیەک پێکهاتووە بەسەرۆکایەتی سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی و ئازاد جوندیانی بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی"ئەو لیژنەیە خۆیان بڕیاردەدەن لەچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بانگەشە بکەن و زیاتر بەپێی ئەو بودجەیە دەبێت کە بۆیان تەرخان دەکرێت، ئەوکاتیش بڕیار دەدەن کە تەنیا لەدەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکان دەیکەن یان لە دەزگاکانی دیکەش".



### پارەی یەکێتی و پارتی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن

بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، یەکێتی و پارتی بەسێ شێواز، سێ بڕە پارە تەرخان دەکەن، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان 2 ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە، هەر حیزبێکیش لە لیستەکەدا خۆی سەرپشکە لەوەی چۆن پروپاگەندە بۆ کاندیدەکانی دەکات و هەر کاندیدێکیش بڕە پارەیەکی بۆ تەرخاندەکرێت یاخود خۆی تەرخانیدەکات بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، ئاماژەی بەوەکرد کە لیژنەی باڵای هەڵبژارنی یەکێتی مەلابەختیار و عەدنان موفتی و شۆڕش ئیسماعل و ئازاد جوندیانییە.

سەعدی پیرە لەبارەی ئەو پارەیەشەوە کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکراوە دەڵێت"ئەو 2 ملیۆن دۆلارەی تەرخانکراوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ تەواوی پارێزگاکانەو بەش دەکات ئەگەر تەخشان و پەخشانی پێنەکرێت، بۆ بانگەشەی هاوبەشەو بۆ ڕاگەیاندن و کرێی هاتووچۆو چەند خەرجییەکی دیکەیە".

### سەرپەرشتیارانی گۆڕان

هەرچەندە پەرلەمانتارانی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، 100 ملیۆن دیناریان بۆ کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمانی عێراق تەرخانکردووە، تاوەکو بانگەشەی هەڵبژاردنیان پێ ئەنجامبدەن. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بزووتنەوەی گۆڕان گوتی، بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەرپرسانی باڵای بزووتنەوەکەی بەسەر چەند ڕایەڵەیەکدا دابەشکردووە، بۆ سلێمانی: عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی. بۆ گەرمیان : عوسمانی حاجی مەحمود. بۆ خانەقین: کوردۆ قاسم. بۆ ناوچەی پشدەر و بیتوێن: مەستەفای سەید قادر. بۆ کەرکووک: مام ڕۆستەم و جەلال جەوهەر. بۆ هەولێر: شۆڕش حاجی و سەفینی مەلاقەرە. بۆ کۆیە: عوسمان بانیمارانی. نەوشیروان مستەفاش خۆی سەرپەرشتی هەموو ناوچەکان دەکات.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ڕاگەیاند" جگە لەدانانی خێوەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەزۆربەی ناوچەکان، کۆبوونەوەی جەماوەری دەکرێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشەش بەتەواوی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخان دەکرێت".

مستەفای سەید قادر، کەیەکێکە لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی زۆرباش هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوە ببەین، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆبوونەوەمان نەکردووەو بەرنامەی هەڵمەتەکە بەتەواوی دانەنراوە کە کێ لەچ شوێنێک بێت و چۆن هەڵمەتەکە بەڕێوە ببەین".

گۆڕان، لەهەشت پارێزگای عێراق چاوەڕێیە کورسی بەدەستبێنێت و، بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردن تێچوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام مستەفای سەید قادر، دەڵێت" تاوەکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەکمان تەرخان نەکردووە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، چونکە ئێمە بودجەیەکی دیاریکراومان نییە، تاوەکو لێیەوە پارە تەرخانبکەین و دەشزانین بانگەشەی هەڵبژاردن پێویستی بە پارەیەکی زۆرە، بەڵام کەسانێکی زۆر ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هاوکاریمان بکەن، واتە سەرچاوەی دارایی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەم جارەمان بەتەنیا گۆڕانخوازانن".



**کاک مەسعود و مام جەلال ئەگەری زۆر کەم هەیە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن**

جەعفەرئیمینکی



**هەڵبژاردن پارەیەکی زۆری دەوێت و کەسانێکی زۆر ئامادەییان نیشانداوە هاوکاریمان بکەن**

مستەفا سەید قادر

**ئەگەر یەکێتی لەو هەڵبژاردنە سەربکەوێت و دەنگەکانی گۆڕان کەمبن گۆڕان دەبێتە هێزێکی ناو پارێزگای سلێمانی، بە پێچەوانەشەوە یەکێتی زۆر لاواز دەبێت**

سەرچاوەیەکی یەکێتی

**سەرپەرشتیارانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە لیژنەی باڵای لیستی هاوپەیمانی لە پارتی و یەکێتی :**

لە پارتی: عیزەدین بەرواری، محەممەدی مەلاقادر، جەعفەر ئیبراهیم.
لەیەکێتیش : مەلا بەختیار، عەدنان موفتی، شۆڕش ئیسماعیل . جگە لەبەرپرسی لق و مەڵبەندەکان و حیزبەکانی دیکە لەناوچەکان.

**سەرپەرشتیارانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی گۆڕان لە ناوچەکان:**

سلێمانی: عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی. گەرمیان: عوسمانی حاجی مەحمود. خانەقین: کوردۆ قاسم. پشدەر و بیتوێن: مستەفای سەید قادر. کەرکووک: مام ڕۆستەم و جەلال جەوهەر. هەولێر: شۆڕش حاجی و سەفینی مەلاقەرە. کۆیە: عوسمان بانیمارانی.

---

## یوست هیلتەرمان، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان:

# لەوانەیە کورد سەرۆک کۆماری لەدەستبدات چونکە زەحمەتە گۆڕان پشتیوانی لە مام جەلال بکات



**یوست هیلتەرمان، توێژەری سیاسی و بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیای کرایسس گرووپ، کە پێنج ساڵە لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەی کەرکوک و کێشەکانی دیکەی عێراق و کوردستان دەکات، لەو بڕوایەدایە لایەنە عەرەبییەکان پتر خۆیان لە لیستی گۆڕان نزیک دەکەنەوە نەک هاوپەیمانی کوردستان. هیلتەرمان سەرپەرشتی تیمێکی توێژەران دەکات کە توێژینەوە لەسەر پرسە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن، تائێستا چەندین ڕاپۆرت و ڕاسپاردەیان لەبارەی کێشەکانی کورد و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەسەر کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. لەو هەڤپەیڤینەدا، هیلتەرمان باسی ئەو هەڵبژاردنە و پێشبینییەکانی بۆ دوای ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق دەکات:**

**هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق**

**ڕووداو: پێتوایە ئەو هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی لە عێراق بگۆڕێ؟**

**هیلتەرمان:** دەبێ نەخشەکەی بگۆڕێت، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە بارودۆخێکی تەندروست دێتە ئارا.

**ڕووداو: پێتوایە دەنگدەری عێراقی ئەمجارەش لەسەر بنەمای ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی خۆی دەنگدەدات؟**

**هیلتەرمان:** زۆرینەی خەڵکەکە هێشتا لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ دەدات، کە ئەمەش جێی نیگەرانییە. ئایا دەبێ چەند کورد هەبن دەنگ بۆ حیزبێکی غەیرە کوردی بدەن؟

**ڕووداو: پێتوایە دوورخستنەوەی ساڵح موتڵەگ و سەدان پاڵێوراوی دیکەی سوننە لە هەڵبژاردنەکان، سوننە بخاتەوە سەر مێڵی هاوکاریکردنی قاعیدە و زیادبوونەوەی توندوتیژی لە عێراقدا؟**

**هیلتەرمان:** ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە کاندیدکراوەکان دووربخرێنەوە و زۆربەی ئەوانەش نوێنەرایەتی یەک نەتەوە یاخود یەک کۆمەڵە بکەن، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لایەنگرانیان وەڵامبدەنەوە، کە ئەمەش واتە دروستبوونەوەی شەڕو پێکدادان. ئەمەش جێی نیگەرانییە و دەبێ ڕێی لێبگیرێت.

**ڕووداو: هەستدەکرێ کورد بەگشتی هیچ گوتارێکی نییە بۆ دەنگدەری بەغدایی و بەسرایی و شارەکانی دیکە، پێتوایە کورد دەتوانێ چ گوتارێکی هەبێ کە دەنگدەری عەرەبیش ڕازیبکات دەنگی پێبدات و دەنگی دەنگدەرە کوردە شیعەکان و ئەوانی دیکەش مسۆگەر بکات؟**

### کورد یاری بە کارتی عێراقی دەکات

**هیلتەرمان:** ئەگەر کورد بیەوێ بەسەر عەرەبدا سەربکەوێ، دەبێ یەکلایی بکاتەوە کە ئامانجی کورد چییە؟ دەیەوێ وەک پارچەیەک لە عێراق بمێنێتەوەو یاری بە کارتی عێراق دەکەن، بەڕاستیش ئەو یاریە دەکەن. ئەمە تەنیا مەسەلەیە کە عەرەب گرنگی پێدەدات. هەر بۆیە مەسەلەی شاری کەرکووک ئەوەندە گرنگە. ئەوان پێیانوایە کە بەدەست هێنانی کەرکووک لە لایەن کوردەوە، دروستکردنی بناخەی هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆیی کورد.

**ڕووداو: لیستی گۆڕان کە خۆی بە لیستێکی کوردی تازە و گوتار تازە دادەنێ، ئەویش لە بەغدا تووشی وەستان بووە. ئەویش هەوڵدەدات لەوێ هەر بە ستایشکردنی ئیمامی عەلی دەنگ بەدەستبێنێ، ئایا گوتارێکی وا هیچ سوودێکی دەبێ بۆ کورد لە بەغدا و شوێنە هاوشێوەکانی؟**

**هیلتەرمان:** دەبێ چاوەڕێ بکەین و ببینین، ڕەنگە سیاسەتمەدارانی عەرەب گۆڕان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دووری بخەنەوە. ڕەنگە بەم شێوەیەش ئەوان لە باشوور دەنگ بێنن. بەڵام پێشبینی دەکەم کە دەنگەکە زۆر کەم بێت. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕان هەمان ستراتیژی هاوپەیمانی کوردستانی هەیە لەبارەی مەسەلە ستراتیژییەکان و ئەوان لە مەسەلە ناوخۆییەکاندا زۆرتر جیاوازییان هەیە.

**ڕووداو: جاری ڕابردوو کورد بە لیستێکی گەورە و یەکێکی بچووک بەشداری هەڵبژاردنەکانی بەغدای کرد، ئەوجارە پێنج لیستە، ئەوە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟**

**هیلتەرمان:** کێشەی سەرەکی بڕیارەکەی بزووتنەوەی گۆڕانە کە لیستێکی جیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دروستکردووە. ئەمەش هاوپەیمانی کوردی لە پەرلەمانی عێراق لاواز دەکات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی چەند پۆستێک. هەروەها جێگەی گومانە کە گۆڕان پاڵپشتی لە مام جەلال بکات تاوەکو لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، ئەگەر ئەوانیش پاڵپشتی نەکەن، ڕەنگە کورد ئەو پۆستەش لە دەستبدات.

**ڕووداو: کورد لە ساڵانی هەشتاکاندا زیاتر لە یەک ملیۆن کەسبوون لە شاری بەغدا، زۆر لە نێوەندە بازرگانییەکانی بەغدایان بەدەستەوەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کوردانی فەیلی (شیعە مەزهەبن) بە بێ ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێ هیچ لەگەڵ خۆیان ببەن بەرەو ئێران دەرکران . ئێستاش کورد ئەوەندەی ژمارەکەی دەنگ لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق ناهێنێ کە کوردی تێدا دەژین. پێتوایە لەبەرچییە؟**

### کوردە شیعەکانی بەغدا دەنگدەدەنە ئیئتیلاف و عەلمانییەکانیش دەیدەنە عەللاوی

**هیلتەرمان:** وادیارە زۆربەی کوردانی فەیلی دەنگ بە ئیئتیلافی یەکگرتوو دەدەن، یاخود مالیکی. لە ساڵی 2005 دەنگیان بە ئیئتیلاف دا. کوردە سوننەکانیش زۆربەیان دەنگ بە پارتە کوردییەکان دەدەن. کوردە بەغداییەکان بەشێوەیەکی گشتی عەلمانین و ڕەنگە دەنگ بە عەللاوی بدەن.

## ڕیپۆرتاژ

### 655 قوتابخانەی کوردی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەن



ڕووداو-بەغدا
حسێن جاف، بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی و نەتەوەکانی دیکە، لە کۆڕێکدا کە ماڵی کوردی و دەزگای شەفەق لە بەغدا، لە ڕۆژی 2010/1/30 سازیکرد، ڕایگەیاند " 655 قوتابخانەی کوردی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەن بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی". هەروەها گوتی توانیویانە خوێندنی زمانی کوردی بخەنە پرۆگرامی پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لەسەرتاسەری عێراق و، هەروەها هەندێ گۆڕانکارییان لە وانەی مێژوودا کردووە بە دانانی بابەت لەبارەی خەباتی شێخ مەحموود و مەلا مستەفا بارزانی. گوتیشی"هەوڵدەدەین هەموو بەڕێوەبەرێکی پەروەردە لە عێراق یاریدەدەرێکی کوردی هەبێت".



# عەلی قەرەداخی بۆ ناوبژیوانی حووسییەکان و حکومەتی یەمەن دەچێتە سەنعا

## عەلی قەرەداخی : لەبارەی زڕاندنی ناوی پێشمەرگە گلەیی کورد دەگەیێنمە حووسییەکان



**ڕووداو- هەولێر**

پرۆفیسۆر د.عەلی قەرەداخی سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامیی کورد، ڕایگەیاند کە بۆ ناوبژیوانیی و ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان حکومەتی یەمەن و چەکدارە حووسییەکان بەم نزیکانە دەگاتە سەنعای پایتەخت. ڕاشیگەیاند کە لەبارەی زڕاندنی ناوی پێشمەرگە "گلەیی توند" لە حووسییەکان دەکات.

عەلی قەرەداخی کە هاوزەمان مامۆستای زانکۆی قەتەریشە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (ڕووداو) ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان ئەویان بۆ هەوڵی ناوبژیوانی و ڕاگرتنی شەڕی نێوان حکومەتی یەمەن و چەکدارە حووسییەکانی سەعدە ڕاسپاردووەو گوتی "ئێمە هەوڵێکی گەورەمانداوە بۆ ناوبژیوانی لەنێوانی سێ لایەن، حکومەتی یەمەن، حووسییەکان و حیراکی باشوور کە دەستیان بەجموجوڵ کردووەو داوای جیابوونەوە دەکەن".

قەرەداخی کە بەرپرسی (لیژنەی ئاریشەکان و کەمینە موسڵمانەکان)ی سەر بە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانە، ڕایگەیاند کە هەوڵەکانی ئەوان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە ماوەی مانگێکە دەستیپێکردووەو گوتیشی "سەرەتا شاندێکمان نارد بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی لە مالیزیا کە حیزبێکی گەورەن و فراکسیۆنیان لەپەرلەمان هەیەو چەند ویلایەتێکی مالیزیایان بەدەستەوەیە، ئەو چووە یەمەن و چاوی بە جێگری سەرۆک کۆمار کەوت و دواتریش چووە ئێران. لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆک وەزیرانی مالیزیا چووە سعودیە بۆ ئەوەی سعودیەش ئاگاداری ئەو هەوڵانە بێت بەوپێیەی ئەویش لەو کێشەیەدا لایەنێکەو حوسییەکان سنووری ئەوانیان بەزاندووە". قەرەداخی ئەوەشی ڕوونکردەوە کە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان بڕیاریانداوە هەوڵەکانی ئاشتی بەرفراوانتر بکەن بە بەشداریی چەندین کەسایەتی پایەبەرزی جیهانی ئیسلامی و گوتیشی "ئێستا گەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دەستمان بە وتووێژ کردووەو چاوەڕێی ڕێکخستنی وادەی سەردانەکان دەکەین بۆ ئەوەی بەرەو یەمەن بەڕێبکەوین".

هاوینی ڕابردوو، خولێکی نوێی شەڕوپێکدادان لەنێوان حکومەتی یەمەن و چەکدارانی حووسی دەستی پێکردەوە. حوسییەکان کە شیعەی زەیدین، حکومەتی یەمەن کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتیوانیکردنیان تۆمەتبار دەکات. بەهۆی بەزاندنی سنووری سعودیەش لەلایەن چەکدارانی حوسییەوە، زۆری نەبرد سوپای عەرەبستانی سعودیەش هاتەسەر هێڵ تا هەفتەی ڕابردوو حووسییەکان پاشەکشەی یەکجارییان لەخاکی سعودیە ڕاگەیاند.

حکومەتی سەنعا بۆ کۆنترۆڵکردنی مۆڵگەکانی چەکدارانی حووسی کە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی پارێزگای سەعدە، جگە لەهێزەکانی سوپا پەنای بردووەتە بەر هەزاران چەکداری میللی سەر بەخێڵەکان کە بە خێڵەکییە خۆبەخشەکان ناسراون، بەڵام چەکدارە حووسییەکان ناوی (پێشمەرگە)یان لەو چەکدارە خێڵەکییانە ناوەو بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە بۆ تاڵانکاری و هەتکی شەرەفی شیعە زەیدییەکان چوونەتە پاڵ سوپا. پرۆفیسۆر د.عەلی قەرەداخی، سەرسوڕمانی خۆی لەو ناوزڕاندنەی پێشمەرگە دەربڕی و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەسەر ئەوە "گلەیی توند" لەسەرکردەکانی حووسییەکان دەکات.

قەرەداخی لەوبارەوە گوتی "نەمبیستبوو ئاوا ناوی پێشمەرگە هاتبێت، بەڵام کە وەفدەکە چووینە ئەوێ حەتمەن ئەوەیان لەگەڵ باسدەکەم و بۆیان ڕووندەکەمەوە کە پێشمەرگە فیداکاری کوردستانە، ناچێتە سەر خاکی کەس و ئامادەنییە کاری دیکە بۆ هیچ لایەنێک بکات". پرۆفیسۆر قەرەداخی هەروەها وەک کەسێکی کورد گوتی "بەپێویستی دەزانم کە ڕاگەیاندنێکی عەرەبیی بەهێزمان هەبێت، چونکە هێرشێکی ڕاگەیاندنی توند هەیە بۆ شێواندنی نێوبانگی کورد بەناحەق و، زۆر پێویستە بە ڕاگەیاندنێکی بەهێز بەرەوڕووی ببینەوە".

## جاش لە یەمەن پێشمەرگەیە



سەلام سەعدی

لەیەمەن، ئەوانەی دژی ڕژێمەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحن، لەسەر زاری شیعە زەیدییەکانی هەرێمی (صعدە)وە، وەک ناوناتۆرەیەک لەو خێڵەکییە دیزداشە لەبەرانەی بەکۆنە کڵاشینکۆفێک و خەنجەرەکەی بەر کەمەریانەوە بۆ شەڕی حووسییەکان پێش سوپای نیزامی کەوتوون، دەڵێن پێشمەرگە!. بەڵێ پێشمەرگەی پێشمەرگە!

ئەگەر باوەڕناکەی بڕۆ تەماشای ئەو بەیاننامانە بکە کە حووسییەکان ڕۆژانە لەبارەی ڕووداوەکانی بەرەی شەڕ بڵاوی دەکەنەوە. ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت و بەتایبەتیش ماڵپەرە یەمەنییەکان تەماشا بکە. ئێستا وا میدیای عەرەبیش خەریکە لەڕێی زۆر دووبارەکردنەوەی ئەم دەستەواژە بەهەڵە وەرگیراوە، مانایەکی دیکە بۆ (پێشمەرگە) دادەتاشێ (دەنووسن خێڵەکییە خۆبەخشەکان "پێشمەرگە") ئینجا یەکێک لەوانە ڕوونیدەکاتەوە: "ئەم دەستەواژەی پێشمەرگەیە لە پێشمەرگەی عێراقەوە خوازراوە کە لەجەنگی داگیرکردنی وڵاتی رافیدەیندا نێوبانگیان بڵاوبووەوە. ئەم ناولێنانە لەلایەن خەڵکی (صعدە)وە گوزارشت بوو لەناڕەزاییەکی جەماوەری بەرامبەر پەنابردنی سوپا بۆ پیاوانی سەر بەخێڵەکان. لەنێو خەڵکدا ئەو باوەڕە هەبوو کە پێشمەرگە هاتوون موڵک و سامانی هاووڵاتیان تاڵان بکەن". سەیر لەوەدایە خێڵەکییەکانیش پێیانناخۆشە ناوی پێشمەرگەیان لێناون و بەچاوی تاڵانچی تەماشایان دەکەن!.

بەڕاستی ئەوەش موفارەقەیەکی سەیرە کە لەنێو 300 ملیۆن عەرەبی موسڵمان و زیاتر لە 600 ملیۆن موسڵمانی غەیرە عەرەب، ئێستا وا کوردێک خەریکی ناوبژییە لەنێوان حکومەتی یەمەن و چەکدارانی حووسی.

پرۆفیسۆر د.عەلی قەرەداخی سەرۆکی ڕابیتەی ئیسلامیی کوردی کە لە زانکۆی قەتەر مامۆستایەو لەیەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلامی سەرۆکی لیژنەی ئاریشەکان و کەمینە موسڵمانەکانە، ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرتووەو لەسەر داوای (ڕووداو) بڕیاریداوە کە چووە لای حووسییەکان ناڕەزایی کوردیان لەو ناوزڕاندنەی پێشمەرگە پێ بگەیێنێ.

سەیر لەوەدایە ڕاگەیاندنی کوردی هێندە ئاسۆی بینینی کورت بووەتەوەو هێندە نقومی (محليات) بووە کە هیچ ئاگای لەم شتانە نییە، یان ئەگەر یەکێکیشیان بەڕێکەوت ئاگای لێبوو بەهەڵە لێی حاڵی دەبێ و ئەو خەڵکەش بەهەڵەدا دەبا وەک بردوونی. بۆنموونە ڕۆژنامەیەک وای زانیوە مەبەستیان ئەوەیە فەوجی پێشمەرگەیان لێرەوە بردووە، وەک ئەوەی فەزاحەتێکیان ئاشکرا کردبێ خێرا دەستیان داوەتە تەلەفۆن و پەیوەندییان بە جەبار یاوەرەوە کردووە کە ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەویش دەستبەجێ ڕەتیکردووەتەوە کە پێشمەرگەیان بۆ یەمەن ناردبێ و گوتوویەتی "ئەو تۆمەتە بۆ پێکەنین باشە". بەڕاستی ئەو تۆمەتە ئەگەر بۆ گریان باش نەبێ بۆ پێکەنین هەر باش نییە. سلێمان ئالیخان کە هاوکارێکی ئێمەیە لە ئەڵمانیا، ماوەیەک لەمەوبەر لەیەکێک لەژمارەکانی (ڕووداو)دا باسی ئەوەیکردبوو کە چۆن لەهەندێ لەوڵاتە عەرەبییەکان دەستەواژەی پێشمەرگە بۆ دزو ڕێگر و گیرفانبڕ بەکاردێ!. ئەم ڕووشاندنی سومعەتە لەکوێوە دێ؟ وەک هەمیشە هەر "دوژمنانی نەتەوەکەمان" تاوانبارن؟.

مەرج نییە سیاسەتی خۆڵ لەچاوکردن هەمیشە ئەنجامی سەت لەسەت بەدەستەوەبدا. بەرپرسانی ئێمە خۆیان نیگەران دەکەن ئەگەر یەکێک بەپێشمەرگە بڵێ میلیشیا. میلیشیا وەک جنێوی لێهاتووە. لەڕاستیدا هەموو هێزێکی سەربازیی خاوەن عەقیدەو بیروباوەڕی سیاسی میلیشیایە جا تۆ هەر بڵێ وانییە. شەش ساڵە باسی یەکخستنەوەی ئیدارەو یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکەین، کەچی تازە لەکوێیە قایمقام بەبێ پرس و ئاگاداری پارێزگاری هەولێر دەگۆڕن!.

# کوردستان خۆی بۆ گەرمکردنەوەی 140 ئامادە دەکات



چەند سەربازێک دیاری دەدەنە منداڵانی کەرکووک

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو –سلێمانی**

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا، کارنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئاشکرا دەکەن و دەرگای بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پێدەکەنەوە، کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، پێشەوەی کارنامەی هەموو لیستەکان دەگرن و چاوەڕوانیش دەکرێ، کاری هاوپەیمانی کوردستان، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی هەریەک لە لیستەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو ببێتەوە بەو پێیەی کە تائێستا ئەو کێشانە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانیش لەبەغداوە ڕایگەیاند "ئەوانەی کە دێن، هیچ لەوە زیاتریان پێناکرێت کە ئێمە کردوومانە".

دانیشتوانی هەر چوار پارێزگا کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، دهۆک . لەنێو هەڵڵای بەیەکدا سڕینی دەستە چەورەکەی بەغدادا، ئەو کاندیدانە هەڵدەبژێرن، کە دەڵێن ئێمە باری لاری سیاسی کورد لەبەغدا ڕاست دەکەینەوە. پەرلەمانتارانی ئێستای کوردیش لەبەغدا، پێیانوانییە کورد لەبەغدا باری لار بێت و تەنانەت ئاماژە بەدەستکەوتی سیاسی و دەستووری وەدەستهاتووش دەکەن لەبوونیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەبەغدا.

### "باشتر لەمە نابرێتەوە کوردستان"

بەبڕوای پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانی لەبەغدا، ئەوانەی کێشەکانی ئێستای نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان دەکەنە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و چانسی خۆیانی پێ بەهێز دەکەن و، سەر لەخەڵک دەشێوێنن. ئیسماعیل شوکر گوتی"تەنانەت هەندێک لەوانە خۆیان ئەندازیاری ئەو ڕێککەوتنانە بوون کە ئەو کێشانەی لێکەوتووەتەوە". شوکر

دەستووری عێراق کە دانان بە هەرێمی کوردستانی لێکەوتووەتەوە بەهەنگاوێکی گرنگی هاوپەیمانی دەزانێ و زیاتر لەوەش دەڵێ، ئەوەی بۆ ماددەی 140 کراوە، بۆ هیچ ماددەیەکی دیکەی کێشە لەسەر نەکراوە "تائێستا 700ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 وەرگیراوە". ئەو پەرلەمانتارە ڕوودەکاتە ئەو لیستانەی کە ڕەخنە لە هاوپەیمانی دەگرن و دەڵێ "کام بڕیارو یاسا دژی هەرێمی کوردستان تێپەڕیوە لەپەرلەمانی عێراق، باپێمان بڵێن ئەوەیە. ئێمە بە58کورسییەوە ئەوەمان کردووە، کەرێژەیەکی زۆر کەمە لەنێو پەرلەماندا". شوکر هیوا دەخوازێ ئەوانەی دوای ئەوان دەڕۆنە بەغدا باشتر بکەن، بەڵام هەر خۆیشی دەڵێ "لەمە باشتریان پێناکرێت".

پەرلەمانتارێکی دیکەی هاوپەیمانی ڕوونتر ئاماژە بەمەسەلەکە دەکات و دەڵێ، ئێمە لەگەڵ گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ شەریکین لەوەی بەدەستهاتووەو لەوەش کە بەدەست نەهاتووە "لەنێوماندا بووە گۆڕان بووەو یەکگرتوو بووەو نەیانتوانیوە ئەوەی کە دەیانەوێ بیکەن و کاری بۆ بکەن". سۆزان محەممەدئەمین، چارەسەر کردنی ماددەی 140 بە ئاسان نابینێ و دەڵێ "لەو بڕوایەدا نیم ماددەی 140 تاچەند ساڵێکی دیکەش جێبەجێ بکرێت".

بەهۆی درێژەکێشانی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پانتاییەکی فراوان دروستبووە بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی لیستی هاوپەیمانی و سەرکردایەتی سیاسی کورد و خەڵک لەو بڕوایەدان کە کەمتەرخەمییەکی زۆر لەنێوەندی کێشەکاندا هەیە. ئیسماعیل شوکر ڕەتیدەکاتەوە "ئەو شەڕەی لە بەغدا هەیە، بەو شێوەی ئاسان بێ کە خەڵک لەکوردستان لێی تێگەیشتووە".

### "دەستە چەورەکەمان پێدا مەسڕن"

هەر یەک لە لیستەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی نایشارنەوە کە لەکارنامەی بانگەشەی هەڵبژاردن دا، ماددەی 140 و ناوچە کێشە لەسەرەکان بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و دەڵێن بەرپرسیاری سەرەکی لەو کێشانە لیستی هاوپەیمانییە. بابەکر دڕەیی، کادیری هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێک لە کاندیدەکانی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق دەڵێ، سەرکردایەتی کورد لەبەغدا نەیتوانیوە ئەو کێشانە بەلایەکدا بخات "بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین ئەو کێشانە بەشێوەی ئوسوڵی چارەسەر بکەین". دڕەیی پێیوایە کە توانا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەیەو هاوکات ڕەتیشی دەکاتەوە کەئەوان وەک گۆڕان هاوبەشی ئەو بەرپرسیارێتیانە بن وەک هاوپەیمانی باسیدەکات و دەڵێ، "ئەوە جۆرێکە لەپاساوهێنانەوە بۆ هەڵەکان، خۆ گۆڕان فراکسیۆن و پەرلەمانتاری نەبووە، ڕەنگە یەک دوو ئەندام پەرلەمانی نێو هاوپەیمانی نزیکبووبن لەبزووتنەوەی گۆڕانەوە".

بابەکر گوتیشی "بادەستە چەورەکە بەئێمە نەسڕن".

پەرلەمانتارێکی یەکگرتووی ئیسلامی لەبەغدا، بەهەمان شێوە دەڵێ "کەئێمە شانازی دەستکەوتەکانمان بەرنەکەوێت، لەبەرپرسیارێتیەکانیشدا هاوبەش نین". ئەسمەر حوسێن گوتیشی "دەسەڵات لەبەغدا بەدەست هاوپەیمانییەوە بووە، سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆک پەرلەمان و چەند وەزیر و چەند بریکاری وەزیر هی ئەوانەو ئێمە تەنها پێنج کورسی و وەزیرێکی دەوڵەتمان هەیە". بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێ "کاری باش کراوە، بەڵام دەبوایە کاری باشتریش بکەین".

140، کاریگەرترین ژمارەی بەر دەستی لیستەکانە تالە و گەمەیەدا بتوانن سەرنجەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن و یەکتری پێ تۆمەتبار بکەن.

لەوانەشە جۆرە ئاڵۆزیەک بۆ دەنگدەر بەو هۆیەوە دروستببێ. سۆزان محەممەد، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی لەبەغدا دەڵێ "ئێمە ڕوونکردنەوەی پێویستی خۆمان دەدەینە خەڵک تاوەکو سەری لێنەشێوێت، واقیع شتێکە و بانگەشە شتێکی دیکەیە".

## 36 کەس لە باکووری کوردستان بریندار بوون



رووداو – وان
رۆژی 2010/1/30 لە گوندی ئۆرتاکۆی سەر بە شاری وان، لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵە بەناوەکانی شەنۆز و ئۆنەردا، 36 کەس بریندار بوون، کە برینی سێ کەسیان سەختە. سەرەتا لەنێوان خێزانەکانی هەردوو بنەماڵە مشتومڕ درووستبووەو پاش ماوەیەک مشـتومڕەکە گەرمبووەو بووەتە هۆی دروسـتبوونی ئەو شـەڕە. بەپێی زانیارییە سـەرەتاییەکان، لەئاکامی پێکدادانەکاندا 36 کەس بریندار بوون. پاشان پۆلیس شەڕەکەی کۆنترۆڵکردووە.

### سەلاحەدین دەمیرتاش و گولتەن کیشناک دەبنە هاوسەرۆکی BDP

# لەکۆنگرەی BDPدا ئۆتۆنۆمی دەبێتە ئامانج

**فرات کەلەهکی**
**تایبەت بە رووداو**

ئەمڕۆ دووشـەممە 1ی شوباتی 2010، پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP لەئەنقەرە یەکەمین کۆنگرەی خۆی سازدەکات. BDP لە هەر چوار پارچەی کوردسـتانەوە، حیزب و کەسـایەتی کوردی بانگهێشتی کۆنگرەی کـردووە و چاوەڕوان دەکـرێ کۆنگرەیەکی بەرفـراوان بەڕێوەبچـێ. هەریـەک لـە سەلاحەددین دەمیرتاش و گولتەن کیشاناک بۆ پۆستی سـەرۆکایەتی پارتی نوێ کاندید کراون. BDP کە خوازیـارە ببێتە پارتێکی سەرانسەریی تورکیا، بەنیازە لەو کۆنگرەیەدا پرۆژەی (ئۆتۆنۆمی دیموکراتی) وەک پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد بخاتە رۆژەڤەوە و ئەگەر نوێنەرانی کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدەن، دەبێتە داخوازی ئـەو پارتە، هەروەک چۆن ئامانجی DTPیش بوو.

پەرلەمانتار گولتەن کیشاناک، کە کاندیدی هاوسەرۆکایەتی BDPیە، لەبارەی کۆنگرەکەوە بـۆ (رووداو) دواو رایگەیاند کە "یەکێک لە ئامانجەکانـی کۆنگەرە ئەوەیـە بۆ ناوخۆی تورکیا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەندێ روانگەی نوێ بخاتـەڕوو". گولتەن کـە لەدایکبووی 1961ی شـاری خرپێـت (ئەلەزیـن)ە، لەکۆلێـژی راگەیاندنـی زانکـۆی (ئەگە) بەشـی رۆژنامەنووسـی و پەیوەندییەکانی تەواوکـردووەو لـە هەڵبژاردنەکانـی 22ی تەمموزی 2007دا وەک نوێنەری دیاربەکر بووە ئەندامی پەرلەمان.

کیشاناک سەبارەت بە پەیامەکانی کۆنگرە لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، گوتـی "بەبـاوەڕی ئێمە رەوتێـک هەیە و دەرفەتەکان لەپێناو چارەسەرکردن لەبارن". کیشـاناک ئاماژەی بەوەشـکرد کە مێژووی کۆماری نوێی تورکیا، مێژوویەکی تژی شەڕو پێکدادان و نکۆڵیکردنە لە بوونی کورد، بۆیە هەرگیز دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە نەبووە، سیاسـەتی گوشـار، نکۆڵیکردن و لەنێوبـردن لەئارادا بووە. بۆیە دەڵێت "ئیتر ئێمـە وا بیر دەکەینەوە کە ئەم سیاسـەتە شکستی هێناوە، ئیمکانی نییە چیدی نکۆڵی لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک بکرێت".

هەر لەبارەی ئەو کۆنگرەیە، شـەرافەدین خاڵس، نوێنەری شاری دێرسم لە پەرلەمانی تورکیا کە رۆژی 2010/1/24 بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی دێرسم سەردانی شاری ستۆکهۆڵمی کرد لە سوێد، لەوێوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە BDP گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی خۆیدا ناکات، بەڵام هاوکات گوتی "دەمانەوێ کۆمەڵێک کادیری نـوێ و گەنج بێنینە ناو پارتەکەمانەوە".

نوێنەری شاری دێرسـم بەهەمانشێوەی بەرپرسانی پێشووی DTPی قەدەخەکراو کە پێداگرییان دەکرد لەسەرئەوەی کێشەی کورد بەبێ PKK و عەبدوڵڵا ئۆجەلان چارسـەر ناکرێت، گوتی "ئێمە لەداهاتوویشـدا هەمان شـت دووپات دەکەینەوەو لێی پەشـیمان نابینەوە".

گولتەن کیشاناک، دەڵێ هەرچەندە ئێستا بەشـێوەی پێشـوو نکۆڵی لەبوونی کورد ناکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کورد وەک گەلێک قبوڵ ناکرێت، کۆسپێک هەیە کە پێشگیری لە چارەسـەری دەکات. هاوکات رەخنەشی لە پارتی دادو گەشـەپێدان AKP گرت کە ماوەی 8 ساڵە لەسەر دەسەڵاتە و دەرفەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشـەیەی لەبەردەمدا بووە بێ ئەوەی هەنگاوی راستەقینە بنێت. گوتیشـی "لەکۆنگرەدا جارێکـی دیکە داوا لە حکوومەت و دەوڵـەت دەکەین کە هەلی راسـتەقینە لەئارادان بۆ ئەوەی کێشـەکە بەشـێوازی دیموکراتی و ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، هەروەها ئەو پەیامە دەدەین کە ئەگەر ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە شەڕ و تێکهەڵچوونی دیکە لەگەڵ خۆیدا بێنێت کە ئەوەش لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە".

کیشـاناک بە (رووداو)ی راگەیاند کە بۆ بەشـداربوون لە کۆنگرەکەیان داوەتنامەیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتی نیشتمانیی کوردسـتان ناردووە، سەرباری بانگهێشـتکردنی ژمارەیەکـی زۆر حیزب و لایەن و کەسایەتیی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان.

بۆ پۆستی هاوسەرۆکی BDP تەنیا باس لەناوی سـەلاحەددین دەمیرتاش و گولتەن کیشـاناک دەکرێت، هەتا ئێستا تەنیا هەر ئەو دوو کەسـە بەفەرمی وەک کاندید ناوی خۆیان پێشکێشی کۆنگرە کردووە. کیشاناک لەوبارەوە گوتی "من وەک شـەخس دەتوانم بڵێم کە هەوڵدەدەم شـایانی ئەم ئەرکە بم، بـەڵام لەکۆتاییدا دیسـان خەڵک، حیزب و نوێنەرەکانمان خاوەن بڕیارن".


سەلاحەددین دەمیرتاش


گولتەن کیشاناک

### ئۆتۆنۆمی دیموکراتی

ماوەیەکە (ئۆتۆنۆمی دیموکراتی) لەتورکیا گەنگەشـە دەکرێـت و لەلایـەن ئەندام و پەرلەمانتارانی BDPشەوە جاروبارکەوتووەتە بەرباس. کیشاناک رایگەیاند کە لە کۆنگرەدا ئـەو بابەتە دەخەنە بەربـاس "ماوەی چوار سـاڵە لەوبارەوە گفتوگۆ دەکرێت، بە بڕوای ئێمە، مۆدیلـی ئۆتۆنۆمـی دیموکراتی، بۆ دیموکراتیبوونی تورکیا و چارەسـەرکردنی کێشەی کورد مۆدیلێکە ئاسانکاری دروست دەکات. ئێمە راپۆرتێکی بەرفراوان پێشکێشی نوێنەرانی کۆنگرە دەکەین، ئەگەر پەسەندی بکـەن، ئێمـە وەک پێشـنیازی فەرمی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەیخەینەڕوو".

کیشاناک لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ BDP کـە وەک درێژەپێدەری پارتـی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP کاردەکات یان سیاسەتێکی جیاواز و نوێ پەیڕەو دەکات، گوتی " DTP لەبواری سیاسـەتی دیموکراتی یاسـاییدا لەتورکیا نیشـانەی تێکۆشانی 20 ساڵەی کوردە، ئەمە بووەتە نەریتێک و وەک دەزانین لەسـاڵی 1993وە بۆیەکەمیـن جار کورد بەناسنامەی خۆیان توانییان بچنە پەرلەمانی تورکیـا، وەک رێگەچارەیەک بوونی کورد لە پەرلەمان بەو واتایەیە کە لەنێو سیاسـەتی دیموکراتی و لە مەسـەلەی چارەسەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەکەدا پێداگـرن. لەگەڵ داخسـتنی هەموو حیزبـەکان، قەدەخە و گوشاری سیاسی لەسەر کورد، ئەمە ماوەی 20 ساڵە بێ راوەستان درێژە بەتێکۆشانی خۆیان دەدەن. لـەم رووەوە BDP دەبێتە درێژەدەری ئەم نەریتە".

هەروەها راشیگەیاند کە BDP هەوڵدەدات بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد بەرێگەی دیموکراتـی و ئاشـتیانە هـەل و دەرفەت بخولقێنێ، کەناڵی دیالۆگ بکاتەوە و کێشەی کورد بەهەموو تورکیا و رای گشـتی تورکیا بگەیێنێ. گوتیشـی "ئێمە بـاش دەزانین لەتورکیا ئەوە نزیکەی 10 ساڵە قسەیەکی وا هاتووەتـە ئاراوە کە دەڵێت: (بەڵام کورد بوونی هەیە، پرسی کوردیش کێشەی هەموو تورکیایە). کەچی بەکـردەوە هیچ ناکرێت، ئەگەر کێشەی کورد کێشەی هەموو تورکیایە، دەبێ هەموو تورکیا لە کێشـەی کورد باش تێبگات".

ئەمجارەش بەشی هۆڵەندی رووداو سەرچاوەیە

# پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی لەسێدارەدانی کوردانی رۆژهەڵات دەوروژێنێ



**سیدار بەنگین ئەپۆزدەمیر**
**رووداو – هۆڵەندا**

پاش ئـەوەی چەندین راپۆرتی بەشـی هۆڵەندی رووداو بوونە هۆی پرسیارکردنی فەرمی لە پەرلەمانی هۆڵەندا لەبارەی کورد لە باکووری کوردسـتان، ئەمجارە پرسیار لەبارەی لەسێدارەدانی چالاکڤانانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا کرا.

لەسەر لەسێدارەدانی هەردوو چالاکڤانی ئێرانی محەممـەد رەزا عەلی زەمانی و ئارەش رەحمانپوور، پارتی سۆسیالیست SP بەرپرسـیاری نووسـراو داوای لە وەزیـری دەرەوەی هۆڵەنـدا ڤێرهاگن کرد کە هەندێ لەلایەنەکانی مەسەلەی لەسـێدارەدانی چالاکڤانـان لە ئێران روون بکاتەوە. زەمانی و رەحمانیپوور بەهۆی بەشداریکردن لەناڕەزایەتییەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماردا لەسێدارەدران و بەپێی زیانیارییەکانی BBC، لەسێدارەدانی 9 هاوڕێی ئەوانیش نزیکە.

هاری ڤان بۆمڵ Harry van Bommel، کە بەناوی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا ئەو پرسیارانەی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا کردوون، لەبەشێکی نامەی داواکارییەکەیدا ئاماژە بە راپۆرتێکی (رووداو)یش دەکات و دەپرسێت "هەروەها ئایا راستە کە لەم مانگانەی دواییدا کۆمەڵێک چالاکڤانی کوردی – ئێرانی لەسێدارەدراون و 17 کەسی دیکەش چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانن؟"، ڤان بۆمڵ کە بەردەوام بەدواداچوون لەبارەی رۆژەڤی کورد دەکات، ئەویش بەخوێندنەوەی راپۆرتەکانـی (رووداو) لە رێگەی بەشـی هۆڵەندی ماڵپەڕی رووداو www.rudaw.nl .

لەکۆتایی نامەکەیدا، بۆمڵ داوا لە وەزیری دەرەوە ماکزیم ڤێرهاگن Maxime Verhagen دەکات کە گوشار بخاتە سـەر ئێران بەرێگەی باڵیۆزی هۆڵەندا لە تـاران بۆ راگرتنی ئەو حوکمانە و، لەسـێدارەدانی چالاکڤانان لە ئێران پرۆتستۆ بکات .

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی : ئێران بووەتە بکوژی منداڵان

# 114 مێرد منداڵ لەئێران چاوەڕێی پەتی سێدارەن



**سابیر قادری**
chuarchra@gmail.com

**تایبەت بە رووداو**

لەدواییـن راپۆرتیـدا، رێکخـراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە "بکـوژی منداڵان" ناو بردووە، چونکە منداڵ و مێردمنداڵ و گەنجان وەک گەوران لە سێدارە دەدات.

ئەحمەد حەسەنزادە، کە تەمەنی 17 ساڵان بوو لەزیندانی ناوەندی شاری سنە لەسـێدارە درا. سـاڵێک دوای ئەحمەد، موسـلیح زەمانیش کـە هاوتەمەنی ئەو بـوو، لە زیندانی دیزل ئابادی سـەر بە پارێزگای کرماشان لەسێدارە درا. موسلیح بەو تۆمەتە گیرا کە پەیوەندی ناشەرعی لەگـەڵ هاوڕێیەکـی کچیـدا هەبووە، هەرچەندە بنەماڵەی کچەکە بە نووسراو رەزامەنـدی خۆیان لەسـەر ئازادکردنی موسلیح نیشاندا، بەڵام دادوەر گوتی دەبێ موسـلیح لە سێدارەبدرێ، تاوەکو ئەو لە سـێدارەدانە ببێتە پەندێک بۆ کەسانی وەکو موسلیح.

بەپێـی دواییـن ئامـاری رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتـی، لەماوەی 10 سـاڵی رابردوودا 24 مێردمنداڵ لەئێران لەسێدارەدراون، واتە ساڵانە دوو مێردمنداڵ لە سێدارەدراون، بەمەش ئێران لە پلەی یەکەمی ئەو وڵاتانەدا دێ، کە مێردمنداڵان لە سێدارە دەدات.

هەرچەنـدە رێکخراوەکانـی تایبەت بـە مافی مـرۆڤ و مافەکانی منداڵان، هەوڵیانداوە بەر بە لەسێدارەدانی منداڵان بگرن، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێسوودن و ئێران بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو سزایە بەسەر مێردمنداڵاندا. بەپێی ئاماری رێکخـراوی مافی مرۆڤی ئێران، ئێسـتا 114 مێردمنداڵ سـزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕاوەتەوە.

فاتح سـاڵحی، بەرپرسـی ناوەندی منداڵپارێزی کوردسـتان (نێرگـز)، دەڵێت ئـەوان هەوڵی زۆریانداوە ئەو مێردمنداڵانە لەسـێدارە نەدرێن، ئەویش لـە رێگـەی ئاگادارکردنـەوەی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانـی تایبەت بە مافەکانی منداڵان "بەڵام بەداخـەوە دەزگای دادی ئێرانی وەڵامی هیچ لایەنێک ناداتەوە".

مافناسـان و پارێـزەران هـۆکاری لەسـێدارەدانی مێردمنـداڵان بۆ بنچینە یاسـاییەکانی کۆماری ئیسـلامی ئێران دەگەڕێننـەوە. خەلیـل بەهرامیان، کە پارێزەرێکـی ئێرانییـە، تێکەڵبوونـی شـەریعەت و یاسـا بـە هـۆکاری لە سێدارەدانی ئەو منداڵ و مێردمنداڵانە دانا گوشاری ناوەندە داکۆکیکارەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان، ئێسـتا ئەو منداڵانە لە سـێدارە نادرێن تاوەکو تەمەنیان دەگاتە 18 سـاڵان و لە ناوەندەکانی چاکسازی و پەروەردە دەمێننەوەو دوایی لەسێدارە دەدرێن.

بەبڕوای بەهرامیان دەبێ پەرلەمانی ئێران رێ لـەو کارەی دادگا بگرێت "پەرلەمانی ئێران دەبێ رێ لەجێبەجێکردنی حوکمی ناوەندی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ کە لەتاران پێشـکێش کرا، لە ماوەی نێوان 1999-2008 بە ئاشکرا 41 حاڵەتی لەسـێدارەدانی مێرمنداڵانی خوار تەمەن 18 سـاڵان جێبەجێکراوە. هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە، سـاڵی رابردوو 107، مێردمنداڵ لەئێران حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، لـە ماوەی مانگی یەکەمی ئەمساڵیش 7 منداڵی دیکە هەمان سزایان


موسلیح زەمانی، لە 17 ساڵیدا لە سێدارەدرا

بۆ بڕاوەتەوە، واتە ئێستا 114 مێرد منداڵ لە ئێران چاوەڕێی لە سێدارەدان دەکەن، جگە لەوەش ساڵی رابردوو 5 مێردمنداڵ حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا.

ئیجلال قەوامـی، وتەبێژی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە خۆی لەساڵی 2007 لەگەڵ موسلیح زەمانی لەزیندانی ناوەندی شاری سـنەدابووەو لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی لەسێدارەدانی ناوبراو بووە، بە (رووداو)ی گوت "لەسێدارەدانی موسـلیح تاوانێکی گەورەبـوو، چەندین جـار داوای هەڵوەشـانەوەی ئەو جۆرە حوکمانەمان کردووە، بەڵام تاوەکو چەندە هەوڵەکانمان کاریگەرە ئەوە پەیوەندی بە کاربەدەسـتان و دەزگای دادی ئێرانەوە هەیە".

بنەماڵـەی زەمانـی لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیـدا بـۆ (رووداو)، هـۆکاری لەسێدارەدانی کوڕەکەیان بۆ خۆشەویستی گەڕاندەوە. مورادی برای موسـلیح گوتی "تەنیا تاوانی براکـەم ئەوە بوو کچێکی خۆشدەویست، من لەهیچ شوێنێکی ئەو دونیایە نەمبیستووە کە کەسێک بە تاوانی خۆشەویشـتی لەسـێدارە بدرێ". موراد گوتیشی "ئەگەر موسـلیح تاوانێکیشی ئەنجامدابێ ئەوا سزاکەی ئەوە نەبوو کە لەسێدارە بدرێ".



## موسلیحی برام لەسەر خۆشەویستی لەسێدارەدرا، ئەوەش لەهیچ شوێنێکی دونیا نییە

برای مێرد منداڵێکی لەسێدارەدراو بۆ (رووداو)

و گوتی "بەپێی ماددەی 1210 لەیاسای مەدەنی، تەمەنی یاسایی بۆ جێبەجیکردنی سزا بۆ کوڕان 15 ساڵە و بۆ کچانیش 9 ساڵە، ئەوەش وایکردووە کە رێگە بدرێ بەوەی کە منـداڵان و مێردمنداڵانی خوار تەمەنی 18 ساڵی سزا بدرێن".

ماددەی 37ی رێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ، لە سـێدارەدانی منداڵانی تەمەن ژێر 18 ساڵی قەدەخە کردووە، کە ئێران یەکێکە واژۆکەرانی ئەو رێککەوتننامەیە، کەچـی کاری پێناکات. بـەڵام بەهۆی لەسێدارەدانی مێردمنداڵان بگرێت، چونکە ئـەو پەرلەمانـە خۆی مـاددەی 37ی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی پەسەند کردووە، کە تایبەتە بە نەهێشتنی سزای لەسـێدارەدانی منداڵان، هەروەها دەبێ دەزگای دادی ئێرانیش ئەوە بسـەلمێنێ کە پابەندە بە رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان".

بەپێی راپۆرتێک کە لەلایەن ئاسـیە ئەمینـی، رۆژنامەڤان و چالاکڤانی بواری مافەکانی ژنـان و منداڵان لەکۆبوونەوەی

# کاروباری سیاسی

## یەک هەڵوێستی کورد لە بەغدا زەحمەتە



ڕووداو-الشرق الاوسط

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط )دا، قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان گوتی"لەکوردستاندا ئۆپۆزسیۆن پێویستە و بێ ئۆپۆزسیۆن دیموکراسی پێشناکەوێت، بەڵام لە بەغدا هەموومان ئۆپۆزسیۆنین"، عەزیز لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتووە، بەڵام ئەم ئۆپۆزسیۆنە بە گەشەکردنی ئاسایی پرۆسەی دیموکراسی و سیاسی لە هەرێمدا لەدایکنەبووە، بەڵکو بەهۆی ناکۆکیی حیزبی دەرکەوت، بۆیە زەحمەتە لەبەغدا یەک هەڵوێستی بەدیبێت".

ڕێبوار کەریم وەلی



## سەردەمی نێچیرڤان بارزانی ئەکتیڤبوون یان ئینقیلاب؟

سەرئەنجام دوای پتر لە دەیەیەک دوور کەوتنەوە لە کاری ئەکتیڤی ناو حیزب، نێچیرڤان بارزانی بە سیفەتی جێگری سەرۆکی پارتی دەگەڕێتەوە ناوکاری حیزبی. بەر لە هەموو شتێک ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، مانای دوورکەوتنەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە کاری حیزبی و زیاتر چڕکردنەوەی تواناکانیەتی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەوەش داواو چاوەڕوانی زۆر خەڵک بووە، بۆ ئەو پۆستە هەستیارەی.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی وەک جێگری سەرۆک دەناسێنرێت، بەڵام کەم تا زۆر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەبێت و بە چاوەڕوانییەکی یەکجار زۆرەوە کە ئەویش مەسەلەی ریفۆرمە دەست بۆ کاری حیزبی دەباتەوە. میدیایەک ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئەوەیە کە کەسایەتییەکی وەک نەوشیروان مستەفا لە نێچیرڤان بارزانی دروست بکات و پارتی وەک یەکێتی نیشانبدات! زۆریش هەن باوەڕیان کردووە کە ڕەنگبێ لە داهاتوودا شتی وا ڕوویدات! ئەوانەی تەمەنیان بڕ دەکات و پارتی دەناسن، دەزانن شتی وا مەحاڵە، بەڵام ڕاستییەک دوای 25ی تەمموز هاتووەتە ئاراوە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان چیدیکە ناتوانن تەنیا بە دروشمی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی میراتی ڕابردوو سیاسەت بکەن. بۆیە بە دامەزراوەییکردنی حیزب و نیشاندانی ڕوانگەی ڕوون بۆ ئێستای کۆمەڵگە بووەتە زەرورەت. نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی حکومی خۆی وەک سەرۆک وەزیران لە بە دامەزراوەییکردنی حکومەتدا وەک دامەزراوەیەکی خزمەتگوزار و خاوەن ئیعتیباری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی حیزب لە حکومەتدا، لە هەولێر و دهۆک، زۆر هەنگاوی گرنگی هاویشتن. بۆیە بەگەڕانەوەی بۆ حیزب دەتوانێ ئەم تەجروبەیە تەواو بکات، چونکە ئەوکاتەی کە سەرۆکی حکومەت بوو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر مەکتەبی سیاسیدا نەبوو تا لەو دیویشەوە هەمان گۆڕانکاری بکات.

هێندەی مرۆڤ تەماشای لێدوانەکانی نێچیرڤان بارزانی دەکات، ریفۆرم مانای ئینقلاب ناگەیێنێت لای ئەو، چونکە نێچیرڤان بارزانی لە ناو هەردوو نەوەی پارتیدا پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین کەسایەتییەکی مەقبولە و چەند گەنجە، هێندەش پیرەکان دەپارێزێت. ئەو زیاتر مەبەستی نوێکردنەوەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردن و بەرنامە دانانی حیزب بۆ کێشە و ئایندەی میللەت، بۆ ئەوەی دەنگ وەرگرێکی گەورە بێت لە ململانێیدا لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا، چونکە سەردەمی پەیڕەو پرۆگرام بەسەرچوو و ئێستا کاتی بەرنامەی هەڵبژاردنە. بۆیە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە نێچیرڤان بارزانی نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە ڕابماڵێت. نێچیرڤان بارزانی ڕوانگەیەکی ڕوونی پێیە کە دوور کەوتنەوەیە لە حیزبیبوونی چەقبەستوو و تەجرووبەی ئەو لە حکومداری و بەڕێوەبردنی حکومەت و ناسینی میکانیزمی کاری حکومەت زۆر یاریدەدەری دەبن.

نێچیرڤان بارزانی بەو پشتگیرییە زۆرەی کە لەلایەن سەرۆکی پارتییەوە لێی دەکرێت ئەگەر نەشتوانێ هەموو ئەوانەی لە مێشکیدایە بیانکات، لانیکەم دەتوانێ پارتی لە خەمۆکی دەربێنێت و جموجۆڵ و مانۆڕە سیاسییە خێراکانی وەک سیاسییەکی مونەتیفی ئەم سەردەمە، ماوەیەکی زۆر ڕۆژەڤی سیاسی بۆ پارتی قۆرخ دەکات. چونکە بەمە پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان جیا دەبێتەوە و لە مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ حیزب و گرووپی سیاسیی دیکە و لە مەسەلەی ڕەفتاری سیاسیی ناوخۆیی پارتی دەست واڵاتر دەجوڵێتەوە. هاوکات لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیشەوە دێتەوە ناو بڕیاری سیاسیی هەرێمی کوردستان و لە نزیکەوە کاریگەی دەخاتە سەر ڕەوشی سیاسی.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلای کلنتن (فۆتۆ: AFP)

### ماتان کۆرۆف، ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا:

# گرنگیدان بە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئیدارەی نوێی ئەمریکاوە ستراتیژێکی دروستە



**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

ماتان کۆرۆف پسپۆڕ و توێژەر لە سەنتەری بێلفێری ئەمریکی بۆ کاروباری سیاسەتی نێودەوڵەتی کە سەر بە زانکۆی نێوداری ئەمریکی هارڤاردە و ماوەیەک ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بووە، ڕایگەیاند کە گرنگیدان بە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئیدارەی نوێی ئەمریکاوە "ستراتیژێکی دروستە"، هاوکات ڕاشیگەیاند کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق "سەرەڕای کەموکورتییە زۆرەکانی، بەڵام کەس لە ئەمریکا پێیوانییە سەدامێکی دیکە بێت".

کۆرۆف لەبارەی سەردانی مەسعود بارزانی،سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دیداری لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و گەورە بەرپرسانی ئەمریکی بۆ (ڕووداو) دواو گوتی"گرنگیدان بە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، ستراتیژێکی ڕاستە بۆ واشنتن، بەتایبەتی لەم کاتەدا و بۆ بەردەوامبوونی سەقامگیریی لە عێراق".

ئەوەی لەسەردانی ئەمجارەی شاندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ واشنتن جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە سەردانەکە جگە لە ڕووە سیاسییەکەی، ڕووکارێکی ئابووریشی هەیە، یەکێک لە یاوەرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو گەشتەدا، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانە. لەو ڕووەوە، ماتان کۆرۆف ڕایگەیاند کە "بۆچوونی تورکەکانیش بەهەمان شێوەی بۆچوونی ئەمریکایەو هەردوولا پێیانوایە کە هەرێمێکی سەقامگیرو خۆشگوزەران لەبەرژەوەندیی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەشە".

کۆرۆف وەک زۆربەی ئەمریکییەکان، بەرامبەر بڕیاری دوورخستنەوەی پاڵێوراوە بەعسییەکان لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەشبینەو پێیوایە کە دەبووایە عێراق وانەی زۆر لە ئەفریقای باشوور و ئێرلەندا وەربگرێ کە چۆن دوژمنانی سەرسەختی یەکدی ڕێگایەکیان دۆزییەوە بۆ پێکەوەژیان و گوتیشی "بەبڕوای من دوورخستنەوەی سوننەکان کارێکی عاقڵانە نییەو زیان بە سەقامگیریی عێراق دەگەیێنێ".

ماتان کۆرۆف بەپێچەوانەی هەندێ نێوەندی میدیای ئەمریکایی کە پێیانوایە وڵاتەکەیان خوێنی هەزاران سەربازی ئەمریکیی کردە قوربانی بۆ ئەوەی دیکتاتۆرێکی وەک مالیکی لەجێگەی سەدام دروستببێ، گوتی "ئەو بۆچوونە لەنێو ئیدارەی ئەمریکادا لایەنگرێکی ئەوتۆی نییەو کەس پێیوانییە مالیکی دیکتاتۆرێکی دیکە بێت سەرەڕای کەموکورتییە زۆرەکانی"، بەڵام هاوکات دانی بەوەش دانا کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ئامانجەکانی خۆی لەعێراق بۆ ئاستێکی نزمتر دابەزاندووە، بەو مانایەی کە بەلای ئەمریکاوە سەقامگیری بەپلەی یەکەم دێت تاوەکو زەمینەی کێشانەوەی هێزەکانی لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان هەردوو وڵاتدا دیاریکراوە، بەبێ پەیدابوونی هیچ کێشەیەکی لەناکاو، بە ڕەخساوی بمێنێتەوە. هەروەها گوتیشی " ئەمریکا سیاسەتەکانی خۆی بەو شێوەیە دادەڕێژێت کە چی بۆ گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق بکات".

کۆرۆف لەبارەی ئەو پێشێلکاریانەی لەدەستووری عێراقیشدا دەکرێن، یاخود پەکخستنی بەئەنقەستی هەندێ ماددەی دەستووری وپێداگیری لەسەرجێبەجێکردنی هەندێکی دیکەیان بەوجۆرەی کە بەرژەوەندی لایەنێک دەیخوازێ، دیسان ئەو بۆچوونەی سەلماندەوە کە ئەمریکییەکان لەعێراقدا زۆر بە دوای وردەکارییەکانی دیموکراسییەوە نین هێندەی بەتەنگ کشانەوەیەکی ئابڕوومەندانەوەن. کۆرۆف لەبارەی ئەوەی ئاخۆ پێشێلکارییەکانی سەر دەستوور بەو مانایە نییە کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستوور مەرەکەبی سەر کاغەزە و ئەوەی پەیڕەو دەکرێ ئەنجامی بەهێزیی لایەنەکانە لەسەر زەوی، گوتی "هەتا ئێستا هیچ وڵاتێک بەتەواوی دەستووری خۆی پەیڕەو نەکردووە و ئەوە هەمیشە قەیرانێکی بێ کۆتاییە،لەبەرئەوەش کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنێکی ئازاد زۆر گرنگن".

> **لە ئەمریکا کەس پێیوانییە مالیکی سەدامێکی دیکە بێت**

# کورد گوتاری سیاسیی خۆی پێ لاوازە

**هێمن بابان**
**ڕووداو-هەولێر**

بەشێک لە سیاسەتڤان و پەرلەمانتاران پێیانوایە گوتاری سیاسیی کوردی کون و کەلەبەری زۆری تێدایە و ئەمەش وایلێکردووە لاوازبێت و زیان لە دۆزی کوردیش بدات، چەند مامۆستایەکی زانکۆش ئەو لاوازییە بۆ کێشەکانی هەڵبژاردن و دانەڕشتنی گوتاری ڕاستەقینە و واقیعی دەگێڕنەوە.

لە سیمینارێکی سەنتەری سەرنج بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە، لەبارەی ئەرکەکانی گوتاری سیاسیی کوردی کە ڕۆژی 1/30 بەڕێوەچوو، د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ پێویستیی واقیعبوونی گوتاری سیاسی کوردستانی کرد، گوتیشی نابێ گوتاری سیاسی بخرێتە چوارچێوەیەکی بەرتەسکەوە کە بەتەنها لە هەڵبژاردنەکاندا کار لەهاووڵاتیان بکات، نەشیشاردەوە ئەرکی گوتاری سیاسیی کوردستانی ئاسانتر لەلایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت، ئەگەر تەوافوقی سیاسی لەنێوخۆی کوردستاندا هەبێت.

د.کاوە گوتی"هەندێکجار بۆ دروستکردنی ڕای گشتی ناوخۆیی، هەندێک گوتار بەکاردێنین کە زیاتر بۆ کات بەسەربردنە، وەکو ئەوەی لەناوخۆماندا باس لە ڕەوابوونی مەسەلەی کورد دەکرێت، ئەمە دەبێ لەگەڵ بەرامبەر بکرێت کە قەناعەتی بە ئێمە نییە". هێمای بۆ ئەوەشکرد کە گوتاری سیاسی دابڕاو لەواقیع ناتوانێت قەناعەتی نێوخۆیی دروست بکات.



> **هەندێک جار گوتاری سیاسیمان بۆ کات بەسەربردنە**
>
> د.کاوە مەحمود

عەبدولڕەحمان سدیق، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی و، سەرۆکی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە، کە یەکێکبوو لە قسەکەرانی سیمینارەکە بۆچوونی وابوو سروشتی گوتار دەبێت نووسین یان قسەبێت و ئەرکەکەشی تێگەیاندن و قەناعەتپێکردن، هەروەها میکانیزمەکەشی کارلێککردن و بەیەکگەیشتنە، گوتاری سیاسیی کوردستانیشی تا ئێستا بە"گوتاری گشتی" دانا، لەمبارەیەوە بەتووندی ڕەخنەی لەگوتاری سیاسیی کوردی دەگرێت و دەڵێت "هێشتا باسەکانی ناسنامە و ئاین و دەوڵەت و ئەرکەکەکان قۆناغی ڕزگاری بە گوتارماندا تێدەپەڕن، گوتارەکەمان تارادەیەک قیناعیی و لێڵە نەوەک ئیقناعی، ئەوەی دەینووسێت نایڵێت، ئەوەی دەیڵێتیش ناینووسێ، بۆ ئەوەی نەبێتە بەڵگە، هێشتا لەبازنەی چەمکە ڕەهاکان دەخولێتەوە، نەوەک لەسەرزەمنی مومکین". هەروەها گوتی"ئامانجەکانی گوتاری سیاسیی کوردستانی زۆرن، میکانیزمەکانی کەمن، بۆیە زۆر جار دەبێتە هۆی ئێکسپایەربوونی دروشمەکانی خۆی، بەزۆری لەدەوری ڕابردوویەکی زۆر دوور یان داهاتوویەکی زۆر دووردا دەخولێتەوە، کەمتر بایەخ بەسەردەمی خۆی دەدات".

لەو سیمینارەشدا چەند مامۆستایەکی زانکۆ ڕەخنەیان لەوەگرت گوتاری سیاسیی کوردی گوتارێکی ناجێگیر و حیزبییە و کەمترین ڕووی لە هاووڵاتیان کردووە. لەمبارەیەوە نەوزاد جەمال، مامۆستای زانکۆ گوتی گوتاری سیاسیی کوردی گوتارێکە کەموکورتیی تێدایە و زۆرجار لە واقیعەوە دوورە و کەمترین حسابی بۆ بەرامبەر تێدایە.

مامۆستا جەعفەر، بەرپرسی مەکتەبی بیر و هوشیاری یەکێتی، کوردانی فەیلی بە نموونە هێنایەوە کە هۆکاری پەرتوبڵاوبوونیان و ڕوونەکردنییان لەکورد بەزۆری گەڕاندەوە



> **گوتارەکەمان قیناعیی و لێڵە نەوەک ئیقناعی**
>
> عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ خراپیی گوتاری سیاسیی کوردی و دەڵێت"کوردە فەیلییەکان پێنج شەش لیستیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هەیە، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کورد نەیتوانییوە سەرنجی کوردانی دانیشتوانی بەغدا بۆ لای خۆیدا ڕابکێشێت، سیاسەت و گوتارێکی لاوازی هەیە کە زیانمان پێدەگەیێنێت".

عەبدولرحمان سدیق، لە گوزارشتکردنی لە گوتاری سیاسیی کوردی دەڵێت "گوتارێکی بانگەشە و سۆزدارییە، زۆر جار گەورە بچووک دەکات و بچووکیش گەورە، گوتاری ئێمە حیزبییە، زۆر جار قسە یان بۆخۆی یان بۆ نەیارەکانی دەکات، گرنگە گوتار بۆ هاووڵاتیان و بۆ قەناعەتپێکردنیان بێت، زۆر جار گوتاری سیاسیی ئێمە ڕەچاوی دەستوور ناکات، بۆیە قسەکردن لەدەرەوەی ئەو دەستوورە موزایەدەیە، گوتاری سیاسی هێشتا مۆنۆپۆلی حەقیقەتی تێدایە، پرۆژەی گوتەزای تاکە". جەختیشیکردەوە گرنگە گوتاری سیاسی هاوردەکراو نەبێت و لە هەوڵی بونیادنانەوەی متمانەبێت لەنێوان سیاسەتمەداران و هاووڵاتیان، گوتیشی "پێویستە گوتاری سیاسی کوردی دوور بێت لە دووڕوویی سیاسی".

# کەمال میراودەلی بزووتنەوەیەک دروست دەکات

## نەدەبوو نەوشیروان پەرلەمان جێبهێڵێ


کەمال میراودەلی

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

کەمال میراودەلـی، ڕەخنە لە بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێت کە بەرامبەر ئەو ساختەکارییانەی لەهەڵبژاردنی پێشـوودا ڕوویانـدا، بێدەنگی هەڵبـژاردووەو دەڵـێ "ئەگــەر گــۆڕان هەر لەســەرەتاوە لەهێزی گۆڕان و بەرهەڵسـتی دەسەڵاتەوە ببێ بە هێزی بێدەنگبوون بەرامبەر پێشێلکردن و تەزویرکردنی پرۆسەی دیموکراتی هەڵبژاردن و سـازش لەگەڵ لایەنی سەرەکی دەسەڵات بکات، دیارە ئەوە جیابوونەوەیەکی مەترسـیدارە لەو هێزو تەوژم و هەلومەرجەی ئەوی پێگەیاندووە".

میراودەلی هەسـت بەمەترسییەک دەکات لەوبـارەوە بۆ چارەنووسـی گــۆڕان و دەڵێ "مەترسـی ئەوەیە کـە ئـەم گەڕانەوەیە لە ڕەوشی ڕێکخستن و ئامانجە سیاسیەکانیشدا ڕەنگبداتەوەو، بەرپرسـانی گۆڕان وردە وردە گۆڕان وەک تەنیا بەشێکی نیمچە جیابووەوەی یەکێتـی دروسـتبکەنەوەو لەکۆتاییـدا، لەچوارچێـوەی دەسـەڵاتدا دوای کۆمەڵێک دەسکەوتی ماددی و پۆست جێی خۆی بکاتەوە و، دواییش لەگەڵ باڵە زاڵەکەی یەکێتیدا ئاشت ببێتەوە".

کەمـال میراودەلـی لــە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، دەستکێشانەوە (استقالە)ی نەوشیروان مستەفا و محەممەد تۆفیق ڕەحیم و عوسمان بانیمارانی لەپەرلەمانی کوردستان بە "کارێکی هەڵە" دادەنێ و پێیوایە بزووتنەوەی گۆڕان ستراتیژی سەرکردایەتی لەنێو پەرلەماندا لەدەستداوەو دەڵێ "پێویستییەکی جەوهەری

نانبـراوەکان، بەگەشبینییەکی "نازانسـتی و زێدەڕۆ" نێودەبات ودەڵێ" بۆ چارەسەری کاتی و پینەییـە، ئەمەش دیسـان ناچاربوون پەنا بەرنەوە بەر سەرۆکایەتی هەرێم و ستراکتورە ساختە نادەسـتوورییەکانی وەک ئەنجومەنی حیزبەکان".

کەمال میراودەلی، کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا یەکێکبوو لە کاندیدەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، توانی 25%ی دەنگەکان بهێنێ، بەپێی زانیـاری (ڕووداو) ئێسـتا میراودەلی سـەرقاڵی دروسـتکردنی بزووتنەوەیەکـە بەنێوی "ڕەوتی گۆڕان"، سەرچاوەیەکی نزیک لەئامادەکارییەکانی دروسـتکردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی میراودەلی ڕایگەیاند "ناوبراو لە دوای هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموز گەڕاوەتەوە ئەوروپاو، لە 12 وڵاتـی ئەوروپیدا پەیوەندی بە هەندێـک لەکـوردە دیارەکان کـردووەو داوای لێکـردوون کە بەشـداری لەپێکهێنانی ئەو بزووتنەوەیەدا بکەن کە خۆی سـکرتێری بزووتنەوەکەیە و تا ئێستاش 50%ی کارەکانی دامەزراندنی ئەو بزووتنەوەیەی تەواو کردووە".

بەڵام میراودەلی خۆی ڕەتی دەکاتەوە کەهێشتا ناو بۆبزوتنەوەکە دانرابێت.

ئەو سـەرچاوەیە کە بڕیارە بۆخۆشی لەو بزووتنەوە نوێیەدا کاربکات گوتی "میراودەلی بەرنامـەی وابـوو کـە بزووتنەوەکـە زوو دروستبکرێ، بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکات، بەڵام تازە فریا ناکەوێت، بۆیە خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات".

## ترسی ئەوە هەیە گۆڕان ببێتە هێزێکی کلاسیکی و دیوێکی دیکەی یەکێتییە کۆنەکە

بوو کە سـەرکردەکانی لیسـتی گـۆڕان، بە تایبەتی ئەو سـێ کەسـە، لەناو پەرلەماندا بوونایە و ڕێبەرایەتی ئەو ڕیفۆرمەو لیستەکەی خۆیان بکردایە". گوتیشی "ئەمە ستراتیجی و سایکۆلۆجییەتێکی نوێی خەباتی دادەهێنا، بەڵام نەبوونی ستراتیج و سەرکردایەتی گۆڕان لەناو پەرلەماندا ئەو هێزەشی لاواز کرد کە پەرلەمان بۆ نەخشەو ئەجندای گۆڕان بەکاربێنن، هەروەها وادەکات کە کەسێکی دیکەش لەدەرەوە بڕیار بۆ پەرلەمان بنێرێت".

هەروەها میراودەلی لەبارەی جێهێشـتنی پەرلەمـان لەلایەن سـەرکردەکانی گۆڕانەوە دەڵێ، بزووتنەوەیەک کەباوەڕی بە پرۆسـەی نوێنەرایەتی شـەرعیی و دامـەزراوەو دەزگا نەتەوەییە دەسـتووریی و یاساکانە، جیاوازی نێوان خۆی و پارتی و یەکێتی نەهێشت " کە لە دەرەوەی پەرلەمان و دەزگاکاندا لە ڕێگەی سـەرکردەی حیزبەوە بڕیـارەکان دەدرێن". گوتیشی " بە کورتی، بەبێ ڕیفۆرمی پەرلەمان خـۆی، زەحمەتە گـۆڕان یان هـەر هێزێکی دەرەوەی دەسەڵات لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هیچ بگۆڕێ".

لەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوەی چاوەڕوان دەکـرا یەکێتی بەخێرایی پەنای بۆ ببات، زنجیرەیەک ڕیفۆرمی سیاسی و حیزبی و ئیـداری بوو تاوەکـو بتوانـێ قەرەبووی شکستەکانی سلێمانی و ململانێ سیاسیەکانی پێ بکاتەوە، بەڵام میراودەلی پێیوایە "هێشتا یەکێتـی بەپێچەوانـەی ئـەو چاوەڕوانییەوە جوڵاوەتەوەو لە هەوڵـی قەڵەوکردنی زیاتری حیزبدایە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە لە سیاسـەتی دزێوو ناڕەوای نانبڕیـن بەردەوام بووە". هەروەها گەشبینی گۆڕانیش بەرامبەر بەسـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان و سەرۆکی پەرلەمـان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی

کەمال میراودەلـی، ڕەتینەکردەوە بەنیازی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەو گوتی "ئەوە بیرۆکەیەو هێشـتا نەگەشتووینەتە ئەو قۆناخەی کە 50%ی کارەکانی تەواو بووبێت". وەک میراودەلی باسـیکرد، ئەو بزووتنەوەیە جیـاواز دەبێت لەهەر بزووتنـەوەو حیزبێکی دیکەی کوردی و بۆ خەڵک و بەرژەوەندییەکانی



## ئەو بزووتنەوەیە سەرناکەوێت

**فەرید ئەسەسەرد**

خەڵک کاردەکات و پشـتگیری لەهەموو چین و توێـژەکان دەکات و زۆر پێداگیری لەسـەر سـەقامگیرکردنی یاسـاو بەیاسـاییکردنی دەسەڵاتەکان دەکات.

د.کەمال میراودەلی، کە لەساڵی 1951 لە گوندی مەرگە لەدایکبووە، ساڵی 1971 بووەتە مامۆستاو هەمانساڵ بووەتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردو لەساڵی 1981ەوە لە ئەوروپا دەژی. سـاڵی 1982 لەزانکـۆی essexی بەریتانی، ماستەری بەدەستهێناوە لەفەلسەفەی مێژوودا، ساڵی 1987یش دکتۆرای وەرگرتووە لەفەلسەفەی ئینگلیزیدا.

میراودەلـی شـێوازێکی نوێـی کارکردنی سیاسـی زۆر بەگرنـگ دەزانێ بـۆ هەرێمی کوردسـتان و دەڵێـت "دەبێ بە تـەواوی لە

قۆناخی خەباتی شـاخ و چەک و حیزبایەتی بنەماڵەیی و خێڵەکی و ناوچەیی ڕزگارمان بێ و سەرکردەو بەرپرسانی نەوەی خەباتی شاخ خانەنشین ببن و جێگە بۆ نەوەی نوێی زانست و دیموکراسی و یاسا چۆڵ بکەن".

لەبەشـێکی تری ئەو دیدارەدا، میراودەلی دامێنێکی تری ڕەوشی بوونی گۆڕان بەجیاوازی نێوان جەوهەر (بە مانـای یەکێتی کۆن)ن و جەماوەر دەزانێ و دەڵێ، جەماوەر بۆ گۆڕین و گۆڕان دەنگی بە لیستی گۆڕاندا" بەڵام گۆڕان دەشێ ئەو دەنگانە بە کاری جەوهەرو بەرهەمی خۆی بزانێ و بەڕەوای بزانێ بۆ گەمەی سیاسی و موسـاوەمە بەکاریان بێنـێ و ئەو کەس و کەسێتییانە بۆ سەرکرادیەتی گۆڕان و پۆست و ئەندامێتی پەرلەمانی عیراق دەستنیشان بکات، کە ڕەنگە کۆنە یەکێتی یان نزیکی پارتی بن".

ئەو لـەو باوەڕەدایە بزووتنەوەی گۆڕان بەو پێکهاتەو ڕەوشەی ئێستای ناتوانێ هێزێک بێ بۆ گۆڕانی سیاسی"بەڵکو مەترسی ئەوە هەیە ببێتـە هێزێکی کلاسـیکی و دیوێکی دیکەی یەکێتییە کۆنەکە بۆ گەمەی سیاسی و نەتوانێ یان نەیەوێ سیسـتمی کۆیلایەتی مووچە کە بەسەرخەڵکدا بە زۆرسەپاوە، بگۆڕێ".هەروەها جەخت لەسەر پێویسـتبوونی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە دەکاتەوەو دەڵێ "من باوەڕم وایە کە پێویستە بزووتنەوەی جەماوەری ڕاستەقینە هەبێ و ئەگەر بتوانم دەورم لە دروسـتکردنی ئەو بزووتنەوەیەدا هەبێ ئەوا وەک ئیلتیزامێکی ویژدانی و ڕۆشنبیریی، ئامادەم کاری بۆ بکەم".

هەروەها ڕەتیکردەوە وەکو سەرکردەیەک خۆی لەنێو بزووتنەوەکەدا بسەپێنێ "دەبێ جەماوەر، ڕۆشنبیران خۆیان ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینن".

سـەبارەت بـە تێکەڵاونەبوونـی بـە بزووتنەوەکەی نەوشـیروان، کەمال میراودەلی دەڵێـت "باوەڕم بە ڕابردووی سـەرکردەکانی نییەو لە ئێستاو داهاتووشیان دڵنیا نەبووم و باوەڕیشـم وا نییە سیستمێکی مۆدێرن قبوڵ بکەن کە وەک دامەزراوە نەک قوتبی شەخسی کاربکات و کەسان وەک تاک دەوری سەربەخۆو کاریگەریان هەبێ، یان بتوانێ خۆی لە ڕابردوو و ململانێی شەخسی و دەستەگەری و حیزبی دابېڕێ".

هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە هێشـتا ناوی نییەو لەقۆناخی ئامادەکاریدایە، بەڵام میراودەلی دەڵێـت بزووتنەوەی خەڵکــەو کار بۆئەوەش دەکات کە دەسـەڵات بەشـێوەی ڕاستەقینە

بگێڕێتـەوە بۆ خەڵک و ئـاوڕ لەگوندەکانیش بداتـەوە "دەبێت پرۆژەیەک بێت کار لەسـەر پێویستیەکانی خەڵک بکات و بەکردەوە جیاواز بێت".

فەرید ئەسەسـەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوانییە دامەزراندنی ئەو بزووتنەوەیە لەلایـەن میراودەلییـەوە، سـەرکەوتوو بێ "میراودەلی وەک سیاسـەتمەدار نەناسـراوەو زیاتر وەک نوخبەی ڕۆشنبیری قسەی کردووەو پێموانییە بزووتنەوەکەشی سەرکەوتن بەدەست بێنێ". بە بڕوای ئەسەسـەرد، کاریگەری هەر بزووتنەوەیەک دەکەوێتە سـەر ئەو کەسانەی پێکیدەهێنن "بـەڵام میراودەلی بۆ خۆی ئەو کاریگەریەی نییە".

بەرپرسێکی دیاری یەکێتی لەوبارەیەوە دەڵێ ئەگەر ئـەو بارودۆخە ناهەموارەی ناو یەکێتی نەبووایە میراودەلی قەت ئەو دەنگەی نەدەهێنا



## جەماوەر خۆی دەزانێ ئێمە ئەوەین کە میراودەلی دەیلێت یان نا

**سالار عەزیز**

کـە لەهەڵبژاردنی پێشـوو بەدەسـتی هێنا "بەڵام ئەمجارە هەرگیز ناتوانێ خەڵک لەخۆی کۆبکاتەوە". گوتیشی " کێشەی ئەو ئەوەیە کە تائێستاش نازانێ بۆ خۆی بایی چەندەو چەندە قورسایی لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە".

سالار عەزیز، کە سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕانە، وەڵامدانەوەی میراودەلی لەبارەی ئەو ڕەخنانـەی لەبزووتنەوەی گۆڕانـی دەگرێت بەپێویسـت نازانێ و دەڵێ باخەڵک ئازاد بێت لەوەی چی دەکات و چی دەڵێت. سالار عەزیز، کە ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشەیە گوتیشی "جەماوەر خۆی دەزانێ و هەر خۆشی بڕیار دەدات ئێمە ئەوەین کە میراودەلی دەیلێت یان نا".



## سەرۆکی لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان و بەرپرسی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتی:

# ئەگەر یەکێتی دەریشم بکات هەر لەگەڵ یەکێتی دەبم

**هێمن بابان**
**ڕووداو-هەولێر**

بەرپرسی مەکتەبی بیرو هوشیاریی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێـت 98%ی جەماوەری یەکێتی لایەنگری ئـەوەن یەکێتی دۆسـتایەتی یەکێتی بکات لەگەڵ گۆڕان دا، لە گۆڕانیشدا هەن دەیانەوێ ئەو دۆستایەتییە هەبێت، گرژییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بە زیانی هەردوولا دەزانن.

فازل کەریم، ناسراو بە (مامۆستا جەعفەر) ڕەخنە لەسـەرکردایەتی یەکێتی دەگرێت لەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە گۆڕان گرتووەیەتییە بەر و گوتی"یەکێتی نیشتمانی ئەگەر بیەوێت سەرکەوتن بەدەست بێنێ دەبێ کراوەتربێت، نابێ بە گرژییەوە تەماشـای گـۆڕان بکات، گۆڕانیش نابێ بەو شێوەیە تەماشای یەکێتی بـکات، قبوڵکردنی یەکتر، باشـترە لەوەی لایەنێک بڕوای بەوە هەبێـت لایەکەی دیکە لەناوبەرێت، ئەوە تێگەیشـتنێکی عەشایری دواکەوتووە بۆ چارەسەکردنی کێشەکە".

مامۆستا جەعفەر، کە بەرپرسی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی یەکێتییە، ماوەکانی ڕابردوو سـەرۆکایەتیکردنی لیستێکی بەناوی لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکانی بەجیا لە لیسـتی هاوپەیمانیـی کە یەکێتی و پارتی دوو هێزی سەرەکیین تێیدا ڕاگەیاند، ئەمەش نیگەرانیی زۆری لەنێـو ئۆرگانەکانـی یەکێتی و پارتی دروستکرد، بەتایبەت لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، چونکە ئەو هێشتا ئەندامی یەکێتییە، لەمبارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی " لەسـەرەتاوە لیسـتەکەمان شتێکی

زۆر ئاسـایی بـوو، بەڵام کە دەسـتمان بە چالاکـی کرد، یەکێتی بەڕوونی پێیان گوتین ئـەو کارە زیانیان پێدەگەیێنـێ، دوورنییە پارتیش نیگـەران بێت، بەداخەوە لیسـتە کوردسـتانییەکان بە تەشەنوجەوە تەماشای لیستەکەی ئێمە دەکەن".

(لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان) بە 124 پاڵێوراوەوە لە 11 پارێزگای عێراق بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکات و لە کەرکووکیش لیستی هەیە.

سەرۆکی لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان، لەبارەی لیستەکەیانەوە دەڵێت "لیستەکەی ئێمە بەشێک نییە لە یەکێتی و بە ئاراستەی یەکێتـی بەڕێوەناچێت، مـن بۆخۆم تا ئەم ساتانەش دەسـت لەکارکێشانەوەی خۆم لە یەکێتی نەنووسـیوە، ڕەنگـە تا کۆنگرەش ئەگەر یەکێتی بڕیاری دەرکردنیشـم بدات، هـەر لەگەڵ یەکێتی بەردەوام بم و ڕەنگە لە کۆنگرەی سـێ قسەی خۆم بکەم و ئەوکات ئیتر بڕیـاری خۆم بـدەم". ئـەو پێیوایە بۆ یەکێتـی باشـترە وەک هێزەکانی دیکە پشتیوانی و هاوکاری ئەوان بکات "هەندێک لە برایانی یەکێتی ئەو لیستەی ئێمەیان پێ باش نییە، پێیانوایە لە دەنگەکانی ئەوان دەبەین، بەهەمان شێوە هەندێک لە برادەرانی گۆڕانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، بەڵام ئەو بۆچوونە تارادەیەک لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە ئەو هێزانە هەموو بوونیان لەسـەر گۆڕەپانەکە هەیە، پێویستە ئەو هێزانە بەڕاستی هەوڵبدەن ئەوانەی ئەندام و دەنگـدەری ئەوانن بۆلای خۆیانی ڕابکێشن".



# مووچەی پێشمەرگە دەبێتە 700هەزار دینار

## جێگری وەزیری پێشمەرگە: نیازێکی زۆر باش هەیە بۆ تێکەڵکردنەوە

**کاوەشێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئێسـتا چوار لیوای هێزی پێشمەرگە بەتێکەڵاوی لەسـەروەختی پێکهێنانیدایەو دوای زیاتر لە16 ساڵ دابـڕان، هێزێکی تێکـەڵاوی سـەربازیی لە هەرێمی کوردستان،دروستدەکرێتەوە .سەرەتای تێکەڵکردنەوەی هێزی پێشـمەرگە لـەو ناوچانەوە دەسـتپێدەکات، کە لەدەسـتووری هەمیشـەیی عێراقدا بەناوچە جی ناکۆکەکان ناونراون و بریتین لەناوچە بەعەرەبکراوەکان . پێکهێنانی ئەو چوار لیوایە بەشێکە لەو 16 لیوایەی بڕیارە هێزی پێشمەرگەی لێ پێکبهێنرێ.

سـەرچاوەیەک لەبانکـی زانیـاری وەزارەتـی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەو چوار لیوایەی پێکدەهێنرێن، دووانیان لەهێزی پێشـمەرگەی پارتی و دووانەکـەی دیکە لە هێزی پێشـمەرگەی یەکێتی دەبـن. پێکهاتەی هەر لیوایەکیـش 4 فەوج دەبێت"، سەرچاوەکە ڕوونیشـیکردەوە " ئەگەر ئامر لیوایەک لەیەکێتـی بێ، دەبێ جێگرەکـەی لەپارتی بێت، بۆ فەوجەکانیش هەروایە".

ئەنوەر حاجی عوسمان جێگری وەزیری پێشمەرگە دەڵێ " نیازێکی زۆر بـاش هەیە بۆ تێکەڵکردنەوەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە"، جێگری وەزیری پێشمەرگە کە لەکاتی بەسـەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری خۆرهەڵاتی شاری کەرکووک قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، گوتی " بەپێکهێنانی ئەم چوار لیوایە هەنگاوێکی گەورە دەست پێدەکات بۆ تێکەڵکردنەوەی هێزەکانی دیکەی پێشـمەرگەی کوردسـتان، بەڵام پێویستمان بەکاتە"، هەروەها گوتیشـی " ناکرێ لە16 لیوا تەنیا چواریان تێکەڵکرابن و پێداویستییەکانیان بۆ دابینکرابێ و ئەوانی دیکە بەجۆرێکی دیکەبن".

سەرچاوەکەی بانکی زانیاریی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوەشی خستەڕوو " کە ئێستا گرفتی گەورەی بەردەم تێکەڵکردنەوەی پێشـمەرگە، کەمی بودجەیە، ئەگینا هەموو شت ئامادەیەو تەنیا دابینکردنی پارە ماوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تێکەڵکردنەوە بە تەواوی". دەربارەی جلوبەرگ ومووچـەی هێزی تێکەڵکراویش ئاشـکرای کرد کە " مووچەی هەر پێشـمەرگەیەکی ئـەو لیوایانە نابێ لـە 700 هەزار دینـار کەمتربێ، لەکاتێکدا مووچەی پێشـمەرگە ئێسـتا 250 هەزار دینارە". سـەبارەت بە جلوبەرگیـش گوتی " دەبێ ئەو هێزە جلوبەرگێکی مۆدێرنی ستاندارد بپۆشێ کە ڕەنگەکانـی بەپێی وەرزەکان دەگـۆڕدرێ. لەهاویندا ڕەنگـی زەردباو، لەزسـتاندا ڕەنـگ زەیتوونییەکی بەڵەک (مغاوير)". بەگوێرەی قسەکانی ئەو سەرچاوەیە پێدەچێ جلوبەرگەکان لە وڵاتی کرواتیا یان ئۆکرانیاوە بهێنرێن " بەڵام هێشـتا تەواو یەکلایـی نەبووەتەوە لەکـوێ دەهێنرێـن". دەربارەی ئارم ونیشـانەکانی پلەبەندیی لەهێزی پێشمەرگەدا گوتی " هێشتا ئارمێکی دیاریکراو بۆ وەزارەت وهێزی پێشمەرگە دروستنەکراوە، نیشـانەکانی پلەبەندیی (روتبە) هێندێکیان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد " ماوەیەکە هێزە ئەمریکییەکانی لە عێراق، گوشـارێکی زۆریان خستووەتە سـەر سەرکردایەتی کورد، تاوەکو پەلە بکرێ لەتێکەڵکردنەوەو پێکهێنانی سـوپایەکی نیزامی لەهێزی پێشمەرگە"، سەرچاوەکە گوتیشی " ئەمریکییەکان دەیانەوێ لەکاتی کشانەوەی هێزەکانیان لەعێراق کە بڕیارە کۆتایی سـاڵی 2011 کۆتایی بێت. کورد لەسەر پێی خۆی بەباشی وەستابێ و هێزێکی ئامادەکراوی تۆکمەی هەبێ بۆ پاراسـتنی سنوورەکانی هەرێمەکەی".

ئەنـوەر حاجـی عوسـمان، جێگـری وەزیـری پێشـمەرگە، هاوکاریی ئەمریکییەکانی دووپاتکردەوە دەربارەی پێکهێنانی سوپایەکی تۆکمەو مەشقپێکراوی هەرێمی کوردستان. ئەو گوتی " هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراق بەڵێنی هاوکارییان پێداوین". بەپێی قسـەکانی جێگری وەزیر، هاوکارییەکان بریتی دەبن لەمەشقپێکردن و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە.

بەپێی یاسای سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، فەرماندەی گشتیی هێزەکانـی پێشـمەرگەیە . یەکێـک لەناکۆکییـە چارەنەکراوەکانـی نێوان بەغداو هەولێر، مەسـەلەی بودجە و دابینکردنی خەرجیی هێزەکانی پێشمەرگەیە، هەرچەندە پێشمەرگە لە دەسـتووری عێراق دا وەک (پاسـەوانی هەرێم —پێشـمەرگە)دانپیێدانراوەو لە بودجەی بەرگریی عێراق دا بەشی پێشمەرگەش دەبێ بدرێ. گرفتی سەرەکی ڕێکنەکەوتن لەو بارەوە دەگەڕێتەوە بۆ فەرماندارییکردنی ئەو هێزە کە بەغدا خوازیاری ئەوەیە هێزی پێشمەرگە بخرێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی بەرگری، بەڵام هەرێمی کوردستان دەیەوێ لەژێر فەرماندەیی وەزارەتی پێشمەرگە بێت . بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بەهـۆی زۆری خەرجـی هێـزی پێشـمەرگەوە، پێدەچێ هەرێمی کوردسـتان بەو داوایە ڕازی ببێ و ئەو خەرجییـە زۆرە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە کە ساڵانە بۆ پێشمەرگە خەرجی دەکات".

جێگری وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەیشـی بـە (ڕووداو) گـوت " تائێستا حکومەتی بەغداهەنگاوێکی دڵخۆشکەری لەبارەی بودجەی پێشمەرگەوە نەناوە".

# ئابووری

## مالیکی بووە هۆی ڕاگرتنی دامەزراندنی فەرمانبەرانی نوێ



ڕووداو-ئیبا

پەرلەمانتاری عێراق، جەلالەدین سەغیر ڕایگەیاند ئەنجوومەنی نوێنەران هەشت مانگە داوای پاڵاوتنی چەند ناوێکی لە سەرۆک وەزیران کردووە بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی خزمەتی فیدراڵی "بەڵام تائێستا وەڵامی نەداوەتەوە"، ئەنجوومەنی نوێنەران دامەزراندنی فەرمانبەرانی بە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە بەستووەتەوە. سەغیر گوتیشی هەندێک پەرلەمانتار کە ئێستا داوا لەسەرۆکایەتی کۆمار دەکەن ماددەی تایبەت بە ڕاگرتنی دامەزراندن ڕەتبکاتەوە کە بەرمەرجی دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە بەستراوەتەوە، بەڵام زەحمەتە سەرۆکایەتی کۆمار ئەو ماددەیە ڕەتبکاتەوە.

| | دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118600 | 485 $ |  |
| 100 € | 166000 | 114 $ |  |

### لە کۆی 18 کارگەی حکومی 15یان بەکرێدراون

# بەرهەمهێنانی حکومەت لە سفرەوە نزیکە



هێمن ڕەحیم بابان
heminb24@yahoo.com

ڕووداو- هەولێر

حکومەت لەڕێگەی وەزارەتی پیشەسازی زۆرینەی کارگەکانی بەکرێداوەتە کەرتی تایبەت، بەرهەمهێنانی حکومەتیش لەپیشەسازیدا لە سفرەوە نزیکە، چەند کارگەیەکیش هەن ساڵانە جگە لە خەرجی هیچ داهاتێکیان بۆ حکومەت نییە.

ئاراس ڕەئوف عارف، بەڕێوەبەری پیشەسازی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند بەهۆی نەبوونی داهات و زۆری خەرجییەکانیان، زۆر لەکارگە حکومییەکان بارێکی قورس بوون بەسەر حکومەتەوە، بۆیە حکومەت بڕیاریدا بیانداتە کەرتی تایبەت "لەو کارەش سەرکەوتوو بووین".

پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی 30 کارگە بوو، بەڵام بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی ئێستا تەنها 18 لەو کارگانە ماون (5 لە هەولێرو 13 لە سلێمانی)، کە بەشێواز و ماوەی جیاواز 15 لەو کارگانە بەکرێدراونەتە کەرتی تایبەت، ماوەی بەکرێدانیشیان لەنێوان 10-25 ساڵە.

بەشێک لە کارگە حکومییەکان هەرچەندە لە کار کەوتوون، بەڵام حکومەت ئێستاش کرێی فەرمانبەرانی ئەو کارگانە دەدات بەبێ ئەوەی بەرهەمیان هەبێ، لەوانەش کارگەکانی پوختەکردن و ترشاندنی توتن، کارگەی بەفری زنانە، کارگەی پوختەکردنی توتن لە کۆیە.

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە، دەڵێت پێویستە کەرتی پیشەسازی بدرێتە کەرتی تایبەت و سەرمایەدارەکان و حکومەت چاودێری جۆری بەرهەمهێنان بکات "لە هەموو عێراقدا یەک کارگەش نییە سوودی ئابووری هەبێت، کارگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان پێشتر باربوون بەسەر حکومەتەوە، ئێستاش کارگەمان هەیە بارە بەسەر حکومەتەوە و تەنها لە سەری مانگ مووچەیان وەردەگرن، بێ ئەوەی بایی یەک سەنت بەرهەمیان هەبێت"، ئەو کارگانەش کە قسەکانی ئەو بەرپرسە دەیانگرێتەوە بریتین لە کارگەکانی شەکر لە سلێمانی، گەچی بازیان ئەگەرچی کاردەکات، بەڵام ناتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی خۆشی دابین بکات، ڕستن و چنینی کفری کە ئامێرەکانی هی حەفتاکانە.

پسپۆڕانی بواری ئابووری بە "تایبەتکردن"ی کارگە حکومییەکان بە کارێکی باش دەزانن. ئابووریناس مزەفەر هەمزە لەو بارەیەوە دەڵێت "بەتایبەتکردن بۆ کارگە حکومییەکان باشە، بەڵام بەتایبەتکردن بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ بەپێی میکانیزمێک بێت، دەکرێت لەو بەتایبەتکردنە حکومەت نیوەی بفرۆشێتەوە یان بەکرێیان بدات و نیوەکەی دیکە پشکی خۆی بێت".

لە ماوەی ڕابردوودا جگە لەو کارگە حکومییانەی دراونەتەوە کەرتی تایبەت، چەندین کارگەی تازەش لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دامەزراون، تاوەکو کۆتایی 2009 لە هەرێمی کوردستان 4174 کارگەی کەرتی تایبەت مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، کارگەکانی کەرتی بیناسازی، پاشان کارگەکانی خۆراک و لەدوای ئەوانیشەوە ئەلەمنیۆم زۆرترین ئەو کارگانەن. بەڵام بەهۆی سەرپێچیکردنی پێوەرەکانی بەرهەمهێنان چەندانیان سزادراون. بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە ساڵی ڕابردوو 82 کارگەی کەرتی تایبەت سزادراون.

سروود ئەحمەد، بەڕێوەبەری پلاندانان و توێژینەوە لە بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەندێک لەو کارگانە بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانیان لەرووی کوالیتییەوە بەپێی مواسەفاتی پێوانەیی نەبووە، واتە ساختەکارییان تێدابووە، بۆیە سزادراون، چونکە کاریگەری بۆ سەر ژینگە دەبێت، هەندێکیان زەوییان بۆ دامەزراندنی کارگە وەرگرتووە، کەچی زەوییەکانیان بۆ شتی دیکە بەکارهێناوە".

هەرچەندە ئاراس ڕەئوف جەخت لەوە دەکاتەوە کارگەکانی کەرتی تایبەت لە چەند بوارێکدا بەتەواوەتی جێی دەستیان دیارە و وایانکردووە پێویستی بە بەرهەمی دەرەکی زۆر کەمببێتەوە، بەڵام مزەفەر هەمزە پێچەوانەی ئەو دەڵێت "زۆرینەی کارگە ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان لە سێکتەرەکانی بیناسازی و پیشەسازیی خۆراکی سادەدا کاردەکەن، پێویستمان بەو کارگانەیە کە بەدیل بۆ هاوردەکانمان لە دەرەوە دروست دەکەن، وەکو ئامێرە کارەباییەکان کە بتوانن ژێرخانی بەرهەمهێنان لە کوردستان باش بکەن".

بەهۆی ناوی بازرگانییانەوە کە پێشتر لە بەغدا تۆماریانکردوون و لە هەرێمی کوردستان ئەو ناوانە هەن، ئێستا سێ لەو کۆمپانیایانەی کارگەکانی حکومەتیان بەکرێگرتووە سکاڵایان لەسەر وەزارەتی پیشەسازی تۆمارکردووە و وابڕیارە دادگە بەم نزیکانە کێشەکە یەکلایی بکاتەوە، ئاراس ڕەئوف لەمبارەیەوە دەڵێت "لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کارگەی جگەرەی هەولێری بەکرێگرتووە گەیشتینە ئەنجام، بەڵام کێشەکانی کارگەی مەڕمەر لە پارێزگای هەولێر، کارگەی جگەرەی سلێمانی و کارگەی ڕۆنی ڕووەکی لە عەربەت ماون".

تەنها ساڵی ڕابردوو 157 کارگە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە کوردستان دامەزراون کە 106 یان لەهەولێر و 41 یان لە سلێمانی و 10 شیان لە دهۆک مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە.

مزەفەر هەمزە، بەرپرسی پێشووی لقی هەولێری یەکێتی ئابووریناسانی کوردستان، دەڵێت کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان "کەرتێکی داڕووخاوە"، چەند فاکتەرێکیش بەهۆکاری ئەوە دادەنێت، لەمبارەیەوە دەڵێت"چونکە ناتوانین ڕکابەرایەتی کەلوپەلەکانی دەرەوە بکەین و، وڵاتانی دیکە تێچوونی بەرهەمهێنانیان زۆر کەمکردووەتەوە". هاوکات پێشبوایە ئەو بودجە کەمەی لە بوجەی 2010دا بۆ هەریەک لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی تەرخانکراون زۆر کەمە و ناتوانێ کێشەکان چارەسەربکات، دەڵێت" هیچ کاتێک کەرتی پیشەسازی لە حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەولەویات نەبووە، ئەو بودجە کەمەش لە بودجەی 2010 بۆ پیشەسازی دیاریکراوە ناتوانێ کێشەی پیشەسازی چارەسەربکات، چونکە وەزارەتی پیشەسازی تێڕوانین و پلانی ستراتیژی بۆ ئایندە نییە، هۆکاری ئەمەش نەبوونی کادیر و کەسانی پسپۆڕە".

ئیسماعیل گەڵاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، هاوڕایە لەگەڵ ئەو ئابووریناسە و پێیوایە ئەو بوجەیە کەمە، گەڵاڵی جەختدەکاتەوە"پێویستە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی بودجەیەکی زیاتریان بۆ تەرخانکرابا، چونکە ئەو دوو سێکتەرە بەهۆی سیاسەتە سەقەتەکانی ڕابردووی حکومەتی بەعس و حکومەتی هەرێمیشەوە داڕووخاون و بودجەی زیاتریان پێویست بوو نەوەک ئەو بڕە پارەیە کە زۆر کەمە".

### نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر:

# گەورەترین دایناسۆر دەرگای قەڵاتە و لادەدرێت



## قــەڵا

**ڕووداو: ماستەرپلانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر دەبووایە تائێستا تەواوببێ، بۆچی دواکەوت؟**

**نەوزاد هادی:** 85%ی کارەکە تەواوبووەو 15%ی ماوە. بەشێکی گرنگی ئەو ماستەر پلانە کۆکردنەوەی زانیاریی مێژووییە لەبارەی قەڵات. هەر ئەوەنییە بۆڕی ئاو لەکوێ بێت و خانووەکان چۆن چاک بکرێنەوە، ئەوە تەنیا بەشێکە لەکارەکە، بەشی گرنگتری ئەوەیە کە هەرچی دۆکومێنت هەیە دەربارەی قەڵای هەولێر لەسەرانسەری دنیا کۆکراونەتەوە، بۆنموونە یەکێک لەو شتە گرنگانەی دەستکەوتووە تابلۆیەکە لە مۆزەخانەی لۆڤەر دۆزراوەتەوە. بەپێی تابلۆکە دوایین حاکمی ئیمپراتۆریێتی مادەکان (کە وەکو سیستمی فیدراڵی لەکۆمەڵێک ئیمارەت پێکدەهات )، کە بەدەستی داریوشی یەکەم لەسێدارەدراوە، حاکمی قەڵابووە .لەتابلۆکەداوێنەی ئەوحاکمە کێشراوە کە هەردوو دەستی بەستراونەتەوەو بەخەتی کۆن لەسەری نووسراوە. دیارە قەڵای هەولێر بەحوکمی ئەو تەمەنە درێژەی هەیەتی لەزۆر ڕووداوی گەورەی جیهانیدا ناوی هاتووەو بەڵگەنامەی زۆری لەسەرە، بەشێکی ماستەر پلانەکە کۆکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتانەیە لەهەر شوێنێک بن لە جیهاندا. بەشێکی هۆی دواکەوتنی ماستەرپلانەکە ئەوەیە. جگە لە ئامادەکردنی ماستەرپلان شتێکی دیکەش هەیە پێویستی بەوەیە پەلەی لێبکرێت، کە 10 خانووەکەی سەر شوورەی قەڵاتن، کە پێویستیان بەوەیە پەلەبکرێ لە چاککردنەوەیان، ئەو خانووانە لەمەترسیدان و هەندێکیان لێ ڕووخاوە. ئەوەی ئێمە لەدوایین کۆبوونەوە لەگەڵ یونسکۆ تێگەیشتین لە 2010/4/1 دەست بەچاککردنەوەی ئەو خانووانە دەکرێ. بەنیازین چەند گرێبەستێکی دیکەش لەگەڵ یونسکۆ بکەین بۆ درێژەدانی کارەکانمان لەگەڵیان، چونکە ئێستا ئەوان قەڵاتیان کاندید کردووە بۆئەوەی بکرێتە شوێنەوارێکی جیهانی، شێوازی کارکردن لە یونسکۆ بەوجۆرەیە، سەرەتا شوێنەوارێک دیاری دەکەن بۆئەوەی ببێتە شوێنەوارێکی جیهانی. کە قبووڵ کرا ئینجا دێن کاری لەسەردەکەن.

**ڕووداو: لەو بڕوایەن قبووڵ بکرێ؟**

**نەوزاد هادی:** ئەو کۆمپانیا بەریتانییەی ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ کردووە، لەهەموو جیهاندا 11 شوێنی وەرگرتووەو هەر یازدەیان وەک شوێنەواری جیهانی لەلایەن یونسکۆوە قبووڵ کراون. ئێمە گەشبینین و کارەکە کەوتووەتە سەر ڕێچکەی خۆی، بەڵام ئەوە وەختی دەوێت، ئامادەکاری و کاری بەردەوامی دەوێت. یەکێک لەکێشەکانی قەڵا ئەو هەموو ئاوە پیسەیە کە بەهۆی نەبوونی زێراب لەماڵەکانەوە چووەتە چینەکانی خوارەوەی، ئەوە سبەی لەوەختی هەڵکۆڵین کێشە دروست دەکات. چونکە جگە لە نۆژەنکردنەوەی قەڵا، هەڵکۆڵینیشی تێدادەکرێ، ئەوەی بەدەرەوەیە شتێکی دیکەیە، بەڵام لەژێرەوەی قەڵا شتێکی گرنگتر هەیە. لەهەندێ شوێنیدا بەقووڵایی 36 مەتر ئینجا دەگاتە سەر عەردی ساخ. ئەوە هەمووی شارستانێتییە لەسەریەک کەڵەکەبووەکانە و جێ پەنجەی هەموو شارستانیەتییەکانی پێوە دیارە.

**ڕووداو: ئەو پارەیەی دەدرێتە یونسکۆ کێ دەیدات، ئێوە یان حکومەتی عێراق؟**

**نەوزاد هادی:** بەپێی گرێبەستەکە دەبێ ئێمە بودجەیەک بۆ یونسکۆ دابین بکەین، ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت.

**ڕووداو: واتە حکومەتی عێراق هیچ پارەیەک نادات؟**

**نەوزاد هادی:** نەخێر.

**ڕووداو: بەڵام باسی پارەیەک دەکرا کە حکومەتی عێراق تەرخانی کردووە؟**

**نەوزاد هادی:** ئێمە کاتی خۆی وەک پارێزگا بەجیا لەنووسینگەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان 5ملیارو 200 ملیۆن دینارمان وەرگرتووە لەدرەوەی بەشی 17%ی بودجەی هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: پارەکە چی لێهات؟**

**نەوزاد هادی:** پارەکە چووە لای ئەو لیژنەیەی شیرین ئیحسان شێرزاد سەرپەرشتیی دەکرد.

**ڕووداو: بەڵام دەڵێن لەو پارەیە شتێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە؟**

**نەوزاد هادی:** نازانم، پارەکە لەنێوان ئەوان و وەزارەتی داراییە.

**ڕووداو: هەندێک داوای ئەوەدەکەن لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو لیژنەیە بکرێ، گوایە سەفەری زۆریان بەو پارەیە کردووەو هیچیشیان نەکردووە؟**

**نەوزاد هادی:** وردەکاریی مەسەلەی پارە کاری ئێمە نییە وردبینیی تێدابکەین.

**ڕووداو: لەلایەنی کوردییەوە کێ بەو ماستەرپلانەدا دەچێتەوە؟**

**نەوزاد هادی:** ئێمە خۆمان ئەندامین لەو دەستەیەو دەستەکەش بەرفراوان دەکەین، فەرمانگەی شوێنەوار، کۆمەڵەی شوێنەوارناسانی کوردستان و زانکۆ. بەڵام یونسکۆ خۆیشی لیژنەیەکی دیکەی هونەری دێنێ ماستەرپلانەکە هەڵدەسەنگێنێ.

**ڕووداو: مەبەست ئەوەیە دوارۆژ کەس ناڵێت مۆرکی کوردەواری بەقەڵاوە نەماوە؟**

**نەوزاد هادی:** یونسکۆ ئەو کارانە ناکات، ئەوان ڕێکخراوێکی بێلایەنی جیهانین و بەو ئاراستانە کارناکات کە لەکە بهێنێتە سەرخۆی، پێویستی بەوە نییە چونکە مامەڵە لەگەڵ هەموو شوێنەوارەکانی جیهان دەکات.

**ڕووداو: ئەوەی تائێستا بۆ ئێوە دیاربێت لەنێو ئەو ماستەرپلانە، لەناو قەڵا چ دەکرێ؟**

**نەوزاد هادی:** خۆی لەکۆنفرانسی 2004 کە وەزارەتی ڕۆشنبیری تایبەت بەقەڵا سازیکرد هەموو پێشنیازەکان خراونەتەڕوو، بەشێکی قەڵات بەئاوەدانی دەمێنێتەوە، بەشێکی دیکەی وەک مۆتێل و شوێنی هونەری و شوێنی فرۆشتنی شتومەکی کەلەپووری نۆژەن دەکرێتەوە، هەمووشی لەسەر شێوازە کۆنەکە دەبێت. جگە لەوانەش ئێستا بنکەی ڕۆشنبیری چیکی و فەرەنسی و ئیتاڵی کە لەوێن ئەوانە دەمێننەوە، واتە قەڵات لەهەموو ڕوویێکەوە دەوڵەمەند دەکرێ.

**ڕووداو: شیرین ئیحسان شێرزاد، سەرۆکی پێشووی نۆژەنکردنەوەی قەڵا، لەدیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) دەڵێت ئەو دایناسۆرانەی لەهەولێر پەیدابوونە بەو بینا بەرزانەی دروستیان کردوون سیمای هەولێرو قەڵایان تێکداوە؟**

**نەوزاد هادی:** جا خۆ گەورەترین دایناسۆر دەرگاکەی قەڵاتە، دەرگا ڕاستەقینەکە هەڵگیراوەو خۆیشیان بەو دواییە لەڕۆژنامەی (التاخی) دانیان پێداناوە کە ئەوە ستایلێکی بابلییە، ڕاستە سەردەمێک بابلییەکان لەعێراق بوونە، بەڵام میدییەکانیش هاوزەمانی ئەوان بوون، ئەوە لەمێژوودا دیارە کە میدیاو بابل ڕێککەوتن و دەوڵەتی ئاشوورییان ڕووخاند. ئەو شوورەیەی ئەوان هێنایان زۆر نامۆیە بەقەڵا، ڕاستە لەسەردەمێکی دیاریکراو ئەو شارستانێتییانەش لەقەڵات هەبوونە، بەتایبەتی ئاشوورییەکان، ئێستاش مەزەندە دەکرێ پەرستگەی عەشتار بەقووڵایی 13تا 16 مەتر لەژێر قەڵادا مابێ، بەڵام ئەو دەرگا کۆنکریتییەی دروستیانکرد تا قووڵایی 36 مەتر چووەتە خوارەوە، ئەگەر درێژی و پانیی دیوارەکان و قووڵایی 36 مەتر وەرگری دەبێ چەند تۆن شوێنەوارو خۆڵی قەڵات دەرهاتبێ و فڕێ درابێ؟ بەڕاستی گەورەترین دەستدرێژی کە کرابێتە سەر قەڵات، کە کرابێتە سەر شوێنەوار ئەو دەرگایەیە کە پێش ڕاپەڕین دروستکراوە. ئەوە دیزاینی ئەوان بووەو خۆیان کردوویانە، دژی ئەو بڕیارەی کۆنفرانسیش ڕاوەستانەوە کە دەرگاکە هەڵبگیرێ، چونکە هەڵگرتنی دەرگاکە یەکێکبوو لە بڕیارەکانی کۆنفرانس بەوپێیەی شتێکی نامۆ و نەشازەو هیچ پەیوەندییەکی بە قەڵاوە نییە، ئەوە دەستکردی ساڵانی سەرەتای هەشتاکانەو مەعلومە بۆچی بەو شێوازە کراوە، ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی بۆبکرێ، دەردەکەوێ بۆنموونە سەدام چۆن دەستکاریی هەموو شوێنەوارەکانی عێراقی کرد، لە مووسڵ دەبینی لەسەر کەلاوەی ئاشوورییەکان کۆشکەکانی سەدام دروستکراون، یەکێک لەو کۆشکانە پێیدەگوترێ کۆشکی ڕیماح، کاتێک تەماشای نەخش و نیگاری سەر دیوارەکانی دەکەی، دەزانی مەبەست لەدروستکردنی ئەو کۆشکە گۆڕینی شارستانێتی ئاشووری بووە، ڕمەکانی دەستیان و جلوبەرگەکانی لای خوارەوەیان هەمووی ئاشوورییە، بەڵام لەسەرەوە عەگالیان لەسەرناوە، ئەوە تەعریبکردنی شارستانێتی ئاشوورە. لەبابل بەهەمانشێوە کە هاتن عەشتارو بابلیان نۆژەنکردەوە لەسەر هەموو دیوارەکان پیتی (ص.ح)یان لێداو ئێستاش ئەوە هەرماوە. لەهەولێریش دیسان هەمان شت کراوە، سەدام دەیزانی قەڵای هەولێر یەکێکە لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکان، دروستکردنی دیوارەکە بەو دیزاینە پەیوەندیی بەسەردەمی ئەوەوە هەیە. سەدام دەیویست جێ پەنجەی خۆی لەسەر قەڵا بەجێبهێڵێ. ئەوە شێواندنی مێژووەو ئەوە دایناسۆری گەورەیە ئەگەر باسی دایناسۆر دەکەن. کەچی ئیحسان فەتحی لە ڕۆژنامەی (التاخی) داوای کردبوو شوورەی قەڵا لەسەر شێوازی دەرگاکە دروستبکرێتەوە، مومکین نییە شتی وا قبووڵ بکرێ، خۆ ئێمە لەگەڵ ئەوەنین مافی هیچ کام لەو شارستانێتیانەی کە هەبوونە ون بکرێ، چونکە ئەوە مێژووە، بەڵام شوێنەواری چەندین شارستانێتی بەو قەڵاتەوە جێماوەو دەبێ وەک ئەوەی کە هەبووە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

## بودجەو هەولێر

**ڕووداو: بودجەی ئەمساڵی پەرەپێدانی هەولێر چەندە؟**

**نەوزاد هادی:** چاوەڕێی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانین، ئەوان ژمارەکە دیاری دەکەن. بودجەی پەرەپێدان لەهەرێمی کوردستان مەرج نییە وەک بودجەی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت. بۆنموونە ساڵی 2008 کە گەورەترین بودجەی پەرەپێدان لەعێراق دانرا هەولێر دەبووایە 400 ملیار وەربگرێ، بەڵام 360 ملیار دیناری بۆ دانرا. ساڵی 2009 نزیکەی 200 ملیار بوو، بەڵام ئەمساڵ سەرۆکایەتی حکوومەت هێشتا بودجەی پەرەپێدانی ڕانەگەیاندووە.

**ڕووداو: ترسی ئەوە هەیە هەولێر بکرێتە قوربانی پێشکەوتنی خۆی لەمەسەلەی دانانی بودجە؟**

**نەوزاد هادی:** عێراق بڕیار لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی بودجەی 17%ی کوردستان نادات. سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، بەشی زۆری بودجەی وەبەرهێنانی ئەمساڵ لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەیە کە پێشتر دەستیانپێکراوە، زیاتر لە 4،2ی 3 ملیارەکە بۆ ئەو پرۆژانەیە کە پێشتر بڕیاریان لێدراوە، جگە لەوەش هەولێر پلانی خۆی هەیەو لەڕووی جووڵەی ئابووریش هەولێر ئەو هێزەی وەرگرتووە کە جووڵەیەکی زیاتری ئابووری بۆخۆی ڕابکێشێ.

**ڕووداو: گرنگترین پرۆژەی ئەمساڵتان چ دەبێ؟**

**نەوزاد هادی:** فڕۆکەخانەی نوێ وا تەواو بوو، پرۆژەی ڕێگەی دووسایدی کۆڕێ-قەندیل کە 172 ملیۆن دۆلاری دەوێ و پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە. پرۆژەی گرنگتر ئاودێریی دەشتی شەمامکە کە داوامان کردووە بۆ ئەمساڵ هیچ نەبێ وەک قۆناخی یەکەم 50 ملیۆن دۆلاری بۆ دابنرێ و بخرێتە بەرنامەوە، خۆ شبە ختا نە ڕەزامەندیی لەسەردرا. ئەو پرۆژەیە پێشتر دیزاین و هەموو شتی تەواوبووەو نزیکەی 80 هەزار دۆنم زەوی بەراو دەکات. ئێستا وەک قۆناخی یەکەم 50 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو دەبێتە یەکێک لەپرۆژە زۆر باشەکانی هەولێر. هەروەها بەرنامەمان داناوە دوو بینایەی نوێ دروستبکەین، یەکێک بۆ پارێزگاو ئەوی دیکە بۆ دادگاو فەرمانگەکانی دادوەری کە دەکەونە سەر ڕێگەی مووسڵ. ئامانجمان لەوە جێبەجێکردنی ماستەرپلانە، چونکە ئەم بینایانەی ئێستا نامێنن و شوێنەکانیان دەکرێتە پارک و شتی دیکە.

## ئاگای لە پارکی قوڕەبەرازە نییە

**ڕووداو: ئێستا کۆیە سەر بەپارێزگای هەولێرە؟**

**نەوزاد هادی:** بەڵێ.

**ڕووداو: دەسەڵاتتان بەسەر کۆیەدا دەشکێ؟**

**نەوزاد هادی:** بودجەی پەرەپێدانی لای ئێمەیە، کاروبارە ئیدارییەکانی دەگەڕێتەوە لای ئێمە، بەڵام گۆڕینی قایمقام لای ئێمەوە نەبوو.

**ڕووداو: ئاگاتان لەدانانی قایمقام نەبوو؟**

**نەوزاد هادی:** نەخێر بەخۆیان دایاننا.

**ڕووداو: ئێوە ڕێگە بەکردنەوەی پارکی حیزبی دەدەن؟**

**نەوزاد هادی:** نەخێر، لێرە پارکی شانەدەرو منارە کراون، ئەکواپارک کراوە، هەروەها پارکی کانیاو کراوە لای کەسنەزان.

**ڕووداو: بەڵام لەم ڕۆژانە لە کۆیە پارکی قوڕەبەراز کرایەوە کە پەیوەندیی بەداستانی قوڕەبەراز هەیەو وێنەی 19 شەهیدی یەکێتی لێدراوە، لەکردنەوەشیدا مەڵبەند پێش قایمقام وتاری خوێندەوە؟**

**نەوزاد هادی:** ئاگام لەوە نییە، ئاگاداریشیان نەکردینەوە.

**ڕووداو: هەست ناکەن هەولێر خەریکە لە قەرەباڵخیی ئۆتۆمبێلدا دەخنکێ؟**

**نەوزاد هادی:** لەسنووری پارێزگای هەولێر نزیکەی 400 هەزار ئۆتۆمبێل هەیە، بەڵام ترافیک لەهەولێر بەوشێوەیە زەحمەت نەبووە. هەندێ پرۆژەش لەبەرنامەن کە بکرێن وەک چوارڕیانی لای نەخۆشخانەی ڕزگاری کە بڕیارە ئەمساڵ پرۆژەیەکی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسی لێبکرێ. بەڵام بەگشتی لەهەولێر یەکێک لەکێشەکانمان نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتییە وەک نەبوونی ترام و ڕێکخستنی گواستنەوەی گشتی، بەوهۆیەوە خەڵک زیاتر ئۆتۆمبێلی تایبەتی بەکاردێنن.

**ڕووداو: پلانی ئەوەتان هەبوو کە پیشەسازیی باکوور بگوازنەوە، ئەوە چی لێهات؟**

**نەوزاد هادی:** پلانەکە وەکو خۆی ماوە، بەڵام ئەوە بەندە بە بودجە، پێویستە ناوچەی پیشەسازی نوێ دروستبکرێ ئینجا دەست بە لابردنی ئەوێ بکرێ. لەگەڵ دوکاندارەکانی ئەوێ قسەکراوە بۆ ئەوەی دیزاینی ناوچە نوێیەکە چۆن بێت و بەگوێرەی داواکاریی ئەوان دانراوە.

## ئاسمانی هەولێر جێگەی دوبەی دەگرێتەوە؟

**ڕووداو: پاش تەواوبوونی ئەم فڕۆکەخانە نوێیە، چی لەئاسمانیی هەولێر چاوەڕێ دەکەن، پێتانوایە بەهۆی ترانزێتەوە گەشتە ئاسمانییەکان زیاتر ببن؟**

**نەوزاد هادی:** لەنێوان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەوروپا ئەگەر تەماشای نەخشە بکەی، لێرە خاڵێکی ناوەندی وەک ترانزێت پێویستە، لەو ڕووەوە ئێرە شیاوترە لە دوبەی بۆ ترانزێت، چونکە سەعاتەکانی فڕین کەمتر دەکاتەوەو لەچاو دوبەی دوو سەعات کەمترە، کۆمپانیاکانیش حسابی قازانج و زەرەری خۆیان دەکەن. فڕۆکەخانەی هەولێر بۆ ئەوە دەست دەدات کە ببێتە خاڵی ترانزێت. ئەوە ئەگەر ببێ، بێگومان هێزێکی ئابووریی باش دەداتە هەولێر. بەڕاستیش فڕۆکەخانەی نوێ بەو گەورەیی و فراوانییەی کە دروستکراوە هەر بەو نیازە کراوە.



دەرگای قەڵای هەولێر کە لە هەشتاکان دروستکراوە لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی قەڵادا لادەدرێت (فۆتۆ:ڕووداو)

## مەحمود ڕەزا ئەمین، سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان:

# دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان بە بەرنامە نەبوو



**مەحمود ڕەزا، نووسەر و ئامۆزای نەوشیروان مستەفا، لەسەر داوای سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە بۆ یارمەتیدانیان. جگە لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشداریی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەکات. ئەو کە لەسەردەمی شاخ و شاردا چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)دا باسی پێکهاتن و ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات:**

ڕووداو – سلێمانی

**ڕووداو :ئێوە لەنێو یەکێتیدا وەک پێشمەرگە و نووسەرێکی سەردەمی شاخ ژیاون، ئێستاش کە دەبینی لەشار لە بزووتنەوەیەکی دیکەدای جیاواز لە یەکێتی، ئەوکات لە شاخ پێشبینی ڕۆژێکی واتدەکرد؟**

**مەحمود ڕەزا :** هەمیشە خەونم بەڕۆژێکی واوەدەبینی، زۆربەی هاوڕێکانم شاهێدی ئەوەم بۆ دەدەن کە هەمیشە پشتگیریم لە ئازادی

### ئەم جارە زۆر گەورەتر لە هەڵبژاردنی پێشوو دەردەکەوین

بیرورا کردووە. لەساڵی 1993 وازم لەڕاگەیاندنی یەکێتی هێنا .لە کۆبوونەوەیەکدا مام جەلال پێیگوتم بۆ ناگەڕێیەوە ناو ڕاگەیاندن، گوتم ناتوانم دوور لە ویژدانی خۆم کاربکەم و شتێکی ناڕاست بەخەڵک بڵێم و، چووم بوومە بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.

**ڕووداو: پێشبینی ئەوەتان دەکرد کە بزووتنەوەیەکی لەم شێوەی بزووتنەوەی گۆڕان دروست ببێت؟**

**مەحمود ڕەزا :** من تەمەنێکی زۆری خۆمم لەناو یەکێتیدا بەسەر بردووە، بۆچونم وابوو کە یەکێتی هێزێکە دەتوانێ بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی من بەتەمابووم لەناو یەکێتی ڕووبدات، ڕووینەدا. ئەو ئازادیەی لەنێو یەکێتیدا لەشاخ هەبوو لەناو شار نەماو، بووە خەڵک پەرستی. من چاوەڕێی ئەوەبووم لەدوای ڕاپەڕین زۆر باشتر ببێت، بەڵام وانەبوو.

**ڕووداو : واتە تۆ پێش نەوشیروان مستەفاش کەوتی لە دوورکەوتنەوە لە یەکێتی؟**

**مەحمود ڕەزا :** من وازم لە یەکێتی نەهێنا، بەڵکو چالاک نەمام لەنێو یەکێتی. لەدوای رووخانی ڕژێمی بەعسیش تاوەکو ساڵی 2008بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی بووم . لەپێش ریفۆرمیشەوە بیرورای خۆم بەئازادی لەبارەی یەکێتیەوە دەربڕیوە . ساڵی 2005کە یەکگرتوو بەجیا دابەزی، وتارێکم نووسی و زۆر پشتگیریم کردن و هانمدان، لەکاتێکدا هەموو ڕاگەیاندنی یەکێتی یەکگرتوویان بە خاین دادەنا و هێرشیان دەکردە سەری.

**ڕووداو: لەسەر ئەو وتارە لێپرسینەوەت لەگەڵ کرا ؟**

**مەحمود ڕەزا :** لەسەر ئەوەنا، بەڵام لەسەر وتارێکی دیکە سەرزەنشت کرام، کە لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی سوێد بوو، لەو وتارەدا باسی ئەوەم کرد کە کورد پێویستە چۆن دەنگ بدات، ڕاگەیاندنی یەکێتی لەگەڵ بۆچوونەکانی من یەکی نەدەگرتەوەو ڕاستەوخۆ مام جەلال هاتە سەرخەت، چونکە ئەو گوتارە حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوێدی تووڕەکردبوو، مام جەلال داوای کرد عوزربێنمەوە و لەگەڵ وەفدێک بچمە لای حیزبی سۆسیال دیموکرات و لەوێ پەشیمانی دەربڕم، بەڵام ڕەتم کردەوە.

**ڕووداو: بەبۆچوونی تۆ بوونە ئەندامی یەکێتی لەنێو سۆسیال ئینتەرناسیونالدا بە ئامانج گەیشتنێکی گرنگ بوو بۆ یەکێتی؟**

**مەحمود ڕەزا :** ئەگەر ببووایە هۆکاری ئەوەی کە یەکێتی پابەندبێ بە پرەنسیپەکانی ئەو ڕێکخراوە، شتێکی زۆر باش دەبوو، بەڵام لەدوای ئەوەی یەکێتی بووە ئەندام و مام جەلال بووە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە، یەکێتی خراپتر لەسۆسیال دیموکرات کار دەکات. هەندێک لایەن پێیانوایە کە سۆسیال دیموکرات ڕێکخراوێکی زۆر گرنگە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە بەدوای ژمارەدا ڕادەکات و ژمارەیەکی زۆر لەحیزبی بنەماڵە ئەندامن تێیدا، حیزبەکەی وەلید جونبولات و حیزبەکەی بێنەزیر بۆتۆی پاکستان ئەندامن تێیدا، کەحیزبی بنەماڵەن.

**ڕووداو : نووسینت لەبارەی جیوپۆلۆتیکی کوردستان زۆرن، پێتوایە ئێستا دۆخی نێوخۆی کوردستان و دەوروبەرەکەی ڕەخساوە بۆ بەهێزبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی جیاواز لە یەکێتی و پارتی تێیدا؟**

**مەحمود ڕەزا :** بەدڵنیاییەوە، ئێمە خاڵی زۆر لاوازمان هەیە لەجوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکی کوردستاندا، دەتوانین هەندێک لەو خاڵە لاوازانە لە ژیانی نێوخۆدا نەهێڵین، لە کوردستانی عێراقدا، پێکهاتەی جۆراو جۆر هەن و دانیشتوانی هەمووی کورد نین، ڕاستە زۆرینە کوردە، بەڵام تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشووری و ئەرمەن هەیە، ئەگەر ئێمە ئینسانی و دیموکراتی بین، دەبێ بەم شێوەیەی کە ئێستا لەو پێکهاتەیەدا هەیە، ئەگەرنا، ئەوە دەبێتە مەترسی لەسەر ئێمە.

**ڕووداو: کورد لەنێوخۆیدا هەمیشە ئەو قسەیە دەکات، کە کورد کار بەبێ بەرنامە دەکات. ئایا بزووتنەوەی گۆڕان کارێکی بە بەرنامە بوو. ئەگەر بەبەرنامە بوو، ئەو بەرنامە دانانە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

### نەوشیروان نەوسن نییە و، ئەگەر قەرەباڵغی دەوروبەری نەبێت دەتوانێ بە کەمترین مووچە بژیت

**مەحمود ڕەزا :** بزووتنەوەی گۆڕان بە بەرنامە نەبوو. ئەمە بزووتنەوەیەکە بەشێکی لەناو هەناوی یەکێتییەوە دروست بووەو بەشێکی گەورەشی لەناو شەقامی کوردی دا دروستبووەو بەشێکی دیکەیشی لەناو حیزبەکانی دیکەدا دروستبووە. هۆی دروستبوونی ئەو بزووتنەوەیە ئەو ناعەدالەتی و پاشەگەردانییەیە کە لە کوردستان هەیە، ئەمە نەخشەی بۆ دانەنراوە. هەرچی حیزبی کوردی و کوردستانی هەیە، لەبارودۆخی ناسروشتیدا دروستبوون و ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر خۆی بکاتە حیزب لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیدا، کارێکی خراپە. بەڵام ئەگەر ببێتە حیزب، تاکە حیزب دەبێت لە مێژووی کوردو هەرچوار پارچەی کوردستاندا کە بەسروشتی لەدایک بووبێت و پێویستی ژیانی خەڵک دروستی بکات. چونکە هەمیشە حیزبەکانی دیکە، کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و خەڵک لە چوارچێوەی ژوورێکی تاریکدا کۆبوونەتەوەو بڕیاریانداوە حیزبێک دروست بکەن و بەیانێکیان دەرکردووە.

**ڕووداو: وەک گوتت بەبەرنامە نەبووە، بەڵام ئایا دەکرێ بزووتنەوەیەک کەڕەخنە لەبێ بەرنامەیی حیزبەکانی بەرامبەری دەگرێت، بەبێ بەرنامە کاربکات؟**

**مەحمود ڕەزا :** نەخێر بەبێ بەرنامە ناڕوات. لە 25ی تەمموزەوە کە کۆمەڵێک ئەرکی زۆر هاتوونەتە بەردەممان، پێویستە خۆمان ڕێکبخەینەوە، پێویستمان بەبەرنامەیەوبەرنامەی هەیە، بەڵام بە بەرنامە دروست نەبووە.

**ڕووداو :ئایا بەرنامەکە بە نووسراو هەیە؟**

**مەحمود ڕەزا :** ئێمەجیاوازین لەحیزبەکانی دیکە. حیزبەکانی دیکە لەسەر کاخەز شتی زۆر جوانیان نووسیوەو کاریشی پێناکەن، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کەڵچەری حیزبایەتیکردن و سیاسەتکردن بگۆڕین و ئیعتمادمان لەسەر بەرنامەی ئاوایەو لەسەر دەنگدەرو بەرنامەی هەڵبژاردنە، کۆمەڵێک هەڵبژاردنمان لەپێشەو ئێمەش بەڵێن بە خەڵک دەدەین کە کاتێک زۆرینەمان بەدەستهێناو حکومەتمان دروستکرد، بەرنامەی خۆمان دەخەینە بەر دەستی خەڵک. ئێمە جارێ حیزب نین و مەکتەبی سیاسی و دەزگاگانی دیکەمان نین، وەک حیزبە ستالینیەکان نین و لەناو ئەو حیزبانەدا هەرەمەکە لەسەرەوە بۆخوارەوەیەو، هاووڵاتییەک تاوەکو دەنگی دەگاتە سەرۆکی حیزب گیانی دەردەچێت، بەڵام ئێمە شکڵێکی جیامان هەیەو بەشێوەی فەرشی خۆمان ڕێک دەخەین و، نێوانی زۆر لەنێوان ئێمەو هاووڵاتیاندا نییە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا، بڕیاردەری سەرەکی نێو بزووتنەوەی گۆڕان نییە؟**

**مەحمود ڕەزا :** ڕەنگە گرنگترین کەسایەتی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بێت، بەڵام هەموو کاندیدەکان و کادیرەکان بەبڕیاری تاک لایەنەی ئەوەوە پەیوەست نین و ئەوە بەوشێوەیە نییە.

**ڕووداو : زۆر کەس پێیوایە بزووتنەوەی گۆڕان، کاردانەوەیە نەک کار. ڕای تۆ چییە لەوبارەوە؟**

### مام جەلال پێیگوتم بۆ ناگەڕێیەوە ناو ڕاگەیاندن، گوتم ناتوانم شتی ناڕاست بەخەڵک بڵێم

**مەحمود ڕەزا :** ئێمە ئەوی ئێستا هەمان بێت و بووبێت بەدەموچاوی بزووتنەوەکە، فراکسیۆنی گۆڕانە. بزووتنەوەی گۆڕانیش کاردانەوە نییەو بەرنامەی هەیە و کاری هەیە. بزووتنەوەکە خۆشی بەعەقڵیەتی یەکێک و دووان دروست نەبووەو نارەزایەتی خەڵکی لەپشتەوەیە و خەڵک داوای دەکات و پێداویستی خەڵکە.

**ڕووداو : کە خەڵک و هەتا هەندێ لە حیزبەکانیش نازانن ناسنامەی بزووتنەوەی گۆڕان، وەک هێزێکی سیاسی یان وەک کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندن (کۆمپانیای وشە) بناسن، جۆرێک لەو بێ بەرنامەییە نییە کە بزووتنەوەی گۆڕان هەیەتی؟**

**مەحمود ڕەزا :** بزووتنەوەکە جیایەو ئێمە کۆمەڵێک شتمان هەیە کاری لەسەر دەکەین، کۆمپانیاکە جیایە و تەشکیلەی خۆی هەیە و هەریەکەیان تەشکیلەو کاری خۆی هەیەو، لەکۆتایشدا هەموویان کار بۆ ئامانجێک دەکەن. ئەمانە خەڵکی هوشیارن و خاوەنی ئەزموون و بڕوانامەی بەرزن و لێرەوە تەلەفۆنیان بۆناکرێت تاچیبکەن و چی نەکەن. بەکورتی هەموومان لەپێناو گۆڕانکاری گەورەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیدارە و جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت و بەرقەرارکردنی یاسا کاردەکەین.

**ڕووداو : لایەنێکی وێکچووی بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبەکانی دیکە ئەوەیە، کە گۆڕانیش ڕاگەیاندنی هەیە ( ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ) لەکاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا حیزبەکان دەستیان لە ڕاگەیاندن کێشاوەتەوە بەو ڕاستەوخۆییە و کاری سیاسی خۆیان دەکەن. ڕای ئێوە چییە؟**

**مەحمود ڕەزا :** من پێموایە ئەوە کاتییە، کەی ئێن ئێن تەلەڤزیۆنێکە سەر بەکۆمپانیای وشەیە، لەبەرنامەی ئێمەدایە ئەو تەلەڤزیۆنە ببێتە کەناڵێکی جیاوازو سەربەخۆیانە کاربکات، بەڵام دەسەڵات نزیکەی 400 کەناڵی ڕاگەیاندنی بەدەستەوەیە و دژایەتی ئێمەی پێدەکات، جگە لەو سەرمایە زۆرەی بەدەستیەوەیەتی. وەختێک وەزعەکە ئاسایی بووەوە ڕەنگە ئەوە لای بزووتنەوەی گۆڕان نەمێنێ. ڕەنگە لەبەر ناچاری لەکاتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا جارێکیتر بەکاری بهێنینەوە، چونکە هیچ شوێنێکی دیکەمان نییە. ئێمە بەردەوام جەخت لەسەر ئازادی ئەوان دەکەینەوە. ئەگەر مام جەلال ئامادەبێت دیدار لەگەڵ کەی ئێن ئێن بکات، سبەی دەچێت دیداری لەگەڵ دەکات.

**ڕووداو: لەدنیادا بودجەی هەموو حیزبەکان بە شەفافی دیارە، هەتا دیارە هەر هاووڵاتییەک چەند پارەی داوە بە حیزبە دڵخوازەکەی. کەچی لە کوردستان بودجەی ئۆپۆزسیۆنیش وەک حیزبەکانی دەسەڵات ڕوون نییە. ئەوە خەوشێک نییە بەسەر بزووتنەوەی گۆڕانەوە؟**

**مەحمود ڕەزا :** ئەوە بزووتنەوەی گۆڕان خۆی دروستی نەکردووە، کابرایەک کە جێگری فەڕاشە لەسەر بیرورای جیاواز لەنەخۆشخانەی کەلارەوە گواستراوەتەوە بۆ ڕانیە، فەڕاش خۆی نا، بەڵکو جێگرەکەی، ئەمە تەنها لەسەر بیرورای جیاواز، کەواتە ئێمە چۆن دەتوانین ناوی هەموو ئەوانە ئاشکرابکەین کە هاوکاری بزووتنەوەکە دەکەن، کە سبەی هەزار دەردەسەری بۆ دروست دەکەن و ناهێڵن کاسبی بکات و بازاڕی دەشکێنن. ئەوە خودی دەسەڵاتە کە ناهێڵێت ئێمە بوێرین ناوی ئەوانە ئاشکرا بکەین کە هاوکاریمان دەکەن. یەکێتی خۆی دەزانێ کە لە 10 ملیۆن دۆلاری مام جەلالەوە دەستمان پێکردووەو مومکین نییە ئەوە بەش بکات، بەڵام کەس ناوێرێت ناوی خۆی ئاشکرابکات و بەو مەرجە هاوکاری بزووتنەوەکە دەکات. خواخوامانە ئەو ڕۆژە بێت کە کەس نەترسێت و ئێمەش هەموو ناوەکان ئاشکرابکەین و بودجەی

### یەکێتی سەرەتا دەیانگوت تۆ لە پشتەوەی کوردستانپۆستی

خۆمان بخەینەڕوو.

**ڕووداو : وەک کەسێکی کارکردوو لە بواری ڕاگەیاندن دا، لە کاری ڕاگەیاندنی گۆڕان ( کەی ئێن ئێن، ڕۆژنامە، ڕادیۆی گۆڕان ) ڕازی؟**

**مەحمود ڕەزا :** نەخێر، بێگومان ڕازی نیم و هەمیشە لە دەوریانم بۆ هەندێک بابەت و هەندێک جار بۆ بەکارهێنانی هەندێک ڕستەو وشە زۆرم پێناخۆشەو لێی ڕازی نیم، سەرکردایەتیەکەی بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕازی نین، ئەوەش بەخۆشحاڵییەوە دەلالەتە لەوەی کە ئێمە هێشتا بەوە ڕازی نین کە کردوومانەو باشترمان دەوێ.

**ڕووداو :لەو ماوەیەی دواییدا یەکێتی زۆر باسی ئەوەیکرد کە نەوشیروان مستەفا و سەرکردەکانی دیکەی گۆڕان لە پشت ماڵپەڕی (کوردستان پۆست)ەوەن. کەسێک بەناوی پۆلا سەعیدیش کە پێشتر لە ستافی ئەو ماڵپەڕە بووە ئەوەی باسکرد. ڕاستی ئەو مەسەلەیە بەلای تۆوە چۆنە؟**

**مەحمود ڕەزا :** ئەمە تازە نییە، لەپێش ئەوەی بیخەنە ئەستۆی کاک نەوشیروان و کاک قادر، خستبوویانە ئەستۆی من. مام جەلال و د.بەرهەم و عومەر فەتاحیش دابوویانە ئەستۆی من. عومەر فەتاح گوتبووی ئەو لەپشتیەوەیەتی و منیش گوتم من پێویستم بەوە نییەو خۆم ماڵپەڕ و نووسینم هەیەو هەرچیم بوێت دەینووسم. ئەمەی ئەخیر کە پۆڵا وتویەتی، ئەو هیچ بەڵگەیەکی نییەو هیچ کاتێک نابێتە بەڵگە. یەکێتی لەئەزمەیەکدایە و بەدوای بیانوودا دەگەڕێ و هیچ ڕاستی تێدا

### ئێمە حیزبێکی هەرەمی نین کە هاووڵاتییەک تاوەکو دەنگی دەگاتە سەرۆکی حیزب گیانی دەردەچێت

نییە.

**ڕووداو : دەڵێن نەوشیروان مستەفا ڕێ نادات زۆر پۆست بدرێتە خزمەکانی، ئەوە ڕاستە؟**

**مەحمود ڕەزا :** ڕەنگە وای لێهاتبێت کە ئەنجامی خراپ لەبەکارهێنانی خزمایەتی کەوتبێتەوە لەناو ژیانی سیاسیداو، کاک نەوشیروانیش زۆر بەوردیارەیە نارەحەتە، من یەکێکم لە خزمەکانی و پۆستێکی دیاریکراوم نییەو بۆ یارمەتیدانی ئەو برادەرانە هاتوومەتەوە. من پێم باشە گەنجەکان بێنە پێشەوە.

**ڕووداو : تۆ لەسەر داوای نەوشیروان گەڕایەوە، یان خواستی خۆت بوو؟**

### پشت بە بەرنامەی هەڵبژاردن و دەنگدەر دەبەستین

**مەحمود ڕەزا :** داوایان لێکردم بگەڕێمەوەو هاوکارییان بکەم، نازانم داوای ئەو بووە یان یەکێکی دیکە.

**ڕووداو : تۆ لە زۆر پاڵێوراوی دیکە باشتری بۆ پەرلەمانی بەغدا، کەچی دانەنراوی لەبەرئەوەیە یان خۆت حەزت نەکردووە؟**

**مەحمود ڕەزا :** پێموایە لێرە دەتوانم خزمەتی باشتر بکەم و ناکرێت هەمووی بچێتە بەغداو بزووتنەوەکەش پێویستی بەخەڵکی باشە.

**ڕووداو :وەک کەسێکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، ژیانی نەوشیروان مستەفا لەسەر چییە. مووچەی هەیە، پڕۆژەیەکی تایبەتی هەیە، چۆن دەژیت؟**

**مەحمود ڕەزا :** ئەو پرسیارە لە خۆی بکەن باشترە، پڕوپاگەندەیان کردبوو کە گوایە مووچەکەی 50هەزار دۆلارەو ئەویش ڕەتیکردەوە، هاوڕێیەکی خۆم هەیە کە کاک کاروانە و بەرپرسی یەکێتییەو لەبادینانە ئەو بەرپرسی دارایی یەکێتی بووە، بڕۆن لەو بپرسن بزانن مووچەی نەوشیروان چەند بووە لەچاو ئەندامەکانی دیکەی مەکتەبی سیاسی. کاک نەوشیروان لەگەنجیەوە ڕاهاتووە کە پیاوێکی زۆر سادەیەو ڕقی لە زیادە مەسرەفییەو دەتوانێ بەنان و پیاز بژی و نە پیاوێکی نەوسنەو نە هەڵپەهەڵپیکەرەو نە حەزی لە جوانکاری ماڵ و دیوەخانە، هەر ئەو پیاوانەش دەتوانن عەدالەت بێننە دی، وەک خۆی حەزی لێ نییە، کەچی حەزدەکات میللەتەکەی هەمووی لەخۆشیدا بژی. لە تەمەنی 10ساڵییەوە لەنزیکییەوەم، دەزانم چۆن ژیاوە، ئەگەر هەیبێت بەخشندەیەو زۆر سادە ژیاوەو خواردنی زۆرسادەیەو هەرچی بۆ دابنێیت تووڕەنابێت و تەنیا جگەرەکەی دەستی هەیە کە مەسرەفەو قاتێک یان جوتێک پێڵاوی هەبێت، هەتا نەدڕێت ڕایدەکێشێت و حەزی لە زیادەڕۆیی نییە لەخواردن و جلوبەرگ و پێویستیدا. ئەگەر قەرەباڵغی دەوری نەبێت، دەتوانێ بەکەمترین مووچەی هەرێمی کوردستان بژی، ئەو هەر لەسەردەمی منداڵی و گەنجییەوە وایە، نەک ئێستا وای لێهاتبێت.

**ڕووداو: زۆر کەس پێیوایە دەبووایە نەوشیروان مستەفا، دەستی لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان نەکێشابایەوە، بۆ ئەوەی ئەویش کەسێک بووایە لەنێو پەرلەماندا نەک فەرماندەرێک لەدەرەوە بە پەرلەمان. چونکە نەوشیروان مستەفا خۆیشی، لەدیدارێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دا گوتی، پێویست بوو هەرچی بەهێزەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی هەن لەنێو حکومەتدابووان، بۆ ئەوەی بڕیارەکە لەوێ بدرابان نەک لە دەرەوە بڕیان هاتبا؟**

**مەحمود ڕەزا :** زۆرجار گوتوویەتی، وەختی خۆی ڕای وابوو کە لەیەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مام جەلال و کاک مەسعود یەکێکیان سەرۆکی حکومەت و یەکیان سەرۆکی پەرلەمان بێت . کاک نەوشیروان تەنها لەبەر سەرپەرشتیکرنی بزووتنەوەی گۆڕان نەچووە پەرلەمان و ئەو ئیمکانیاتەی ئەو هەیەتی بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی گۆڕان، کەم کەس هەیەتی و کاری پەرلەمانتاریش، کات و توانای زۆری دەوێت و زۆر سەرقاڵت دەکات. ئەگەر بشچوایە پەرلەمان هەر ڕەخنەی لێدەگیرا بەوەی کە بەشداری کۆبوونەوەکان ناکات لەبەر کاری بزووتنەوەی گۆڕان، جا لەبەر ئەوە باشتر کە نەچوو.

**ڕووداو :نەوشیروان مستەفا، چەند جارێک باسی مام جەلالی کرد. مام جەلالیش لە پلینێۆم وەڵامی دایەوە. دواتر شەڕی ڕاگەیاندن ڕاگیرا. پێتوانییە ئەو ئاشکراکردنەی ڕابردوو ئەگەر بە شەڕی ڕاگەیاندنیش ناوبنرێ، وەک هەر وڵاتێکی دیکە لێرەش لاپەڕەکانی هەر ئاشکرا دەکرێن، چونکە ئەو قۆناخە خۆی سەردەمی شۆڕشی زانیارییەکانە؟**

**مەحمود ڕەزا :** با بۆت ڕاست بکەمەوە، سەرەتا مام جەلال دەستی پێکرد و کاک نەوشیروان وەڵامی دایەوە و، گەیشتە شوێنێک نەدەکرا وەڵام نەدرێتەوە، چونکە قسەکان لە کەسی یەکەمەوە دەرچووبوون، ئەگەر لە دەمی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە ئەو قسانەی مام جەلال بڵاوبکرابانەوە، بێگومان کاک نەوشیروان وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵام کەس لەسەرووی مام جەلالەوە نییە و قسەکانی کۆمەڵێک تۆمەتی تێدابوون. من بەش بەحاڵی خۆم لەسەرەتای نەوەتەکانەوە بڕوام وابووە کەدەبێت هەموو لاپەرەکان شەفافانە هەڵبدرێنەوە، بەڵام بۆ خزمەت نەک بۆشکاندن . من خۆم لەگەڵ وتنی ڕاستیەکانم.

**ڕووداو :کاری ئێستای تۆ لەناو بزووتنەوەی گۆڕان چییە؟**

**محەممەد ڕەزا :**من لەناو کەمپینی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانم بۆ هەڵبژاردن و پشتگیریکردن لەکاندیدەکان.

**ڕووداو:بڕوات وایە کە بزووتنەوەی گۆڕان هەمان دەنگی 25ی تەمموزی ڕابردوو بێنێتەوە،لەکاتێکدا زۆرکەس لەوبڕوایەدان دەنگەکانی لەکورتی دەدا ؟**

**مەحمود ڕەزا :**من تەواو بەپێچەوانەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەلامە، لەهەڵبژاردنی داهاتوودا زۆر گەورەتر دەردەکەوین.



**مەحمود ڕەزا ئەمین**

ساڵی 1954 لەشارەزوور لەدایکبووە

لە 1970 پەیمانگەی تەکنیکی کشتوکاڵی لەبەغدا تەواو کردووە.

ساڵی 1972 – 1975 کادیری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە .

ساڵی 1977 بووەتە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران .

لەسەرەتای هەشتاکان بووەتە ئەندامی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی.

1992 بووەتە بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان .

ساڵی 1996 چووەتە ئەورووپا .

### ئەگەر گۆڕان خۆی بخاتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکەوە خراپە



# هونەر

## غوڵامی باسی مادە بێهۆشکەرەکان دەکات

موحسین یاسین
رووداو – هەولێر

**نەجمەدینی غوڵامی، سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە کە تێیدا باس لە دیاردەیەکی بەربڵاوی نێو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە ئەویش ئالوودەبوونە بە مادە بێهۆشکەرەکان. ئەو بەرهەمە نوێیەی نەجمەدین غوڵامی، لە تێکستی (حەمید شەریف) و میلۆدی خۆیەتی. ئەو گۆرانییە جگە لە ئالوودەبوون و باس لە زیندانیکردنی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکات.**



جەلیل زەنگەنە لە کاتی سەرپەرشتیکردنی وێنەگرتنی دیمەنێکی گەردەلوول

خەونی جەلیل زەنگەنە، تەواوکردنی هەر پێنج بەشەکەی درامای گەردەلوولە:

# چاوەڕێی کوردساتم تاوەکو دەست بە بەشی سێیەمی گەردەلوول بکەم

نەوزاد مەحمود
رووداو–سلێمانی

دەرهێنەری زنجیرە درامای گەردەلول دەڵێ ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی بەشی سێیەمی گەردەلولە و وردەکارییەکانی ئەو بەشەی زنجیرە دراماکەی بۆ (رووداو)ئاشکرا دەکات و دەڵێ " لە 60 ئەڵقە پێکدێت و زۆر پرۆفیشناڵانە کارمان تێداکردووەو ژمارەیەکی زۆر لەو گەنجانەی تێیدا بەشدار دەبن یەکەمجارە کاری هونەری دەکەن".

جەلیل زەنگەنە بەمەبەستی دەستگرتنی گەنجان و راکێشانیان بۆنێو دونیای هونەر، سەردانی هەریەک لەشارەکانی کەرکووک و هەولێر و دهۆک و رانیەی کردووە، ئەو دەڵێ "ئەو پێشوازییەی لە گەنجانی هەولێر بینیمان بێوێنەبوو". بەڕای ئەو هێنانە پێشەوەی گەنجانی بێئەزموون کار لەلاوازکردنی کارە هونەرییەکان ناکات "من کوڕ و کچی خۆم ناکەمە قوربانی خەڵک"، هاوکات نمونەش دێنێتەوەو دەڵێ " پێش گەردەلول کێ عەریف حەمەتاڵی دەناسی، ئێستا هەموو بینەرانی گەردەلول عەریف حەمەتاڵیان خۆش دەوێ، ئەو پێشتر توانای هەبووە، بەڵام کەس نەبووە دەستی بگرێت". هەروەها دەپرسێ ئەی کێ پێشتر رزگارو هەناری دەناسی؟ "ئەوانە و دەیانی دیکە گەردەلوول دەستی گرتوون".

جەلیل زەنگەنە بەنیگەرانییەکی زۆرەوە باروودۆخی هونەر لەکوردستان هەڵدەسەنگێنێت و پێیوایە "ژاوەژاو"ێکی زۆر لەئارادایەو چاک و خراپ پێکەوە دێنە پێشەوە، "خەڵکانێک هەن زیاتر وەک

### ئێستا لە کوردستان فیتەر و قەسابیش دەبنە دەرهێنەر

قاچاخچین و بینای هەوربڕ بەرز دەکەنەوەو 10تا15 ئۆتۆمبێل لەبەر دەرگاکەی وەستاوەو ئێمەش نان نییە بیخۆین و بەکوێرەوەری خەریکی کاری هونەری خۆمانین"، ئەمەش بە ئەنجامی پشتکردنە هونەر دەزانێ لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام دەڵێ "دەسەڵات پشتی کردووەتە هونەر و خەڵکیش باوەشی بۆکردووەتەوە". ئەو هاندانە گەرمەی خەڵک وای لێکردووە کە زەنگەنە سوور بێت لەسەر تەواوکردنی بەشەکانی دیکەی گەردەلول.

گەیشتن بەکاری جوان بە هونەرمەند دەکرێت، بۆیە زەنگەنە تائێستاش شەرم دەکات بەخۆی بڵێت هونەرمەند "کابرا نانەوایە، یان فیتەرە، یان قەسابەو دێت دەبێتە دەرهێنەر". بەنیگەرانی لەو رەوشە دەڵێ، "ئەمە تەنها لەکوردستان هەیە".

جەلیل زەنگەنە خۆی بەوەش سەربەرز دەبینی، کە باشووری کوردستانی کردە یەکپارچە بە

### لەدهۆک پێیانگوتم تۆ دیواری نێوان ئێمەو سۆرانیت رووخاند

گەردەلول"ئێمە لە دهۆک دیوارەکەمان رووخاند". ئەو دیوارەی زەنگەنە باسیدەکات، جیاوازی نێوان شێوەزاری سۆرانی و بادینییەو دەڵێ "ئەو پێشوازییەی لە دهۆک لە ئێمەکرا لەکەس نەکراوە، خەڵکی دهۆک پێیانگوتین ئافەرین بۆ لەهجەی سۆرانی کە توانی سەیتەرە بکات بەسەر لەهجەی بادینی و دیوارەکەی نێوانمان بڕوخێنێت و وامان لێبکات بەویستی خۆمان و بەحەزی خۆمان سەیری گەردەلول بکەین".

بۆچی هەمیشە دەرهێنەرە بیانییەکان زیاتر ئیش لەسەر کارەساتەکانی گەلی کورد دەکەن و کاری جوانی لەسەر بونیاد دەنێن؟ زەنگەنە وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوەو دەڵێ نووسینەوەی کارەساتێکی وەک ئەنفال هەروا ئاسان نییە، لەکوێوە بۆی دەچیت دەیکەیە چیرۆک یان دەیکەیە دراما یان چی لێدەکەیت؟ راستگۆیانەتر قسەدەکات و دەڵێ "ئەنفال مەسەلەیەکی زۆر قورسەو با ئێمە بەکاری لاواز نەیکەینە قوربانی، 200 هەزار کەس زیندەبەچاڵ کراوە چۆن دەیکەیە فیلم؟ خەڵک هەیە گوێی ناداتێ و دەیکاتە فیلم".

جەلیل زەنگەنە، هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە لەزنجیرە درامای گەردەلول، بەردەوام کار لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری دەکات لەسەر ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان دەدوێنێت، تاوەکو لە بەشی کۆتایی زنجیرە دراماکەیدا کە تەرخانی

### بەشی سێیەمی گەردەلول 60 ئەلقەیە و هەموو ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە

کردووە بۆ مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە کارێکی جوان پێشکێش بکات "ئەگەر بمێنم لەبەشی چوارەم و پێنجەمدا باسی ئەنفال دەکەم".

بەشی یەکەم و دووەمی زنجیرە درامای گەردەلول دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، بۆیە ئێستا بووەتە درامایەک کە زۆر پرسیار لەبارەی چارەنووسی بەشی سێیەمی دەکرێت و ئەوە چەند جارێکیشە مژدەی نزیکبوونەوەی بەشی سێیەمی دەدرێتە بینەرانی، بەڵام تائێستا هەر مژدەی زارەکییە. زەنگەنە لەرێگەی (رووداو)ەوە ئەو وڵامە روونە دەداتەوەو دەڵێ، "بەشی سێیەم تەواو بووەو سیناریۆکەی تەواو بووەو تەنها چاوەڕێی ئیدارەی کوردساتم کە ئیعازمان بداتێ و دەست بکەین بە ئیشکردن". وەک ئەو باسیدەکات، بەشی سێیەم شەست ئەڵقەیەو جیاوازە لەبەشی دووەم و هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان دەگرێتەوە. هاوکات ناشیشارێتەوە کە گرفتی لەبەردەمدا هەن "یەکێکی دیکە لەگرفتەکان مەسەلەی زستانە، چونکە بەشێکی دراماکە لەزستاندایەو ئەگەر ئەو زستانە نەیکەم دەکەوێتە زستانێکی دیکە".

هەروەها دەڵێ لەبەشی سێیەمدا پێویستی بەهەموو ناوچەکانی کوردستانە لەخانەقینەوە تاوەکو زاخۆ، "دەبێت دانیشتووانی هەر ناوچەیەکیش بەشێوەزاری خۆی قسەبکات". گرفتی سێیەمی بەردەم زەنگەنە، ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەیە کە بە سەر د یمه نی



بەیان عوسمان (وەنەوشە) یەکێک لە پاڵەوانەکانی گەردەلول

کوردستاندا هاتووە لەڕووی بیناسازی "چۆن بتوانم دیمەنێک بدۆزمەوە کە لەدیمەنەکانی 1978ەوە نزیک بێت".

جەلیل زەنگەنە لەدایکبووی ساڵی 1947شاری کەرکووکە. لەساڵی 1975ەوە ئاوارەی سلێمانی بووە. زەنگەنە وا هەستدەکات بەتەواوکردنی هەر پێنج بەشەکەی گەردەلوول دەگاتە مەبەستی خۆی و دەڵێ "باشترین ئەکتەری ئافرەت کە لەگەڵ مندا کاری کردبێت گەزیزەیە، گەزیزەخان خاوەنی ئەزموونێکی زۆرەو زۆر سەرکەوتوو بووە. دوای ئەویش هەنارو وەنەوشە بوون".

# ئەمیتاب و شارۆخان دەبنە پێشمەرگە

بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئاسیای رۆژهەڵات لە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان:

## هیندییەکان زۆر سەرسام بوون بە جلی کوردی، چونکە هەستیان دەکرد لە جلی خۆیانەوە نزیکە



ناز فەلەکەدین لەگەڵ چەند گەنجێکی هیندی لە هیندستان

ئاری عوسمان
رووداو–هەولێر

هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی هیندی ئەمیتاب باچان و شارۆخان بەڵێن دەدەن لە ئایندەدا کار لە فیلمێکدا بکەن لەسەر ژیانی پێشمەرگە.

دوای ئەوەی کۆمپانیایەکی هیندی، کە لە کوردستان کاردەکات، داوەتنامەیەکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتی رۆشبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان کرد. ناز فەلەکەدین کاکەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئاسیای رۆژهەڵات، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە 2009/11/11 سەردانی هیندستانی کرد و ماوەی 9 رۆژ لەوێ مانەوە.

ناز فەلەکەدین، لەبارەی سەردانەکەی بۆ هیندستان بە (رووداو)ی راگەیاند "مەبەستمان لەو سەردانە ئاشناکردنی وڵاتی هیندستان بوو بە کولتوری کوردی".

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەندین کۆمپانیای هیندی و سەتان کرێکاری ئەو وڵاتە روویانکردووەتە باشووری کوردستان و لە هەمانکاتیشدا چەند قوتابییەکی کورد ئێستا لە زانکۆکانی هیندستان دەخوێنن، بەڵام ناز دەڵێت "لەوێ کەس کوردی نەدەناسی، زانیاریان لەسەر کوردستان نەبوو، وایاندەزانی کوردستانیش وەک ناوچەکانی دیکەی عێراق نا ئارامە، من چەند پەرتووکێکم لەگەڵ خۆم بردبوو کە بەئینگلیزی لەبارەی کوردەوە نووسراون و دام بەو کاربەدەستانەی کە بینیمن". ناز گوتیشی "کە باسی هەڵەبجە و ئەنفالم بۆ کردن و باسی ئارامی کوردستانم بۆ کردن حەزیان کرد بێنە کوردستان و بە چاوی خۆیان ببیبنن".

ناز فەلەکەدین کاکەیی لەو سەردانەدا، چووەتە چەندین شوێنی کولتوری ئەو وڵاتە، لەوانەش سەنتەری PNCA ی نێودەولەتی لە مۆمبای، کە تایبەتە بە کاری فۆلکلۆری هیندی، شانۆگەری، سینەما و کۆنسێرت. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە گرووپێکی میوزیکی هیندی لە وەزارەتی رۆشنبیری هیندستان داوەتی کوردستان کردووە "ئەوانیش رەزامەندییان نیشانداوە بێنە کوردستان و کۆنسێرت بکەن".

بەپێی ئامارێکی نافەرمی، لە شاری مۆمبای هیندستان کە سەنتەری سینەمای هیندی (بۆڵیود)ە، لە هەر هەشت خولەک لەو شارە فیلیمێک بەرهەمدێت. ئەکتەرە بەناوبانگەکانی هیند لە بۆلیود کار دەکەن. ناز هەرچەندە زۆر هەوڵیداوە خۆی بگەیێنێتە بۆلیود و، چاوی بە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی بکەوێ، بەڵام نەیتوانیوە"چونکە رەوشی هیندستان بەهۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە نالەبار بوو".

لەگەڵ ئەوەشدا ناز فەلەکەدین بێ ئومێد نەبووە و گوتی "توانیم خوشکی ژنی ئەمیتاب باچان ببینم، تاوەکو ئەمیتاب ببینم، بەڵام ئەمیتاب ئەوکات لە ئەڵمانیا بوو، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەمیتاب و شارۆخان کرد بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک، ئەوانیش بەڵێنیان دا، ئەگەر جارێکی دیکە بچمەوە هیندستان قسە لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بکەین".

سەبارەت بە نێوەڕۆکی فیلمەکەش، ناز گوتی "فیلمەکە باس لە رەوشی ژیانی پێشمەرگە دەکات لە ساڵەکانی 1970–1990 کە چۆن بەرامبەر دەسەڵاتی رژێمی بەعس جەنگاون".

ئەوەی بووەتە جێی سەرنجی هیندییەکان وەک ناز باسیکرد جلوبەرگی کوردییە "زۆر سەرسام بوون بە جلی کوردی، هەستیان دەکرد لە جلی خۆیانەوە نزیکە". ئەوەی بووەتە جێی داخباری نازیش چەوساندنەوەی ژنان بووە "چەوسانەوەی ژنان لەوێ زۆر خراپترە لە کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوێ کچ بەئارەزووی خۆی هاوسەری ژیانی دەستنیشان دەکات".



ئەمان یا پەشێمانە کو سۆرانی ژبیرکر

ئەمان نێروەیی:

# ئەگەر من کلیپەکا خۆ نەراگرتبا دا کچەک سەرا وێ هێتە کوشتن

عەبدوللا نهێلی
رووداو–دهۆک

سترانبێژا گەنج ئەمان محەممەد، بەرنیاس ب (ئەمان نهێلی) گەلەکا پەشێمانە کو دبەرهەمێ خۆ یێ نوی دا، کو بەری دوو حەفتیا بەلاڤبووی، چ سترانێن سۆرانی نەکرینە تێدا و سۆزدا د بەرهەمێ بهێتدا چەند سترانەکێن سۆرانی ببێژیت.

ل دەڤەرا بەهدینان هێشتا ژ بەر تیتالێن جڤاکی و عەشایری، ستران گۆتنا ئافرەتێ ب شەرم دبینن، بەلێ ئەمانێ گوە نەدا وان و، وەکو ژنەکا ب جەرگ و بێ ترس چۆ سەردەپێ شانۆیێ و دەست ب ستران گوتنێ کر. دهەڤپەیڤینەکێدا دگەل (رووداو) ئەمانێ دبێژی " مالا وان گەلەک پشتەڤانیا وێ کر". ئێکەم کلیپا وێ ل سالا 2001 بناڤێ (من تو دڤێی یا رازیمە) تۆمارکر، ژبەر کێمییا سترانبێژێن ژن ل دهۆکێ، گەلەک ژ دەزگەهێن راگەهاندنێ یێن دەڤەرا بەهدینان شەڤانە ئەڤ کلیپە لێددا د پروگرامێن هونەریدا ئەمان دهاتە مێهاڤانکرن.

ئەمان دبینیت کو پەیمانەگەها هونەرێن جوان لانەدکا هونەرمەندایە، لەورا پەیمانگەه هەلبژارت و دبێژی"من دڤیا بشێوەیەکێ ئەکادیمی دەست ب هونەری و سترانا بکەم، لەورا چۆمە پەیمانگەها هونەرێن جوان".

ئەمان ژدایکبوویا 1985ە و سێ سالە پەیمانگەها هونەرێن جوان ل دهۆکێ ب داوی ئینای و نووکە ئاکنجیا ناحیا دێرەلوکێ یە کو سەرب دەڤەرا ئامێدیێ یە. چار هەیڤە شوی کریە. پشتی شووکرنا وێ وەسا بەلاڤبوو کو دێ ئەمان سترانا هێلیت، بەلێ ئەو دبێژی "شویکرنێ چ کارتێکرن ل هونەرێ من نەکریە، بەلکو بۆ من بوویە پالنەرەک کو ئەز پتر یا رژدبم لسەر کارێن هونەری". ئەو زەلامێ ئەمانێ شوی پێکری نە هونەرمەندە، لێ وەک ئەو دبێژی "ئەو هونەردۆستە و گەلەک حەز ژهونەری دکەت".

دیرانیا ئەو سترانێت ئەمان دبێژیت ب رۆلێ ئافرەت رادبیت و ب کوڕان ڤە دبێژیت "ئەز بخۆ کچم، نە یا جانە ئەز وەک کچ ب کچێ ڤە بێژم".

هەتا نووکە وەکو کلیپ ئەمانێ گەلەک کلیپ بەلاڤکرینە، بەلێ ئەو دبینیت ب سترانا (شارێ دلا) کو ب دووقۆلی دگەل هونەرمەند محەممەد تەها ئاکرەیی گۆتی و کلیپ کری، گەلەک بەرنیاس بوو.



ئەمان کێمیا هونەرمەندێن کچ ل دەڤەرا بەهدینان بۆ رێگریا مالێن وان دزڤرینیت و دبێژی"گەلەک کچ دەنگێ وان گەلەکێ خۆشە و پەیوەندی بمن کرنە و دبێژن ئەم گەلەک حەزدکەین ببینە هونەرمەند، بەلێ مالێن مە رێکێ نادەنە، ئەڤ چەندە بوویە کولەک ددلێ وان دا".

بۆ کارێن هونەری و چۆنا وێ بۆ هەولێر و سلێمانیێ و پشکداریکرن د پرۆگرامێن هونەری دا هەتا نوکە ئەمانێ چ ئاریشە نەدیتینە و دبێژی"سوپاس بۆ خودێ هەتا نووکە سەرا هونەری چ ئاریشە بۆ من دروست نەبووینە و هەر جهێ من ڤیای ئەزا چوییمێ".

ئەمانێ گەلەک سوپاسیا کەسوکارو مالباتا خۆکر "ئەگەر مالباتا من هاریکاریا من نەکربا نووکە ئەز نەدبوومە هونەرمەند".

ئەلبووما نوو یا ئەمانێ بناڤێ (پەری ناسم) بریتییە ژ 9 سترانان "بۆ ئاواز و هۆزانا گەلەک هونەرمەندا هاریکاریا من کریە ژواناژێ عەبدولقەهار زاخۆیی، محەممەد تەها ئاکرەیی، شەعبان سلێمان، ئیبراهیم رەشاڤەیی و سلێمان هەرکی". هەروەها ڤین پرۆدێکشن و سلێمان ئورەی و شڤان رێکانی هاریکارییا دارایا ئەلبووما ئەمانێ کریە.

ل دۆر کلیپکرنا سترانێن بەرهەمێ خۆ، ئەمان پیچەک رادوەستی و ب مخابنی ڤە گۆت "بەری نووکە سترانا فۆلکلۆری (بێ فرە فرا ڤان چیچکا) ب شێوەیەکێ گەلەکێ جوان کلیپ کربوو، چار کچ و کوڕان پشکداری تێدا کربوو، پشتی کلیپ ب دوماهی هاتی، مالا کچەکێ پەشیمان بوون و گوتە وێ کچێ ئەگەر ئەو کلیپ بەلاڤ ببیت، دێ تە کوژین". ژ بەر هندێ ژی بەلاڤنەکر.

بەلێ ئەو دێ ل ڤان نزیکان سترانا (ئەز کچم کچا کوردانم) کلیپ کەت و دەتە هەمی دەزگەهێن راگەهاندنێ.

ڕووداو

# تاراوگە



**کەیسی پەنابەرێکی کورد پەیوەندی سوریا و ئەڵمانیا ئاڵۆزدەکات**

**ڕووداو- بەرلین**

کەیسی پەنابەر خالید گەنجۆ ڕەوشی مافی مرۆڤی لە سوریا کردووەتە پرسێکی گەرم و ڕۆژەڤی سیاسی ئەڵمانیا و هەرسێ حیزبی CSU، CDU و FDP لەکۆبوونەوەی پێنج شەممەیاندا، داوایان لە حکوومەتی ئەڵمانیا کرد لەڕێگەی یەکێتی ئەورووپاوە گوشار بخاتە سەر سوریا بۆ چاککردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ، هەرسێ حیزب داوایان لە حکوومەتەکەیان کرد کە پرۆسەی گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ سووریا بوەستێنێ و چیتر کار بەو ڕێککەوتنە دووقۆڵییەی نێوان ئەڵمانیا و سوریا نەکرێت، کە تایبەتە بە گەڕانەوەی پەنابەرانی سوریا و ڕێز لە مافەکانیان بگرێت. خالید گەنجۆ کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستانە و دوای ناردنەوەی بۆ سوریا دەسگیرکرا و دراوەتە دادگا.

## فەڕەنسا: هەرێمی کوردستان ئازادی و نانی لێ هەیە

# پەناخوازانی کورد دەیانەوێ بچنە بەریتانیا



کارمەندێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی میوە دەداتە دوو پەناخوازی کورد لە فەرەنسا (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو-AFP**

ڕۆژی 2010/1/22، قاچاخچییەکان 124 پەناخوازیان لە دوورگەی کۆرسیکا بەرەڵڵا کرد، کە زۆربەیان کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و باشووری کوردستان بوون. فەرەنسا چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئەو کوردانەی ئازادکردن کە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی داینابوون، ئەوانیش حەزدەکەن بە قاچاخ بچنە بەریتانیا.

ئەو پەناخوازانە کە 30یان منداڵن و پێنجیان ئافرەتی دووگیانن و، 9 منداڵی ساواشیان لەگەڵدایە، چەند کەسێکیان خەڵکی تونس و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سەرسنووری بەریتانیا گوتی" بێگومان ئێمە چاوەڕێیان دەکەین بێنە بەریتانیا، لەبەرئەوەی بەریتانیا مافی پەنابەرێتی دەدات و فەڕەنسا نایدات".

جەراد باتۆن، ئەندام پەرلەمانی بەریتانی لە یەکێتی ئەوروپا نارەزایی حکوومەتەکەی بەرامبەر بەو سیاسەتەی فەرەنسا دەربڕی و گوتی " جارێکی دیکە فەرەنسا کێشەی پەنابەری وڵاتەکەی دەخاتە بەریتانیاوە".

دکتۆر فریدریک تیسۆ، کۆنسولی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر،سەبارەت بە چارەنووسی ئەو 124 پەناخوازە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەندێکیان داوای پەنابەرییان کردووە، ئەمەش بەیاسا چارەسەر دەکرێ، ناتوانن لەخۆڕا بڕیار بدەن، لەوانەیە وەزیر شتێک بڕیار بدا، دادگاش شتێکی دیکە". هەروەها گوتیشی حکومەتی فەرەنسا، بە چاوێکی جیاواز دەڕوانێتە پەناخوازانی کوردی وڵاتانی دیکەو هەرێمی کوردستان " فەرەنسا هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی ئازاد و ئارام دادەنێ کە ئازادی و ئارامی و نانی هەیە، بەڵام کەیسی پەناخوازان بەپێی حاڵەت دەگۆڕێت".

بەرپرسانی فەرەنسا تووشی سەرسوڕمان بوون بە گەیشتنی ئەو ژمارە پەناخوازانە بەو دورگەیە و، داوایانکرد یەکێتی ئەوروپا کۆبوونەوەیەکی نایاسایی سازبدات بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو قەیرانە بکات و کێشەی هاتنی بە شەپۆلی پەناخوازان بۆ فەرەنسا رابگرێت.

ژان ژاکس کاسالۆت، پاسەوانی سنووری فەرەنسی لەوبارەیەوە گوتی" ئێمە بەڕاستی سەرمانسوڕماوە لەوەی کە چۆن ئەو کوردانە گەیشتوونەتە کۆرسیکا، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ئەوان زیاتر روو لە دوورگەکانی باشووری ئیتاڵیا دەکەن".

# پۆلیسی بەریتانی بە دوای ڕێبین دا دەگەڕێ



**ڕووداو- بەریتانیا**

پۆلیسی بەریتانی کە لێکۆڵینەوە لە کوشتنی مێرمنداڵێکی چینی دەکات، بەدوای تۆمەتبارێکی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێن کە تەمەنی 20 ساڵە.

پۆلیسی بەریتانی لە بانگەوازێکدا داوا دەکات هەر کەسێک زانیاری لەسەر ڕێبین بورهان کەریم، پەنابەری کورد لە بەریتانیا هەیە، ئاگاداریان بکاتەوەو هۆشداریشیان داوەتە خەڵک کە بەهیچ شێوەیەک لەو تۆمەتبارە نزیک نەبنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکانی بەریتانی، ڕێبین لەلایەن پۆلیسی بەریتانییەوە تۆمەتی کوشتنی گەنجێکی چینی-بەریتانی تەمەن 19 ساڵی لە شاری برادفۆردی باکووری بەریتانیا دراوەتە پاڵ. دوای پشکنیکی لاشەی ئەو خوێندکارەی زانکۆ لەلایەن پزیشکی داد، دەرکەوت کە ئەو قوربانییە بە چەقۆ کوژراوەو وتەبێژی پۆلیسیش ئەو کوشتنەی بە "کوشتنی ئەنقەست" ناوبرد.

لاشەی ئەو قوتابییە لەپشتەوەی ماڵی خۆیان دۆزراوەتەوە لەگەڵ دوو بریندای دیکە کە یەکێکیان پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ بووەو بە چەقۆ بریندار کراوە، پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوەو ئێستا باری تەندروستی باشە، لەگەڵ کچێکی تەمەن 22 ساڵ کە هێرشی کراوەتە سەر و لێیدراوە، بەڵام هیچ چەقۆیەکی بەرنەکەوتووە و هەرزوو لە نەخۆشخانە بەرێکراوە.

پۆلیسی بەریتانی بەمەبەستی دەستگیرکردنی ڕێبین، وێنەیەکی ناوبراو و چەند زانیارییەکی لەبارەوە بڵاوکردووەتەوە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانە، درێژیی باڵای ڕێبین نزیکەی 175 سانتیمەترە و قژێکی کورتی جێڵ لێدراوی چەوری هەیە و دەموچاوی چەند پەڵەیەکی پێوەیە، لووتی درێژە. دەتوانێ بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی قسە بکات.

بەپێی ناسنامەی ڕێبین لەسەر ماڵپەڕی facebook، ناوبراو ژنی هەیەو لە زانکۆ دەخوێنێ و لە لیستی هاوڕێکانیشیدا 13 هاوڕێی هەیە.

ستیف پاین لە پۆلیسی شاری برادفۆرد لەبارەی ئەو کەیسەوە گوتی "دەمانەوێ بەزووترین کات ڕێبین بدۆزینەوەو دەربارەی ئەو تاوانە پرسیاری لێبکەین. زۆر گرنگیشە، هەرکەسێک ڕێبینی بینیوە یاخود هەر کەسێک زانیاری لەبارەیەوە هەیە، ڕاستەوخۆ پێوەندیمان پێوە بکات".

لەدرێژەی قسەکانیدا لێکۆڵەری ناوبراو گوتی "هەرکەسێک ڕێبینی بینی، لێی نزیک نەبێتەوەو ڕاستەوخۆ پێوەندی بە پۆلیسەوە بکات".

بەپێی ڕاپۆرتەکان، شەوی هەینی ڕابردوو، پۆلیس ئاگادارکراوەتەوە کە حاڵەتێکی کوشتن لەو ناوچەیە ڕوویداوە و دانیشتوانی ئەو گەڕەکەش دووچاری شۆک بوون، کاتێک بە ڕووداوەکەیان زانیوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، بۆ ڕۆژی دواتر لە شاری لەندەن کەسێکی تەمەن 19 ساڵ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە کە پەیوەندی بەو کوشتنەوە هەبووە و ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکانی بەریتانیا، ئەگەری زۆر هەیە ڕێبین هەوڵبدات لە وڵاتەکە هەڵبێت، لەبەرئەوە پۆلیس چاودێرییەکی وردی لەسەر زۆربەی فڕۆکەخانە و بەندەرەکانی بەریتانیا داناوە.

# دێرسم واری ماوۆ



**کاوە ئەمین**

kawe35@yhotmail.com

**ڕووداو- سوێد**

ڕۆژی 2010/1/24 لە یەکێک لە هۆڵە گەورەکانی ABF لە ستۆکهۆڵم، کۆنفرانسی دێرسم بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە کورد و چەندین کەسایەتی و پەرلەمانتاری سوێدی بەڕێوەچوو. کۆمیتەی سوێدی ناوەندی کوردۆساید وۆچ – چاک، ئەو کۆنفرانسەی سازدا. کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی تێدا پێشکێشکران، نوێنەری چەند پارتێکی سوێدیش لە وتارەکانیاندا پشتیوانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەربڕی.

سەرەتا کۆنفراسەکە بە گۆرانی (دێرسم وەڵاتێ ماوۆ، وڵاتێ شەرڤانۆ) لەلایەن هونەرمەند جوان حاجۆ دەستی پێکرد.

(داڤیت گانت) پرۆفیسۆر لە زانکۆی سۆدرتێلییە، لە لێکۆڵینەوەکەیدا باسی لە ڕاپەڕینی دێرسم بەسەرۆکایەتی سەید ڕەزا و کۆمەڵکوژی دێرسم (1937 – 1938) کرد و، ڕەخنەی لە دەوڵەتی تورکیا گرت کە نایەوێ دان بەو کۆمەڵکوژیە دابنێ. گانت گوتی "دەوڵەتی تورکیا بەشێوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەدار کۆمەڵکوژی دێرسمی ئەنجام دا، کە نزیکەی 20هەزار سەربازی تورک بەشداریان لەو کۆمەڵکوژیەدا کردووە ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە بە لەبەرچاو گرتنی ژمارەی دانیشتوانی ئەوکاتەی دێرسم کە نزیکەی هەشتا هەزار کەس بووە". داڤیت گانت پێیوایە نزیکەی 20 هەزار کەس لە دێرسم بە کۆمەڵ کوژراون. هەروەها سەرنجی ڕاکێشایە سەر ئەوەی کە بەپێی ئەو بەڵگانەی دەوڵەتی تورکیا بڵاویکردوونەتەوە، لەکاتی تێکشکانی ڕاپەڕینەکەدا تەنها 1300 پارچە چەک دەستیان بەسەردا گیراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە زۆربەی قووربانییەکان خەڵکی سیڤیل بوون و بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ و مێردمنداڵی کورد بوون.

شایەتێکی زیندوو کە بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا کرد وتی:"لەگەڵ ڕێزم بۆ پرۆفیسۆر داڤیت گانت، بەڵام ژمارەی قوربانییەکان زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە ئەو گوتی ".

## تورکیا 20 هەزار کوردی لە دێرسم کۆمەڵکوژ کرد

**پرۆفیسۆر داڤیت گانت**

لە کۆنفرانسەکەدا، ناوەندی چاک داوای لە پەرلەمانی سوێد کرد کە کۆمەڵکوژی دێرسم وەکو "جینۆساید" بناسن، هەروەها داوایکرد کە پارتی کۆماری تورکیا CHP کە پارتێکی نەژادپەرستی تورکە و خۆی بە سۆسیال دیموکرات دادەنێ و ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵە، دەربکرێت، چونکە لەو کاتەدا کە پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی ڕابردوو "پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی" لە پەرلەمانی تورکیادا خستەڕوو، CHP بەئاشکرا داوایکرد بۆ چاوترساندنی کورد و تێکشکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، ئەوەی لە دێرسم کراوە، دووپات بکرێتەوە.

هەروەها ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، شەرافەدین خالس کە نوێنەری شاری دێرسمەو ئەندامی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDPیە، بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا کرد و پشتیوانی خۆی بۆ دەرکردنی CHP لەو ڕێکخراوەدا دەربڕی و، لە قسەکانیدا کۆمەڵکوژی دێرسمی بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنی و جوولەکەکان شوبهاند.

شەرافەدین خالس لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی " کە ئەوان بۆ یەکەمجار لەجیاتی (تونجەلی) ناوی دێرسمیان لە پەرلەمان بۆ شارەکەیان بەکارهێنایەوە " داوامانکرد کە ناوە ئەسڵییەکەی کە دێرسمە بۆ بگێڕنەوە"، هەروەها سەبارەت بە کۆمەڵکوژیەکەش گوتی " وەک پەرلەمانتارێکی شاری دێرسم داوامکرد کە گۆڕی سەید ڕەزا و هاوڕێکانی ئاشکرا بکرێن. بەڵام ئەوان لە وەڵامدا وتیان نازانن گۆڕەکانیان لە کوێن. منیش پێم وتن ئێوە بە دادگاکانی خۆتان ئەوانتان لەسێدارە داوە، دەکرێ بڵێن نازانن گۆڕەکانیان لە کوێن. بەداخەوە هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە". هەروەها گوتی " دوای ئەوەش دیسان ئەو پرسەمان بردەوە ناو پەرلەمان و پێمان وتن کە ئێوە تاوانێکی گەورەتان لە دێرسم ئەنجامداوە، کۆمەڵکوژیتان کردووە، داوامانکرد کە هەموو ئەرشیفەکانی ئەو سەردەمە بکەنەوە و لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەدا بکرێت و کۆمیسۆنێکی بێلایەن بچێتە دێرسم و لێکۆڵینەوە بکات". شەرافەدین گوتیشی داوامانکرد کە ژمارەی کوژراوەکان دیاری بکرێت، چەند کەس لەوانە ژن و منداڵ بوون. ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕاگوێزران بۆ تورکیا چەند بوون، بەتایبەتی ژنان و کچانی ئێمە. ئێمە چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێمە دەستبەرداری ئەو پرسانە نابین تاوەکو هەموو شتێکمان بۆ ڕوون نەبێتەوە".

## داوای کچ و ژنە بێ سەروشوێنەکانمان لە دەوڵەتی تورکیا کردووە

**پەرلەمانتارێکی دێرسم**

سەیدخان ئەنتەر، سەرۆکی لقی باکووری ناوەندی کوردۆساید- چاک دەربارەی ئامانجی کۆنفرانسەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " کەم یان زۆر کۆمەڵکوژی ئەنفال باسکراوەو دنیا لێی ئاگادارە، بەڵام کۆمەڵکوژی دێرسم بەشاراوەیی ماوەتەوە. ئامانجمان ئەوەبوو کە کۆمەڵکوژی دێرسم بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەم بە خەڵکی خۆمان و هەمیش بە گەلانی دنیا بناسێنین. لەکۆنفراسەکەدا نوێنەری پارتە سوێدییەکان هەم وەکو شەخس و هەمیش بەناوی پارتەکانیانەوە پشتیوانی خۆیان لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کۆمەڵکوژی دێرسم دەربڕی. سەرۆکی شارەوانی سۆدرتێلییە کە سۆسیالدیموکراتە، بەئاشکرا لە وتارەکەی خۆیدا کۆمەڵکوژی دێرسمی وەکو جینۆساید ناساند".

دەربارەی بەشداری پارتە کوردییەکان لە کۆنفرانسەکەدا سەیدخان ئەنتەر وتی:"ئێمە خۆمان بە هۆشیارییەوە تەنها بانگی دەزگا مەدەنییەکانی سەر بە پارتە کوردییەکانمان کردووە، نەک وەک حیزب، زۆربەیان بەشداریان کردووە."

شانۆکاری کورد کەمال گۆرگۆ، شانۆگەرییەکی کورتی لەسەر کۆمەڵکوژی دێرسم پێشکێشکرد و قسەکانی سەید ڕەزای بەبیرهێنایەوە کە لەکاتی لە سێدارەدانی دا گوتی: ئێوە سەید ڕەزایەک دەکوژن، بەڵام بە هەزاران سەید ڕەزای کورد هەن. دوای ئەوە سەید ڕەزا بەدەستی خۆی پەتی سێدارەکە دەخاتە گەردنی و بە جەلادەکان دەڵێت:"ئێمە وەکو شەهیدانی کەربەلاین، ئەمەی ئێوە دەیکەن ناهەقییە".



عەلی گولتەکین، شاهیدێکی زیندووی کۆمەڵکوژی دێرسم (فۆتۆ: ڕووداو)

عەلی گولتەکین، کە لەکاتی کۆمەڵکوژی دێرسم مێرد منداڵ بووەو بەچاوی خۆی کۆمەڵکوژیەکەی بینیوە، وەکو شاهیدێکی زیندوو، لە کۆنفرانسەکەدا بەگێڕانەوەی بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی بەشداربووانی هەژاند.

گابار چیا، کە یەکێکە لە بەرپرسانی ناوەندی کوردۆساید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە داهاتوودا، لە سەر ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە دەوڵەتی سوریا و ئێران دژی گەلی کورد ئەنجامیان داوە، کۆنفرانسی لەم شێوەیە دەبەستین و ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان کە ناوەندێکی ئەرشیڤکردنی هەموو ئەو دیکۆمێنت و بەڵگە و وێنانەی کە شایەتی لەسەر هەموو ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە دژی کورد کراون، بکەینەوەو شکات لە هەموو ئەو کۆمپانیا ڕۆژئاواییانە بکەین کە چەک و مادەی چەکی کیمیاییان فرۆشتووەتە داگیرکەرانی کوردستان و ئەوانیش لە قڕکردنی نەتەوەی کورددا بەکاریان هێناوە".

بۆ ڕزگاربوون لە کارکردن

# ژنانی کورد لە ئەڵمانیا منداڵ دروست دەکەن



**سەرئال ئالیخان**

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

هەندێکیان بۆ بەردەوام وەرگرتنی یارمەتی کۆمەڵایەتی لە حکومەت، هەندێکیان بۆ خۆ دزینەوە لەکارکردن، هەندێکیشیان لەبەر حەزکردن لە منداڵی زۆر و پابەندبوون بە داوونەریتی کوردەواری و پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلام حەزیان لە منداڵی زۆرە، بۆیە ئافرەتی کورد لە ئەڵمانیا زۆر منداڵیان دەبێت.

بەپێی ئاماری فەرمانگەی سەرژمێری فیدراڵ لە ئەڵمانیا، لە ساڵی 1947–1971 ژمارەی لەدایکبووان لە مردووان زیاتربوو. بەڵام لە ساڵی 1971 بەدواوە ژمارەی مردووانی ئەم وڵاتە لە ژمارەی لەدایکبووانی زیاترە و، هیچ ساڵێکیش وەکو ساڵی ڕابردوو ژمارەی منداڵبوون لە ئەڵمانیا نزم نەبووەتەوە.

ئامارەکانی فەرمانگەی سەرژمێری فیدراڵ ئاماژە بەوە دەدەن کە ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا لەساڵی ڕابردوو 81 ملیۆن و 800 هەزار کەس بووە، کە 660 هەزار منداڵ لەو ساڵەدا دایکبوون و 840 هەزار کەسیش مردوون، بەڵام لە ساڵی 2008دا ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا 82 ملیۆن بووە. واتە ژمارەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە کەمی کردووە. ئامارەکە ئاماژەی بەوەشداوە لەدوای ساڵی 2003وە ژمارەی هاووڵاتیانی ئەڵمان لە دابەزین دایە، لەبەر ئەوەی منداڵ بوون کەم بووە.

بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە تاوەکو تەمەنی سی ساڵی، خەریکی خوێندنن، دواتریش بەدوای کارێکی بەردەوامدا دەگەڕێن، ئینجا بیر لە ژنهێنان و لەوانەشە دواتر باسی دروستکردنی منداڵ بکەن. ژمارەیەکی زۆری کور و کچانی ئەم وڵاتە بڕوایان بە یەکتری نییە کە تا سەر بەیەکەوە بمێننەوە، بۆیە بیر لە دروستکردنی منداڵ ناکەنەوە. هەندێکیشیان دەڵێن سەگێکمان هەیە و بەسمانە. بەڵام لەنێو بازاڕەکانی ئەو وڵاتە منداڵی بچووک دەبینرێن، کە زۆربەیان منداڵی بێکاران و ئەوانەن کە وازیان لە خوێندن هێناوە، کوردیش پشکێکی لەو منداڵانە بەردەکەوێ. کورد لەبەر چەند هۆیەک هێشتا منداڵی زۆر دروستدەکەن.

لە ئەڵمانیا هەر کەسێک خوێندن تەواو بکات، یان قۆناخی منداڵی تێپەڕاند، پێویستە کار بکات، ئەگینا لەلایەن فەرمانگەی کارەوە بەردەوام داوای لێدەکرێت کارێک بدۆزێتەوە یان ئەوان کاری بۆ دەدۆزنەوە. تاکی کوردیش و بەتایبەت ئافرەتانی باشووری کوردستان لەئەڵمانیا زۆربەیان کار ناکەن، ئینجا بۆ خۆ ڕزگارکردن لە داوای بەردەوامی فەرمانگەی کار پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی منداڵ.

ئیبراهیم حەجی، 40 ساڵ، کە کوردێکی نیشتەجێی ئەڵمانیایە دەڵێ "زۆر خێزانی کورد دراوسێی ئێمەن، ئەوان گلەیی لە ژنەکەم دەکەن، چونکە ئیش دەکات و پێیدەڵێن تۆ بۆ خۆت ماندوو دەکەیت، دانیشە و منداڵ دروست بکە. بەو شێوەیە خێزانەکەت گەورە دەکەی و پارەش وەردەگری". ئیبراهیم کە باوکی کچێکی پازدە ساڵ و کوڕێکی دە ساڵانە، دەڵێ "بنەماڵەکەشم ئەو داوایەم لێدەکەن بەڵام ئێمە ئەو دوو منداڵەمان بەسن. چونکە بەڕاستی بەخێوکردنی منداڵ کارێکی قورسە و ئەو یارمەتییەی حکومەتیش دەیدات بەشی پەروەردەکردنی منداڵ ناکات".

## ئەو ژنە کوردانەی لە ئەڵمانیا زێڕی زۆریان پێوەیە منداڵیان زۆرە

**هاووڵاتییەک**

### بەپارەی منداڵ زێڕو خانوو دەکڕن

بەڵام هەندێک خێزانی کورد دەستبەرداری منداڵ دروستکردن نابن، بۆ ئەوەی پارە وەربگرن. حەسەن، 48 ساڵ، دەڵێ "هەر خێزانێک کە منداڵی بوو، مانگانە بڕێک پارە دەدرێتە منداڵەکە و بۆ ماوەی یەک ساڵیش یارمەتییەکی تایبەت دەدرێتە بەخێوکەری منداڵەکە، فەرمانگەی کار بۆ ماوەی دوو ساڵ واز لە دایکی منداڵ دێنێ". حەسەن، کە باوکی سێ منداڵە لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "کاتی خۆی زۆر کەس بەهۆی پارەی منداڵەوە خانووی لە کوردستان دروستکردو ئێستاش ئەگەر بچیتە شاییەک دەبینی زۆربەی ئەو ژنانەی زێڕی زۆریان پێوەیە، منداڵی زۆریان هەیە".

ئەگەر بەشێک لەو خێزانانە بە مەبەستی دارایی ئەو کارە بکەن، ئەوا هەندێکیان بەهۆی داو ونەریت و ئاینەوە ڕێ لەمنداڵبوون ناگرن و دەڵێن ڕێگرتن لە منداڵبوون گوناحە. هەندێ دایک و باوکیش هەن حەز دەکەن بەردەوام منداڵی ساوایان لەناو ماڵدا هەبێ. بۆیە لە ئەڵمانیاش ژمارەی ئەندامانی هەندێک خێزانی کورد لە دە کەس تێدەپەڕێ.







## ناهیدە خۆی سووتاند

ڕووداو-هەولێر

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2010/1/24 کچێکی تەمەن 38 ساڵ بەناوی ناهیدە عەبدوڵڵا دانیشتووی گەڕەکی ئاری بە سووتاوی گەیێنرایە نەخۆشخانە. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاند کە ناهیدە کچی ماڵەوە بووەو لە نێو ماڵەکەی خۆیان خۆی سووتاندووە، بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی، لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی گیانی لەدەستدا. بە پێی وتەی کەسوکاری ناهیدە، ئەو کچە نەخۆشی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

# چیرۆکی ئەو باوکەی کچەکەی خۆی سەربڕی

## باوکی کچەکە: کە چەقۆم لە ملی کچەکەمدا بەڕۆژووبووم



**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو — سلێمانی**

باوکی (ژ) پێشتر هەمیشە لەوە دەترسا بە پیری بکەوێتە زیندان، دواجار ترسەکە بەرۆکی بەرنەداو لەتەمەنی 57 ساڵیدا کەوتە زیندان، بەڵام شتێک کە هەرگیز بیری لێنەکردبێتەوە، ئەوەبووە لەسەر کوشتنی یەکێک لەجگەرگۆشەکانی خۆی، بخرێتە زیندانەوە. باوکی (ژ) لەسەر سەربڕینی کچەکەی ئێستا لەزیندانە، بەڵام هێشتا دەرنەکەوتووە، سزای تاوانی سەربڕینی کچە تەمەن 25 ساڵەکەی دەیگەیێنێتە کوێ. ئەو جگە لە (ژ)، سێ کوڕو سێ کچی دیکەشی هەن، کاری سەرەکیشی ئاژەڵداری و جوتیارییە.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ڕەمەزانی ساڵی 2009 لەنێو باخە هەنارەکانی خۆیان لەگوندێکی نزیک هەڵەبجەی شەهید، باوکی (ژ) دوایین بڕیاری خۆی لە بارەی کچەکەیدا، خۆی دەڵێ "تەنیا خۆم بە چەقۆ سەرم بڕی"، بەڵام ئێستا ژنەکەی و کچێک و کوڕێکیشی لەو زیندانەدان کە خۆی لێیە. لە بارەی ئەوانەوە، دەڵێ "ئەوان بێ بەرین لە تاوانەکە، تەنیا خۆم بەرپرسم لەکوشتنی. من شکاتم لێکردن بۆیە گیران، تورەبووم بۆیە وامگوت".

**چۆن سەری کچەکەی خۆی بڕی**

ئەو باوکە چیرۆکی کوشتنی کچەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە، بەڵام زیاد لە سەرچاوەیەک بەجۆرێکی دیکە چیرۆکەکە دەگێڕنەوە. یەکێک لەو کەسانەی لەنزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی کچ و خێزانەکەی ئەو پیاوەیە، زۆر لەقسەکانی باوکی (ژ) ڕەتدەکاتەوە. باوکی (ژ) دەڵێ " (ژ) کچێکی زۆر سەرەڕۆ بوو، هەرگیز ئامۆژگاریی نەدەچووە مێشکی. هەرچی ئارەزووی لێبووایە دەیکرد، بێ ئەوەی بایەخ بەدەرەنجامی ئەو کارانە بدات، کە زۆریان بۆ خۆم و بنەماڵەکەم مایەی شەرمەزاری بوو".

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی ئەو، (ژ) زیاتر لە جارێک لەماڵەوە هەڵاتووە. یەکێک لەو جارانە ماوەی سێ مانگ لە سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنان بووە لەسلێمانی و جارێکیش ڕایکردووە بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. باوکی گوتی "ئەوەندە ڕایکرد لەدەستمان ئیدی بڕیارمدا هەرگیز نەیێڵم بێتەوە، بەڵام دواتر پەشیمان دەبوومەوەو دەمگوت بەڵکو بیر بکاتەوەو باش بێ. کەچی بێ سوود بوو".

بەڵام کەسێکی ئاگادار لەو خێزانە دەڵێ "ئەو باوکێکی زۆر تورەبوو، ئەوەندە ئاگاداربووین لەگەڵ خێزانەکەیان بەگشتی کەسێکی توندوتیژبوو. بۆیە کچەکەی چەند جارێک ماڵی بەجێهێشت". دەربارەی هەڵسوکەوتی کچەکەش، ئەو کەسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "کچێکی لەسەرخۆ و هێمن دیاربوو، بەوە نەدەچوو کە باوکی پێناسەی دەکات گوایە سەرەڕۆ بووە".

بەڵام باوکی (ژ) " دەبێت کچەکەم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، هەرچی هەوڵمان لەگەڵیدا هیچ سوودی نەبوو، چوار مانگ بەر لەوەی بیکوژم بەشوومدا، دامە پیاوێکی دانیشتووی کەرکووک، بیست ڕۆژ بووکی ماڵ نەبوو، بەتۆراوی هاتەوە. دواتر پێمان زانی بەدزی ئێمەوە مۆبایلێکی کڕیبوو، نەمدەزانی لەگەڵ کێ پەیوەندی هەبوو". ئەو باوکە لەگێڕانەوە وەستاو ئاخێکی هەڵکێشا "کێشەکانی کێشە نەبوون، ئەو کچە هەر لەتەمەنی 14 ساڵی دەردەسەری بوو بۆ من".

دواتر دێتە سەر گێڕانەوەی چۆنێتی کوشتنەکەی " لە دووری ماڵی خۆمان، خەریکی چاندنی پیازبووم، ئەویشم لەگەڵ بوو، لەوێ دیسان محاسەبەکردن و دەنگە دەنگمان لێ پەیدابوو، من هەرچیم دەگوت ئەو وەڵامی دەدامەوە، تا پەلاماری دام و دەستی نایە بینم و ویستی بمخنکێنێ، منیش بەڕۆژوو بووم و تەواو تووڕەو ماندووبووم، بۆ ئەوەی بیترسێنم چەقۆیەکم لێدا. کەچی بەرملی کەوت. ئیدی لەوێدا مرد". دوای گیان دەرچوونی، باوکی دەیباتە نێو باخە هەنارەکەیان و دەیخاتە چاڵێکەوە، بێ ئەوەی کەسی دیکە ئاگای لەوە بێت.

زیاتر لە مانگێک بەسەر لە چاڵنانیدا تێدەپەڕێ، تاوەکو هێزەکانی ئاسایشی شارەزوور دەچن ئەو باوکە بۆ لێپرسینەوە دەستگیردەکەن "خۆم بەنیازبووم خۆم ئاشکرابکەم و بچمە بەردەم قانوون و ڕاستی هەموو شتێک بڵێم، بەڵام هەر دوامدەخست تاوەکو ئاسایش هاتن و دەستگیریانکردم. منیش هەموو ڕاستییەکانم پێگوتن".

ئەگەر لەو باوکە بپرسن ئایا پەشیمانی لەکوشتنی کچەکەت؟ بێ سێ و دوو وەڵام دەداتەوە "ئەی چۆن پەشیمان نیم، کە تازە کوشتبووم، شەوی سێ تا چوار جار دەچوومە ئەو شوێنەی تێیدا حەشارمدابوو، ئارامم لێ بڕابوو. کوشتنی جگەرگۆشەی خۆت زۆر ئەستەمە، بەئاسانی تەحەممول ناکرێ".

ئەو باوکە دەیگێڕێتەوە "کاتێک کوشتم و شاردمەوە، لای دایک و خوشک و براکانی گوتم دیسان هەڵاتووە، ئەوانیش بڕوایانکرد، چونکە پێشتر زۆر لەماڵ هەڵاتبوو".

> **شەوانە 4 جار دەچوومە سەر ئەو شوێنەی تەرمی کچەکەمم تێدا حەشار دابوو**
>
> باوکی کچەکە

ئەو باوکە لە دوا دوای گێڕانەوەی چیرۆکی کوشتنی کچەکەی، باری دەروونی بەتەواوی تێکچوو. هەناسەکانی خێراتر وتووندتر بوون، بۆیە بەدەستەکانی هەر دەموچاو و لوتی خۆی هەڵدەگلۆفی و سەری داخست. لەوە زیاتری نەگوت.

# سەربڕی تریفە ڕایکرد

## گلێنەی کچی تریفە: تا ئێستا ناوێرم بچمەوە ئەو خانووەی کە دایکمی تێدا سەربڕدرا

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

ئەوانەی لە نیوە شەوێکدا پیلانیان دانا بۆ سەربڕینی تریفە ئاشکرا بوون و، پۆلیس دەستگیری کردن، بەڵام ئەو کەسەی تۆمەتبارە بە سەربڕینی تریفە ڕایکردووەو تائێستا دەستگیر نەکراوە.

نیوە شەوی 2009/12/8 لە گوندی گردجانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە، ژنێک بەنێوی تریفە محەممەد ئیسماعیل، تەمەن 28 ساڵ، کە خاوەنی 3 منداڵە ( 2 کچ و کوڕێک) لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بە چەقۆ سەری لە جەستەی جیا کرایەوە، دوای زانینی ڕووداوەکە پۆلیس گەیشتە شوێنەکەو دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد، ئەوکات چەند کەسێکی بە تۆمەتی سەربڕینی تریفە دەستگیر کرد. ئێستا دانیان بە بەشداریکردن لە تاوانەکەدا ناوە.

کەسوکارو دراوسێکانی تریفە جەخت لەوە دەکەنەوە کە تریفە ژنێکی بێ کێشە بووە بۆیە ناتوانن پەنجەی گومان بۆ هیچ کەسێک درێژ بکەن، خوشکەکانی تریفە باس لەوە دەکەن، تریفە بەنیاز بووە بەیانی زوو هەڵبستێت نان بکات، بەڵام تریفە جارێکی دیکە دەستی بۆ هەویرو سێڵی نان نەبرد و کوژرا.

دنیا محەممەد، کە خوشکی بچووکی تریفەیە و ئەو شەوە لەلای تریفە بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەو چەند بەردێکیان فڕێدایە سەربانی ماڵی تریفە، بەڵام ئێمە نەچووینە دەرەوە، مێردی تریفە لە دەوام بوو، تریفە تەلەفۆنی بۆ کرد، ئەویش گوتی مەچوونە دەرەوە، بەیانی کە لە خەوهەڵسام لە شوێنەکەی خۆی نەما بوو وامزانی چووە نان بکات، چونکە بەنیاز بوو بەیانی نان بکات، بەڵام کە چووینە ژووری میوانان سەری بە قەنەفەکان کردبوو، کە هەڵمانساندەوە سەری بەلادا کەوت".

بەسێ خدر ڕەسوڵ، کە دایکی تریفەیە جلێکی ڕەشی پۆشی بوو، سەبارەت بەوانەی دەستگیرکراون بە (ڕووداو)ی گوت "چەند کەسێک دانیان بە تاوانەکەدا ناوە، کە یەکێکیان (ع.ر.ک)ە و خوارزای مێردەکەمە، هەروەها (خ.ح.ع) کە کوڕی خاڵی شووبراکەمە و دەستی لە تاوانەکەدا هەیە و دانی ناوە کە بەشداری لە تاوانەکەدا کردووە، بەڵام نازانین لە کوێیە، ئەگەر شوێنەکەم بزانیایە دەچووم وەک چۆن کچەکەمی سەربڕی ئەوها سەرم دەبڕی". بەپێی قسەی دایکی تریفە "ئەو کوڕەی کە خوارزای پیاوەکەیەتی گوتوویەتی لەگەڵ کوشتنەکەیدا نەبووم، بەڵام ئاگاداری هەموو تاوانەکە بووم".

دایکی تریفە ڕەتیشیکردەوە کە سەربڕینی کچەکەی لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بوو بێ و گوتی "هەموو ئەو قسانەی لەبارەی کوشتنی تریفە دەکرێن ڕاست نین، منیش نازانم بۆچی کوشتوویانە، بەڵام زێڕێکی زۆر و هەشت هەزار دۆلارو مۆبایلەکەیان بردووە، هەروەها خوارزای پیاوەکەم بە مۆبایلی خۆی ئەو شەوە تەلەفۆنی بۆ تریفە کردووەو پێیگووتوە بۆ دەرگا ناکەیتەوە، کە هەموو کات تریفە بە کاکە بانگی دەکرد".

ئێستا مێردی تریفەو منداڵەکانی لەلای دایکی تریفەن، بەسێ دەڵێت "منداڵەکانی تریفە هەموو سۆزێکی دایکیان بە من داوە، منیش لە پێناوی ئەوەی هەست بە بێ دایکی نەکەن هەموو شتێکیان بۆ دەکەم". گلێنە ئیسماعیلی کچی تریفەش لە بارەی ژیانی دوای دایکیان دەڵێت "ئێستا لە ماڵی نەنکم دەژین و لەدوای سەر بڕینی دایکم تا ئێستا نەمانتوانیوە بچینەوە ماڵی خۆمان، داواکارم تۆڵەی دایکم لەو تاوانبارانە بکرێتەوە".

ڕائید حەسەن خۆشناو، لێپرسراوی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا لێکۆڵینەوەی ورد لەو تاوانە بەردەوامە و چەند تۆمەتبارێک بەو تاوانە دەستگیر کراون و یەکێک لەو تۆمەتبارانەش کە لەلایەن پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی دراوە، ڕایکردووە و دەستگیر نەکراوە، لە هەوڵی بەردەوام داین بۆ دەستگیر کردنی تاوانبارەکان". بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر (ڕووداو) پەیوەندی بە بنکەی پۆلیسی چوارقوڕنە کرد، بەڵام گوتیان هیچ شتێکی تازە لە سەر ئەو دۆسیەیە نییە.



# تریسکە لە شەوی تاقیکردنەوە خۆی خنکاند

## "دایە گیان بمبورە خوێندنم پێ تەواو ناکرێت"



**سۆران بەهائەددین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

تریسکە لە ژوورە تایبەتییەکەی پەتێکی باریکی لە ملی خۆی کردو بە دەستی خۆی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەر خۆیدا سەپاند. تریسکە دوای خۆی نامەیەکی جێهێشت، کە تێیدا نووسیویەتی"دایە گیان بمبوورە ژیانم پێ ناچێتە سەر، خوێندنەکەم پێ تەواو ناکرێت".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێربە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە تریسکە ئەسعەد تاهیر، 22 ساڵ، لە کاژێر 11ی شەوی 2010/1/23 لە گەڕەکی ئاری شاری هەولێر،کە قوتابی قۆناخی دووی زانکۆ بووە، لە ژوورەکەی خۆی بە پەتێک خۆی هەڵواسیوەو خۆی خنکاندووە. ئەو بەرپرسەی پۆلیس هۆکاری ڕووداوەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە"تریسکە بەهۆی خراپی لە تاقیکردنەوەکانی خۆی خنکاندووە"، گوتیشی "لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامە و تائێستاش کەس لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە".

تریسکە بە کۆنمرەی 74%، پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو دەکات و لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین وەردەگیرێت، ساڵی یەکەمی لەو کۆلێژە بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات. فەهد ئەسعەد، کە برا گەورەی تریسکەیە، پەسنی خوشکەکەی دا کە " کچێکی زۆر ڕووخۆش بوو"، براکەی دەڵێ ئەوەندەیان خۆشویستووە دڵیان نەهاتووە کاری ماڵەوەی پێ بکەن تاوەکو بە باشی خوێندنەکەی تەواو بکات.

فەهد باسی لەوە دەکرد، کە تریسکە بەردەوام لە ماڵەوە خەریکی خوێندن بووەو گوتوویەتی خوێندنم زۆر گرانە،بەتایبەتی لەساڵی دووەم خوێندنی بووەتە ئینگلیزی"هەرگیز توندوتیژ نەبووین بەرانبەری، پێماندەگوت ئەگەر قۆناخێک بە سێ ساڵ ببڕی کێشە نییە".

ئەو ڕۆژەی تریسکە خۆی خنکاند، لەلایەن هاوڕێیەکییەوە دەستە جلوبەرگێکی بە دیاری بۆ هاتبوو، ئەو لە ماڵ خۆشحاڵی خۆی بەوە دەردەبڕی کە سبەی بۆ کۆلێژ لەبەری دەکات، ئەو شەوەش تا درەنگانی شەو لەگەڵ خێزانەکەی دانیشتبوو. وەک فەهد دەڵێت زۆر ئاسایی بوو، پاشان گوتوویەتی دەچمە ژووری خۆم بەیانی تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتم هەیە دەخوێنم. بەڵام هەر ئەو شەوە خۆی دەخنکێنێ.

فەهد سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لە چۆنیەتی خۆ خنکاندنی خوشکەکەی، کە بە پەتێکی زۆر باریک خۆی خنکاندووە "بەو پەتە باریکە زەردە نایلۆنییەی کە تەبەقەی هێلکەی پێدەبەسترێت خۆی هەڵواسیبوو، زۆر سەیرە نازانین ئەو پەتەی لە کوێ هێناوە، دوای ئەوەی پەتەکەی لە مل کردووە، کورسییەکی لەژێر پێیداناوەو خۆی بە پانکەوە هەڵواسیووە".

تریسکە لەدوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە کە بەدەستخەتی خۆی نوسیوویەتی و لە کۆتاییشدا ناوی خۆی نوسیووەو واژۆی کردووە. ئەو نامەیە ئێستا لەلای پۆلیسە بۆ لێکۆڵینەوە. فەهد باسی نێوەڕۆکی نامەکەی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "تریسکەلە نامەکەدا بە 3 دێڕ نووسیویەتی: دایە گیان بمبوورە ژیانم پێ ناچێتە سەر، خوێندنەکەم پێ تەواو ناکرێت، گەردنم ئازاد بکە، دوعای خێرم بۆ بکەن".

فەهد پێیوایە خوشکەکەی زۆر دوودڵ بووە لە خۆخنکاندن، چونکە لە دوای نوسینی نامەکە هێڵێکی کاڵی بەسەر نامەکەدا هێنابوو وەک ئەوەی ویستبێتی ڕەشی بکاتەوە.

یەکێک لە قوتابییەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەدا یەکێک لەو کێشانەی وایکردووە کە خوێندن لەو کۆلێژە ئەستەم بێت، زۆری دەوامە کە بەهۆی نەبوونی هۆڵ تا دوای عەسر تەواو نابن، هەتا دەگەنەوە ماڵ دەبێتە مەغریب و بەشەوانیش خوێندن زەحمەتە "تا ڕۆژی تاقیکردنەوە ناتوانیت بخوێنیت، ئەوکاتیش تەواو نابێت، سەرەڕای ئەو زەحمەتییەش دامەزراندن نییە بۆ دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ، بۆیە نائومێد دەبین".

بەڵام د.شێرزاد عومەر، ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ، پێیوانییە تریسکە لەسەر دەوام و خوێندن خۆی خنکاندبێت، وەک ئەو دەڵێت تریسکە تەنیا یەک تاقیکردنەوەی لە کۆرس کردووە کە هێشتا ئەنجامەکەی دیار نییە، بەڵام لەسەر 40 نمرەی ڕۆژانە 25ی هەیە "خوێندنی کۆلێژی کوشتوکاڵ زەحمەت نییە، خۆ تریسکە تەنیا قوتابی نییە لەو کۆلێژە بۆ هەر ئەو خۆی کوشت، هەر ڕێنماییەکی کۆلێژ هەبێت بۆ هەمووانە، نەک بۆ یەک قوتابی".

هەرچەندە زۆربەی ئەو کچ و کوڕانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە، بەڵام فەهد ڕەتیکردەوە خوشکی هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەی هەبێت تەنیا خوێندن نەبێت و دەڵێ خوشکەکەیشی لە نامەکەدا ئەوەی یەکلایی کردووەتەوە "ئەو پێشتر زۆر زیرەک بوو، پێی قبوڵ نەبوو بکەوێت، پێی خەمێکی گەورە بووە هاوڕێکانی بەجێی بهێڵن، بۆیە نەیوێرا بچێتە تاقیکردنەوە، زۆر ترساوە".

ناوە ناوە فەهد دەیگوت "ڕازین بە قەدەری خودا"، پاشان باسی خوشکەکەی دەکرد، کە کچێکی زۆر هێمن و شەرمن و قورئانخوێن بووە. فەهد ئاهێکی بۆ مەرگی خوشکی هەڵکێشاو گوتی "تریسکە بەردەوام مەلزەمەکانی بەدەستەوە بوو، دەیگوت دەرسەکە زۆر گرانە، تریسکە بووە قوربانی، بۆیە داواکارم شتێک بۆ قوتابیانی دیکە بکرێت".

> **تریسکە بووە قوربانی زەحمەتی وانەکانی، با شتێک بۆ قوتابیانی دیکە بکرێت**
>
> برای تریسکە





## بکوژانی دایک و کچێک دەستگیر دەکرێن

ڕووداو-ڕانیە
بە پێی ڕاگەیێندراوێکی ئاسایشی ڕاپەڕین، بکوژانی ئەو دایک و کچەی لە ئەیلولی 2009 لە شارۆچکەی حاجیاوە ون ببوون، لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراون و دانیان بە تاوانەکەدا داناوە، بەڵام تا ئێستا نەزانراوە بە چ مەبەستێک ئەو کارەیان کردووە. بەپێی ڕاگەیێندراوەکەی ئاسایش کە کۆپیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، چوار کەس ئەو دایک و کچەیان بردووەتە دەشتی بانوەقەلی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر و کوشتوویانن. ئێستا دوو لەو تۆمەتبارانە دەستگیر کراون، یەکێکیش پێشتر لەسەر تاوانێکی دیکە دەستگیرکراوە، هەرچی تۆمەتباری چوارەمە تائێستا دەستگیر نەکراوە.

### سارا موجەدیدی وایزانیبوو دەچێتە (کازاخستان)، بەڵام لە (کوردستان) نیشتەوە

# کوڕێکی تورک و کچێکی ئەفغانی بە کوردی خۆشەویستی دەکەن


سارا موجەدیدی لە ئەمریکا لەبەر داوونەریتەکانی خێزانە ئەفغانییەکەی رایکرد و لەهەولێر بووە خۆشەویستی سەلجووک سیگنچ

مەریوان فەیزوڵڵا ساڵەیی
ڕووداو- هەولێر

کچەکە هاوار دەکا و بە کوڕەکە دەڵێ "من تۆم زۆر خۆشدەوێ"، کوڕەکەش بە تۆنێکی نەرمترەوە دەڵێ "من زۆرتر". ڕەنگە ئەمە لەسیناریۆیەکی دووبارەی فیلمێکی کوردی بچێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە چیرۆکی ڕاستەقینەی پێوەندیی نێوان دوو کەسی بیانییە لە کوردستان.

هیچ کام لەو دووانە زمانی ئەوی دیکە نازانێ، بۆیە ئەو دوو خۆشەویستە بە زمانی کوردی، قسە دەکەن.

سارا موجەدیدی کچێکی ئەمریکییە و بە ڕەگەز ئەفغانە، بەڵام سەلجووک سیگنچ، تورکە و خەڵکی ئیستەنبولە. ئەوانە دوو مانگە لە شاری هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان بوونەتە خۆشەویستی یەکتری و بەنیازن ژیانی هاوسەری پێکەوەبنێن، بەڵام دوای ئەوەی زیاتر سەقامگیر بوون و زیاتر لە یەکتری گەیشتن. هەردووکیان پێش ئەوەی بێنە کوردستان دووچاری زۆر کێشە بوونەتەوە.

سارا موجەدیدی، 25ساڵ، ماوەی چوار ساڵە لە هەرێمی کوردستان دەژی و بەشێوەیەکی نائاسایی ئەمریکای جێهێشتووە .ئەو بەبێ ماڵئاواییکردن لە خێزانەکەی، ئەو وڵاتەی بەجێهێشتووە. ئەو لەدەست "کولتووری داخراوی ئەفغانییەکان" لە شاری ڤێرمۆنت لە ویلایەتی کالیفۆرنیا "ڕایکردووە". ئەو شارەی ئەمریکا بە "کابولی بچووک" ناسراوە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئەفغانی لێ دەژین.

ئەو بەدەنگێکی خەمبارەوە دەڵێ "گەورەبوونم وەک منداڵێکی ئەفغانی-ئەمریکی زۆر سەخت بوو". سارا دەڵێ "نەمدەتوانی بەشداری ئاهەنگەکانی قوتابخانە بکەم، یان سەردانی هاوڕێکانم بکەم و بچمە دەرێ. دەبوایە چیرۆکی گەشتی خەیاڵاویم دروست بکردایە، کە گوایە دەچمە واشنتن بۆ بەڕێوەبردنی مێزگردێک، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ شاری لاسڤەیگس دەچووم و لەوێ کاتێکی خۆشم لەگەڵ هاوڕێکانم بەسەردەبرد". ئەو بە درۆی چوونە کتێبخانە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەچووە بازاڕ "من زیندانی بووم".

وادیاربوو لێدانی بە قایش بەس نەبوو، لەبەرئەوە لەساڵی 2004 لەلایەن دایک و باوکییەوە ڕەوانەی ئەفغانستان کرایەوە بە مەبەستی "هۆشیارکردنەوەی لەوەی کە بە ڕەگەز خەڵکی کوێیە"، بەڵام سارا دەڵێ "ئەوە ڕاست نەبوو".

ئەوان دەیانویست ناچاری بکەن شوو بە ئامۆزایەکی بکات کە هەرگیز نەیدیتبوو. سارا دەگێڕێتەوە "ئامادە نەبووم ئەوە بکەم، لەبەرئەوەی زۆر جیاوازبووین. بیرکردنەوەی من زۆر جیاوازبوو لەگەڵ ئەوان. کە لە کالیفۆرنیاوە چوومەوە ئەفغانستان، ناچاربووم ماوەی مانگێگ عەبا بپۆشم".

کاتێک ڕازی نەبوو شوو بە ئامۆزاکەی بکات، نێوی بنەماڵەکەیان لەنێو کۆمەڵگەی ئەفغانیدا لەکەداربوو. بۆیە کە گەڕایەوە ئەمریکا، لە زانکۆی کالیفۆرنیا درێژەی بە خوێندن دا "بەناچاری هەر لە کۆمەڵگەی زانکۆدا دەمامەوە". بەڵام کە لەوێش هەستیکرد ژیانی لە مەترسیدایە بڕیاریدا بە دوای کارێکدا بگەڕێت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەو ژیانە داخراو و نەریتە "ڕابکەم". لە ماوەی دوو هەفتەدا،لە لایەن کۆمپانیایەکی گەورەی کوردستانەوە داواکرا، بەڵام ئەو وایزانیبوو کارەکە لە کازاخستانە.

ناوبراو باسی ئەو کاتە دەکات و دەڵێ "لەگەڵ گەیشتنم بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، سەرم سوڕما و شۆک بووم کاتێک زانیم لە عێراقم و لە کازاخستان نیم".

سارا موجەدیدی لە سەنتەری سپیدی هەولێر (سەنتەری پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی بچووک لە هەولێر)، وەکو مامۆستا دەستی بە کار کرد. دەڵێ لە سەرەتادا زۆر دەترسا بچێتە دەرەوە، لەبەرئەوەی ترسی هەبوو بەر تەقینەوە بکەوێت، یاخود بیڕفێنن. هەروەها دەڵێت " لەبەرئەوەی لەنێو بنەماڵەیەکی ئایینی گەورە ببووم و بەبێ ڕەزامەندی باوانم هاتبووم، لەسەرەتادا زۆر دەترسام".

پاشان ژیانی لە هەولێر بەرەو خۆشی دەڕواو دەست دەکات بەبنیادنانی داهاتووەکەی، کە ئێستا چیرۆکێکی ڕۆمانسیشی تێکەوتووە.

سەلجووک سیگنچ،27 ساڵ، ئەندازیاری دەنگە لە کەناڵ 4 لە هەولێر و هاموشۆکارێکی بەردەوامی سەنتەری سپیدە، ئەو دەڵێ یەکسەر "هەستێک"ی لەلا پەیدابوو بەرامبەر بە سارا. سەلجووک لەوبارەیەوە گوتی"لە یەکەم بینیندا خۆشمویست، بەڵام لەسەرەتادا سارا ئەوەندە گرنگی پێنەدام و نەیدەویست قسەم لەگەڵ بکات".

ساراش لەبارەی یەکەم بینینی سەلجووکەوە گوتی "هەموو شەوێک دەهات بۆ بینینم و لەسەرەتادا زۆر بێزاری کردبووم".

بەهۆی ڕابردووە ناخۆشەکەی و بڕوانەکردنی بە پیاوان، سارا هێشتا ئامادەنەبوو پەیوەندی خۆشەویستی دەست پێ بکات. بەڵام پاشتر هەستی سارا بەرامبەر بە سەلجووک گۆڕا "دوو مانگ لەمەوپێش کاتێک سەلجووک هات بۆ ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونم، کوڕێکی زۆر چاک دەرچوو. زۆر گەڵای چا و چای ئامادەکراوی بۆ هێنام، لەبەرئەوەی دەیزانی زۆر حەزم لە چایە، ئەمەش بیروبۆچوونمی گۆڕی و پەیوەندییەکەمان دەستی پێکرد".

ئێستا ئەو کەپڵە دوو مانگە پێکەوەن و یەکێکیان زۆر پەلەیەتی بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن. لەوبارەیەوە سارای دڵخۆش گوتی" سەلجووک دەیەوێ ئەمڕۆ بمهێنێت، بەڵام نامەوێت ئەوەندە پەلە بکەین، جارێ دەبێ دڵنیا بین لە هەموو شتێک و هەندێکیش خۆم گران بکەم!".

گەورەترین لەمپەر لەبەردەم ئەو پەیوەندییە ڕۆمانسیەدا زمانە. نە سارا دەزانێ بە تورکی قسە بکات و نە سەلجووکیش ئینگلیزی دەزانێ، بۆیە هەردووکیان بە کوردییە شکاوەکەیان قسە دەکەن، دەڵێن" دەبێ بە کوردی قسە بکەین".

سەلجووک کە تورکە، هیچ کێشەیەکی نییە بە کوردی قسە بکات. سەلجووک دەڵێ "ئێستا کرانەوەیەک بەرامبەر بە کورد لە تورکیا هەیە و لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئەمەش قبوڵ دەکرێت و هەتا ئەگەر منداڵیشمان بوو ناوی کوردی لێدەنێین وەکو ڤیان و ئادەم".

لەبارەی داهاتووشیانەوە لە عێراق، ئەو دوو خۆشەویستە هیچ پلانێکیان نییە بەمزووانە بەجێی بێڵن، سارا گوتی "بۆ پێنج ساڵی دیکە لێرە دەمێنمەوە و هەندێ پارە کۆدەکەمەوە، بۆ ئەوەی پشت بە خۆم ببەستم و نامەوێ پشت بە پیاو یاخود هیچ کەسێکی دیکە ببەستم، لەبەرئەوەی نازانی لە داهاتوودا چیت بەسەردێت".

لە هەمانکاتدا سەلجووک دەڵێ ئامادەیە بچێتە هەر شوێنێک کە خۆشەویستەکەی حەزی لێدەکات و دەڵێ "هەرگیز بەجێی ناهێڵم". لەوکاتەدا سارا قسەکانی سەلجوک دەپچڕێنێت و دەڵێ" ئێستا من کەسێکی ئازادم و بۆ دواجار هەستدەکەم کە مرۆڤم. ئێرە ئازادی و خۆشەویستی بۆ دابینکردم و هەتا دەتوانم لەم وڵاتە دەمێنمەوە".



تامان شاکر

# بەسەرخۆشی موسەیتەرە!

ڕۆژێک سەرپێچیەکی بچووکم کرد، دوای ئەوە ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و چووم داوای لێبووردنم لە پۆلیسی هاتوچۆ کرد، ئەویش زۆر بەخۆشحاڵییەوە سوپاسی کردم و، وتی من ڕۆژانە سەدان سەرپێچی دەبینم و کەسیش داوای لێبووردن ناکات، بەڵام تکایە ئاگاداربە بەسەری هەردووکمان ئەم شارە شۆفێری تێدا نییە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتووچۆی هەولێر لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتالی، بەمەبەستی ڕێکخستنی هاتووچۆ لەنێو شاری هەولێر، کۆمەڵێک کاری ئەنجامداوە، کێشانی خەتی سپی لە شەقامە ڕەشەکان و دابەشکردنی شەقامەکان بەپێی ئاستی خێرایی و کێشانی هێڵی پەڕینەوە بۆ هاووڵاتیانی پیادەو، دروستکردنی تاسە لەجیاتی ترافیک! بۆ ئەوەی ڕێکوپێکی هاتووچۆ لەشەقامەکان پەیرەو بکرێت.

کەچی شەقامەکانمان هێشتا مەترسیدارن، سەیریش نییە کە ڕۆژانە چەندین ڕووداوی هاتووچۆ ڕوودەدەن، ئەو خەتەی لە ترافیکەکان کێشراوە هیچ شۆفێرێک پابەند نییە پێیەوە، کە ترافیک سەوز دەبێت هەزاران هۆرن لێدەدرێ،چونکە ئۆتۆمۆبێلەکانی پێشەوە ترافیک نابینن. هەندێک شۆفێر بە زیگزاک دەڕۆن، هەندێکیتر هێشتا بیری نەکردووەتەوە بەرەو کام لا بڕوا، لەبەردەم ترافیک لایت بڕیار دەدات، کە دەبوایە بەر لەچەند سەد مەترێک بیانزانیایە، بەزمی مۆبایلیش لەنێو ئۆتۆمبێل هەر لێ گەڕێ، کە هەموو بەبنا گوێیانەوەیە، کە دەکرێ لەوکاتەدا وەڵام نەدرێتەوە یان ئامێری تایبەتی ناو ئۆتۆمۆبێل بەکار بهێنرێ.

دەرچوونی ئۆتۆمبێل لەدەستی چەپ و ڕاست، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەسەرخۆشی لەشەوان دا، کە تائێستا ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێت، زۆربەی شۆفێرەکان پێیانوایە بەسەرخۆشی باشتر شۆفێری دەکەن! لەهەر وڵاتێکی دیکە ئەم قسەیە بکەی بە شێت دادەنێن، کەچی لای ئێمە زۆر ئاساییە، لەنێو پیاواندا بەشانازییەوە باس لەوە دەکرێ، کە دوێنی شەو بەسەرخۆشی شۆفێری کردووەو "زۆر موسەیتر بووم".

کەواتە دروستکردنی شەقامی جوان و دانانی ترافیک و هێماکانی هاتووچۆ هیچ مەترسیەکیان لەسەر ژیانی هاووڵاتیان کەم نەکردووەتەوە، بەڵکو کاری پۆلیسی هاتووچۆی زەحمەتتر کردووە.

نەبوونی هۆشیاری و ڕێزنەگرتن لەیاساو نەبوونی سزای توند بەرامبەر سەرپێچیکاران، ئەم کارەساتانەی دروستکردووە .لە وڵاتانی پێشکەوتوو مۆڵەتی شۆفێری بە ئاسانی بەدەست نایێت، لێرە بەسە هاوڕێیەک یان ناسیاوێکت هەبێت، بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێری بەشەرتی نەشارەزایی، بیر لەوە ناکرێتەوە بەوشێوەیە چ بۆمبێک دەنێردرێتە سەر شەقامەکان. لەوانەیە ببێتە هۆکاری کوشتنی خۆی و خەڵکانیتر.

ئەو هەولێرەی کە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق حەسوودی پێدەبەن، ئەگەر سەد ئەوەندە جوانتر بێت، سەدان شەقامی جوانتری تێدا دروستبکرێت، عەقڵی تێدا نەگۆردرێت، ناتوانرێ چێژ لەو جوانی و ئاوەدانییە وەربگیرێت. کەواتە با بەر لەجوانکردنی شەقامەکان عەقڵی مرۆڤەکان جوانبکەین و فێریان بکەین، کە شۆفێری پێش هەموو شتێک بەرپرسیارێتییە، نەک پێشکەشکردنی مەرگی ناوەخت، هەموو ئەوانەی بەیانیان لەماڵەکانیان دێنە دەرەوە بڕیاریان نەداوە بمرن و بیر لە مەرگ ناکەنەوە، بەڵکو بیر لەکار و دابینکردنی ژیانی داهاتوویان دەکەنەوە.

# ماشاڵڵا نێوچەوانی خانووەکانی هەولێر داگیر دەکات

ئاری عوسمان
ڕووداو-هەولێر

عەبدولڕەحمان ئەحمەد، 45 ساڵ، دوای ئەوەی خانووێکی تازەی دروستکرد، تابلۆیەکی (ماشا ء الله)ی لەپێشەوەی خانووەکەی هەڵواسی، عەبدولڕەحمان مەبەستی خۆی لەوە ڕوونکردەوەو گوتی "ئەو ماشاڵڵایە خانووەکەم لە چاوی پیس دەپارێزێ".

عەبدولڕەحمان دەڵێ "بە هەزار حاڵ ئەو خانووەم دروستکرد، دەترسم چاوپیسێک لەولا بێت و چاوێک لە خانووەکەم بدات و، بیڕوخێنێ".

لەڕووی دەرەوەو پێشەوەی زۆر لەو خانووانەی کە ئێستا دروست دەکرێن، چەندین تابلۆی جۆراوجۆر هەڵواسراون وەک (ماشاء الله، هذا من فضل ربي، الملك لله)، بە بۆچوونی ئەو خاوەن خانووانە ئەو تابلۆیە لە چاوی پیس (چاوزار) دەیانپارێزێ. هەروەها هەندێک جار ناڵی گوێدرێژو مۆرووی شینیش بۆ هەمان مەبەست لەسەر دەرگاکان هەڵدەواسرێن، بەڵام ئەوەیان ئێستا زۆر کەمبووەتەوە.

زۆر کەس هەندێجار کە دووچاری ڕووداو یان کارەساتێک دەبن، دەڵێن بەهۆی چاوزاری فلان کەس بووە. عەبدولڕەحمان نموونە بەوە دەهێنێتەوە، کە هاوڕێیەکی بەشێک لە تەمەنەکەی لە خانووی کرێدا بەسەر برد، تا بووە خاوەن خانووی خۆی "هێشتا خانووەکەی تەواو نەببوو کەسێکی چاوپیس گوتی من لەوەتەی ئەو کەسە دەناسم هەر کرێچی بووە، چۆن بووە خاوەن خانوو، پاش چەند کاژێرێک خانووەکەی ڕووخا". عەبدولڕەحمان پێیوایە خانووی هاوڕێکەی لەژێر کاریگەری چاو پیسی ئەو کەسە ڕووخاوە "چونکە خانووەکە هیچ عەیبی نەبوو، دوای ئەوە ڕووخا".

جگە لەو تابلۆیانە زۆرجار بۆ خۆپاراستن لە چاووزار ناڵی پێی ئەسپ و گوێدرێژ یان مووروی شین، هەندێکجاریش پیسایی سەگ لە دیوار یان دەرگەی خانوو دەدرێ، بەڵام ئەوە زیاتر لە سەردەمانی زوو هەبووەو ئێستا کەمتربووە. عەبدولڕەحمان دەڵێت "هەڵواسینی مووروی شین و ئەو تابلۆیانەی ئایەتیان لەسەرە لەلای خەڵک بووەتە مۆدێل، نەک بۆ پاراستن لە چاوپیسی".

عەدنان سەڕاج، هێشتا خانووە تازەکەی تەواو نەبووە، بیری لەوە کردووەتەوە تابلۆی ماشاڵڵا لە پێشەوەی خانووەکەی هەڵبواسێ، چونکە عەدنان پێیوایە ئەو تابلۆیە لە چاوزار دەیپارێزێ، عەدنان گوتی "باوەڕم بە کاریگەری چاوزار هەیە، بۆیە ئەو تابلۆیە هەڵدەواسم، چونکە ئەگەر کەسە چاوپیسەکە بڵێت ماشاڵڵا لەو خانووە ئەوە تابلۆیەکە خانووەکەم لە کاریگەری ئەو چاوپیسە دەپارێزێ".

هەرچەندە ئاینی ئیسلام چاوپیسی ڕەتنەکردووەتەوەو لە قورئانیشدا باسکراوە (ومن شر حاسد اذا حسد)، بەڵام مامۆستایانی ئاینی هەڵواسینی ئەوتابلۆیانە بە کارێکی دروست نازانن و دەڵێن لە شەریعەتی ئیسلامدا نووسینی ئایەتی قورئان لەسەر دیوار بەو شێوەیە "مەکروهە".

مەلاعەلی خەتێ، ئەندامی لیژنەی فتوای یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی، لەوبارەیەوە گوتی "لەئیسلامدا چاوپیسی بوونی هەیە، بەڵام نووسینی ئایەتی قورئان لەسەر دیوار و خانوو، کە باران و تۆز و خۆڵی لێ بدات، بەشێوەی ئێستا جائیز نییە، بەڵام ئەگەر تابلۆیەکی جوڵاوی داپۆشراو بێ ئاساییە".

سەبارەت بە کاریگەری ئەو تابلۆیانە لەسەر چاوپیسی، مە لا عەلی خەتێ گوتی "مەرج نییە ئەو تابلۆیە کاریگەری هەبێ لەسەر چاوپیسی، بەڵکو دەتوانرێ بە گوتنی ئایەتەکە خۆت لە چاوی پیس بپارێزی، پاراستنەکەشی دەکەوێتە سەر ڕەزامەندی خودا". لەبارەی هەڵواسینی مووروی شین و ناڵی گوێدرێژیش، ئەو مەلایە گوتی "ئەوانە هیچ بنەمایەکیان نییە لە ئاینی ئیسلام". دەروونناسانیش پێیانوایە ئەوانەی ئەو جۆرە تابلۆیانە هەڵدەواسن کەسانی ڕاران و وا هەستدەکەن ئەو تابلۆیانە دەیانپارێزێ. نێرگز حەمەسور توێژەری دەروونی لە نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی دەڵێت "ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن پێشتر باسی مرۆڤە چاوپیسەکانیان بۆ کردوون، ئەوەش تووشی دڵەڕاوکێ و ڕارایان دەکات و بۆ خۆپاراستن لە چاوی پیس پەنا بۆ تابلۆ هەڵواسین و مووروی شین دەبەن".

ئەو دەروونناسە، نەیشاردەوە کە چاوپیسی بوونی هەیە و زانستیش سەلماندوویەتی "هەندێک کەس چاویان وزەیەک بەشێوەی تیشک دەردەکات، بەو تیشکە دەتوانێ گۆڕانکاری لە شتەکەی بەرامبەری بکات، بەپێی زانستیش سەلمێندراوە مۆرووی شین دەبێتە هۆی نەمانی ئەو جۆرە تیشکە".



بەپێی قسەی دەروونناسێک مۆرووی شین دەبێتە هۆی نەمانی ئەو تیشکەی لەچاوی هەندێ کەسەوە دێتەدەرێ

## ئەوانەی ئەو تابلۆیانە هەڵدەواسن کەسانی ڕاران

دەروونناسێک

## هەڵواسینی ئەو تابلۆیانە جائیز نییە

مەلایەک

# کیمیاوی به‌بێده‌نگی شاردرایه‌وه



تەرمی عەلی کیمیاوی لە تەنیشت گۆڕی مستەفای کوڕی قوسەی لە گوندی عۆجە نێژرا (فۆتۆ: AFP)

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەبێ هوتافکێشان و تەقاندنی گوللە بەهەوادا کە بەشێکە لەنەریتی عەرەبەکان و بەئامادەبوونی ژمارەیەکی کەمی خەڵک، ئێوارەیەکی درەنگی سێ شەممە 2010/1/26، تەرمی عەلی حەسەن مەجید، دووەم ترسناکترین سەرکردەی بەعس لەدوای سەدامی کوڕە مامی، لە گۆڕستانی گوندی عۆجە خرایە ژێر خاک.

عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە "عەلی کیمیاوی" کە رۆژی 2010/1/17 لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە چوارەمین سزای لەسێدارەدانی بەسەردا درا، 9 رۆژ دواترو لەهەمان ئەو شوێنەی ملی سەدام حوسێنی تێدا بەپەتەوەکرا (بەڕێوەبەرایەتی پێشووی هەواڵگریی سەربازی- کازمیە) سزاکەی لەسەر جێبەجێکرا.

کیمیاوی پاش رووخاندنی رژێمی عێراق لە 9ی نیسانی 2003، لە مانگی ئابی هەمان ساڵ دەستگیرکراو لەحوزەیرانی 2007 لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە بەبەرپرسیارێتی راستەوخۆ لەهەڵمەتەکانی ئەنفالدا تاوانبار کراو یەکەمین سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو.

لەکانوونی یەکەمی ساڵی 2008و پاش دادگاییکردنی لەسەر دۆسیەی سەرکوتکردنی راپەڕینی شیعەکانی باشووری عێراق لەساڵی 1991، دووەمین سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. لەگەڵ بەردەوامبوونی مشتومڕی یاسایی لەنێوان دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمارو دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی عێراق لەبارەی جێبەجێکردنی سزاکە لەسەر سوڵتان هاشم، وەزیری بەرگری لەسەردەمی سەدام دا، کە تائێستاش بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، عەلی کیمیاوی ساڵی 2009 سێیەمین سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دراو رۆژی 17ی کانوونی دووەمی ئەمساڵیش بۆ جاری چوارەم، دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە سزای لەسێدارەدانی بۆ ناوبراو دەرکرد.

پاش ئەوەی تەرمی عەلی کیمیاوی گەیشتەوە گوندەکەی خۆی، لەلایەن شێخ یەحیا عەتتاوی جێگری سەرۆکی دەستەی زانایانی سوننە لەشاری تکریت نوێژی مردووی لەسەرکراو پاشان لە دەرەوەی ئەو هۆڵەی کە لەگۆڕستانی عۆجە بۆ گۆڕی سەدام حوسێن دروستکراوە، لە نزیک گۆڕی تەها یاسین رەمەزان ژێرخاک کرا. ئەوانەی تەرمەکەی ناوبراویان بینیوە، رایانگەیاند کە هیچ ئاسەوارێکی لێدان و ئەشکەنجەی بەجەستەکەیەوە دیار نەبووە.

هەرچەندە وا بڕیاربوو کە تەرمەکە لەرێگەی بنکەی ئەمریکییەکانەوە لەباکووری شاری تکریت بدرێتەوە دەست کەسوکاری، بەڵام لەبەر هۆیەکی نەزانراو پلانەکە گۆڕا، هێزێکی پۆلیسی شاری تکریت مەحمود فازڵ حەسەن مەجید، برازای کیمیاوییان لەگەڵ خۆیان بردە ناوچەی سەوزی شاری بەغدا تاوەکو تەرمەکەی رادەست بکەن.

پاش شاردنەوەی تەرمەکە، رێگە بەکەسوکاری درا پرسەیەکی بێدەنگی بۆ دابنێن و، پێیان راگەیێندرابوو کە پرسەکە نەکەنە بۆنەیەکی سیاسی و کارێک نەکەن باری ئاسایشی ناوچەکە تێکبدات.

# سەرۆکی ئەندەنووسیا سێیەمین ئەلبوومی گۆرانییەکانی بڵاودەکاتەوە



**رووداو- DPA**

بۆ ئەوەی لە جەماوەرەکەی دانەبڕێ، سۆسیلۆ بامبانگ یۆدیۆنۆ، سەرۆکی ئەندەنووسیا هەفتەی رابردوو سێیەمین ئەلبوومی گۆرانیەکانی خستە بازاڕەوە کە ژمارەیەک گۆرانی رۆمانسی لەخۆدەگرێ.

ئەلبوومە نوێیەکەی سەرۆکی ئەندەنووسیا کە بەناوی (دڵنیام کە دەگەمە ئەوێ)، کەوتە بازاڕەوە. بەبۆنەی دەرچوونی ئەو ئەلبوومەشەوە، ئاهەنگێکی بچووک، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە موزیسیەن و گۆرانیبێژانی ئەندەنووسی بەڕێوەچوو، بەڵام سەرۆک خۆی لەوێ نەبوو.

ئاژانسی هەواڵی (ئینتارا)ی ئەندەنووسی لە زاری ئەو سەرۆکە هونەرمەندەوە بڵاویکردەوە "لەکاتی دەستبەتاڵیمدا و لەدەرەوەی بەڕێکردنی کاری رۆژانەی خەڵک، حەزم لێیە گوزارشت لەهەستەکانم بکەم". سەرۆک هەروەها هیوایشی خواست کە توانیبێتی بەو کارە هونەرییانە بیروبۆچوونی خۆی بەگەلەکەی گەیاندبێ.

لەکۆی 9 گۆرانی نێو ئەلبوومەکە کە خۆی شیعری هەموویانی نووسیوە، دووانیان بەزمانی ئینگلیزین. یۆدیۆنۆ کە لە هەمانکاتدا جەنەراڵێکی خانەنشینیشە، یەکەمین ئەلبوومی لەساڵی 2007 بەناوی (بیرت دەکەم) بڵاوکردەوەو ساڵی 2009یش ئەلبوومی دووەمی بەناوی (ئەفۆلۆسی) تەواوکرد. سێیەمین ئەلبوومی کە هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر خولی دووەمی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی. راپرسییەکانی نێوخۆی ئەندەنووسیا وا پێشاندەدەن کە جەماوەری یۆدیۆنۆ روو لەکەمبوونە.

# پەچە دنیای سەرقاڵ کردووە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ماوەیەک لەمەوبەر، ئەزهەر کە باڵاترین مەرجەعی سوننەیە لە جیهانی ئیسلامیدا، بڕیاریدا لە نێو پۆلی قوتابیانی کچ و لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا کە چاودێرەکانیان ژنن، پەچە (نیقاب) قەدەخە بکرێت، کۆڕی توێژینەوەی ئیسلامیش پشتیوانیی لەو بڕیارەی ئەزهەر کرد.

وا پێشبینی دەکرێت کە ئەو دەزگا باڵا ئاینییە لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە، دوای ئەوەی دادگای میسر لەچەند دۆسیەیەکی تایبەت بەو کێشەیەدا، بەپێچەوانەی ئەو بڕیارەی ئەزهەر جوڵایەوەو پشتیوانیی لە پۆشینی پەچە لە نێو پۆل و پەیمانگە و کۆلیژەکانی ئەزهەردا کرد.

هودا رەمزی کە قوتابییەکی پەیمانگەی ئەزهەرە، بەهۆی پێداگریی لەسەر لانەبردنی پەچەکەی، لەو پەیمانگایە دەرکرا. هودا داوایەکی یاسایی دژی ئەزهەر تۆمارکرد، ئەنجام بڕیاری دادگاش بە پێچەوانەی بڕیارەکەی ئەزهەر بوو، پارێزەری ئەو کچەش دەڵێ "قەدەخەکردنی پەچە دژی دەستووری میسری و دژی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەشە کە میسر واژۆی کردوون".

سەید محەممەد تەنتاوی شێخی ئەزهەر، تۆمەتی ئەوەی دەدرێتە پاڵ کە کێشەی پەچەی ناوەتەوە، کاتێک لە نێو پۆلدا قوتابییەکی لەسەر پەچە سەرزەنشت کرد و داوای لێکرد لایبدات. ئەم کارە مشتومڕێکی فراوانی لە نێوەندی ئایینی و میللیی میسردا نایەوە. شێخی ئەزهەر پەچەی بە جۆرێک لە توندڕەوی لە قەڵەم دا، کە شەریعەتی ئیسلام خۆی لێ بەدوور دەگرێت. زانایانی ئەزهەر پشتیان بەوە بەستووە کە ئایەتێکی قورئان نییە رێی بە پۆشینی پەچە دابێت. ئاماژەش بەوە دەکەن کە ئەوە نەریتە نەک خوداپەرستی، لە ئایینیشدا بنەمایەکی نییە. بەڵام لایەنگرانی پەچە پێیانوایە کە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە و ئامانج لێی تەنگ پێهەڵچنینە بە هەژموونی ئیسلامییەکان و پاڵپشتیکردن لە رووخساری عەلمانیانەی دەوڵەت.

بڕیاری شێخی ئەزهەر، کاردانەوەی توندی لە نێو شەقامی میسر لێکەوتەوە. ئیخوانەکانی میسر دژی وەستانەوە. هەندێ کەسی ئیسلامی ئەو بڕیارەیان بە شەڕی دژ بە ئیسلام لە قەڵەم دا، کە شێخی ئەزهەر لە بەرژەوەندی عەلمانییەکان بەڕێوەی دەبات. هەندێ یاساناسیش بەرهەڵست بوون، بەوەی ئەو بڕیارە ئازادیی تاکە کەس پێشێل دەکات.

تەنتاوی پێیوایە پەچەکردن نەریتێکی هاوردەیە و لە شەریعەتی ئیسلامدا جێی نابێتەوە. ئەزهەر لە جیهانی ئیسلامدا، نموونەی ئیسلامی میانڕەوی دوور لە توندڕەوییە.

وەزیری خوێندنی باڵای میسر بڕیارێکی دەرکردووە کە تێیدا پۆشینی پەچە لەنێو زانکۆ و هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا قەدەخە دەکات، بەڵام قوتابیانی پەچەپۆش کاردانەوەی توندیان بەرامبەر بەو بڕیارەی وەزیر دەربڕی و پەنایان بۆ خۆپیشاندان و دادگاکان و پۆلیس برد.

### یونسکۆ دژی پەچە نییە

لە فەرەنساش پەچە بووەتە کێشەیەکی گەورە، نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی وڵات پەچەی قەدەخە کرد، بەڵام ئەوە بۆ وڵاتێکی وەک فەرەنسا کە 5 تا 6 ملیۆن موسڵمانی تێدایە مەسەلەیەکی هەستیارە. ئیرینا بۆکۆڤا بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو رۆشنبیری و زانست (یونسکۆ) رایگەیاند "کارێکی زۆر گرنگە کە هەوڵ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەکان بدەین تا هەندێ نەریت و بیرکردنەوە بگۆڕین"، گوتیشی "ئەم کارە لەرێی پەروەردەوە دەکەین، هەموو پرۆگرامەکانی ئێمە لەپێناو یەکسانی و فێرکردنی ئافرەتان و نەهێشتنی نەخوێندەوارییە لە نێو ژناندا".

هەروەها لیژنەیەکی پەرلەمانیش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بڕیاریدا، کە پۆشینی پەچە لەنێو زانکۆ و شوێنە گشتییەکاندا قەدەخە بکرێ.

### لە بەلجیکا زۆرینە دژی پەچەن

بەگوێرەی ئەنجامی راپرسییەک، 72%ی خەڵکی بەلجیکا لەگەڵ ئەوەدان کە چادری ئەفغانی و پەچەی سعودی لە وڵاتەکەیان قەدەخە بکرێت. ئەوانەی لە راپرسیەکەدا بەشداربوون پێیانوایە کە پەنابەران دەتوانن نەریتی تایبەتی خۆیان بپارێزن، بەبێ ئەوەی یاسا و بەهاکانی ئەو وڵاتەش بشکێنن.

25%ی بەلجیکییەکان پێیانوایە پێویست بە یاسا ناکات بۆ قەدەخەکردنی پەچە، بەڵکو ئەو یاسایانەی ئێستا هەن بەسن و پەچەش هێندە دیاردەیەکی بەربڵاو نییە تاوەکو بخرێتە بەر گفتوگۆ، بەڵکو شتی دیکەی هەستیارتر هەن کە مشتومڕیان لەبارەوە بکرێت.

# تورکیا بۆ قاعیدە بارەگایە یان بەردەباز؟

**یوسف شەریف- الجزیرة نت**

چ شتێک لە تورکیا قاعیدە دەبزوێنێ بۆ ئەوەی گەرای خۆی تێدا دابنێ؟ ئاخۆ تورکیا بۆ ئەو رێکخراوە چییە "سەرزەمینی جیهادە یان پشتیوانی"؟

لەناکاو هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هەڵمەتێک بۆ سەر"پێگەکانی قاعیدە"دەست پێدەکەن، لەهەفتەیەکدا زیاتر لە 150 ئەندامی قاعیدە بەچەک و تەقەمەنییەکانیانەوە دەستگیردەکەن کە بۆ هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا و رۆژئاوا ئاماد کراون. ئەو هەموو ئەندامەی قاعیدە لە تورکیا هەن، لە کاتێکدا ئەو وڵاتە نە یەمەنە و نە سۆماڵە و نە لە هیچ شتێکیشدا بە هیچ پەناگەیەکی دیکە قاعیدە دەچێت.

جوگرافیای گرتنەکان گرنگن. زۆربەی گرتنەکان لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتدا بوون، کە نائارامی لەگەڵ کورد بە شێوەیەکی رێژەیی سستیی دەسەڵاتی دەوڵەت بەرەو سەرەوە دەبات، هەروەها لە باکووری رۆژهەڵاتیشدا بوون، کە بە دەروازەی باشووری قەفقاسیا دادەنرێ. هەردوو ناوچەکەش پشتێنەیەکن بۆ ئەو دراوسێیانەی ساڵانێکە قاعیدە تێیاندا چالاکە.

قاعیدە لە زۆر وڵاتی عەرەبی و ئیسلامیدا "لێکدابڕانی دەسەڵاتداران و شەریعەتی ئیسلامی"ی قۆستووەتەوەو گوتارێکی میللیی لەسەر داڕشتووە کە ئەو دەسەڵاتدارانە وەک کافر وێنا دەکات، یان بە لای کەمەوە بە مورتەدیان دادەنێت، کە دەبێت بەگژیاندا بچنەوە و لە فەرمانیان دەربچن. ئاخۆ ئەو گوتارە تا چەند لە وڵاتێکدا پەسند دەکرێت، کە دەسەڵاتەکەی لەدەست پارتێکدایە "ئیسلامیبوونەکەی" بووەتە "نەفرەتێک"و تا ئەمڕۆش لێی نەبووەتەوە!

هێرشی خاچپەرستان

مانگی ئەیلوولی رابردوو، ئەیمەن زەواهیری دووەمین سەرکردەی رێکخراوی قاعیدە، بەر لەوەی تورکیا سەرکردایەتیی هێزەکانی ناتۆ لە کابول بگرێتە دەست، هەڕەشەیەکی لە تورکیا کرد و گوتی "با هەموو تورکێکی موسڵمان و ئازاد و خاوەن غیرەت بزانێت، وڵاتەکەی ئەرکی سەرکردایەتیکردنی هێرشی خاچپەرستانی لە ئەفغانستاندا گرتووەتە دەست کە گوند دەسووتێنن و ماڵان دەڕووخێنن و ژن و منداڵ دەکوژن و خاکی ئیسلام داگیردەکەن. هێزەکانی تورکیا هەمان ئەو کارە دەکەن کە هێزەکانی جوو لە فەلەستین دەیکەن! جا گەلی موسڵمان و ئازاد و بە غیرەتی تورک ئەمە چۆن قبووڵ دەکات؟".

بەڵام ئاخۆ پچڕاندنی پەیوەندی ئەم دواییەی پارتی دادو گەشەپێدان لەگەڵ ئیسرائیل و رێگە نەدانی پەرلەمانەکەی بە هێزەکانی ئەمریکا لەساڵی 2003 تاوەکو لە باشووری وڵاتەوە پەلاماری عێراق بدەن، هیچ دادی تورکیای نەدا؟ ئاخۆ ئەوەش دادی نادا کە پارتی داد و گەشەپێدان بەمەبەست بوو بێت یان بێ مەبەست، حەماسەتی تورکەکانی بۆ چوونە نێو ئەورووپای "خاچپەرست" خاوکردەوە؟

بەڵام ئایا ئەوانەی گیراون بەڕاستی ئەندامی قاعیدەن؟ یان هەر تەنیا "خەڵکانێکی توندڕەوی ئیسلامین" کە بە دەگمەن کۆمەڵگەی تورکی لەم ساڵانەی دواییدا لێی بێبەش بووە، رەنگە پاشماوەی "حیزبوڵلای تورکیا"بن، کە هەوڵدرا وەک ئەندامی قاعیدە بناسێندرێن و لەم ساڵانەی دواییدا بوونە باشترین بەرجەستەکەری ئەوەی پێیدەڵێن سیاسەتی ترساندن.

پاشان کام لە دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا ئەوانی دەستگیر کرد؟ رەنگە بۆ خەڵکانێک کە لە دەرەوەی تورکیا بن ئەم پرسیارە هەندێک سەیر بێت! ئەوەی زیاتر سەیرتری دەکات نارۆشنیی ئەو لایەنەیە کە دەستگیری کردوون. هەڵبەت ئەو نارۆشنییە رازی پەنهانی پشت پەردەی هەیە. دوو چیرۆکیش لە ئارادان: یەکیان پێیوایە ئەو گرتنە لەلایەن پۆلیس (حکومەت)ەوە بووە. ئەوی دیکەشیان دەڵێ کاری جەندرمەیە.

جەندرمە یەکەی سەر بە سوپای (پارێزەری عەلمانیەتە) کە بە نهێنی باڵێکی هەواڵگری هەڵدەسووڕێنێ و پێیدەگوترێ "ژیتەم". دەوڵەت نکۆڵی لە بوونی ژیتەم دەکات، بەڵام لە ناوەندەکانی تورکیادا بەوە ناسراوە کە بە تۆڕێکی رێکخستنی نهێنییەوە گرێدراوە. ئەوەشی دەخرێتە پاڵ کە دەستی لە دەیان حاڵەتی تیرۆر و سەرنگومکردندا هەیە، کە لە نەوەدەکاندا روویانداوە و تا ئەم رۆژگارەش هەر بە نادیاری ماونەتەوە.

دەوڵەتی قووڵ

ژیتەم بەلای زۆر لە تورکەکانەوە واتە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی دەوڵەتی قووڵ (دەوڵەت لە نێو دەوڵەتدا)، کە ژمارەیەک میلیشیان لە دەرەوەی یاسادا کار دەکەن و دەستیان لە هەژاندنی ئارامیی دەوڵەتدا هەبووە بۆ ئەوەی دەرفەت بدەنە سوپا تاوەکو حکومەتی داد و گەشەپێدانی ئێستا بڕووخێنێ.

توێژەری تورک حوسنی مەحلی کە بەم دواییانە بەشداریی لە بەرنامەی (ئەودیوی هەواڵ)ی کەناڵی (الجزیرە)دا کرد، گوتی مەبەست لەو گرتنانە شپرزەکردنی حکومەتە، ئەو لەگەڵ ئەوانەشدا هاوڕایە کە پێیانوایە هەوڵێکە بە ئاراستەی سەرقاڵکردن و ماندووکردنی حکومەت لەو مشتومڕەی لەگەڵ سوپادا هەیەتی، کە بەم دواییە سوپا دۆسیەیەکی دەربارەی دادگاییکردنی ژەنەراڵەکان لەبەردەم دادگای مەدەنیدا لە دادو گەشەپێدان بردەوە.

لە رابردوودا، بە قسەی گۆڤاری تایمی ئەمریکی "ئیسلامییە توندڕەوەکان"پەنایان بۆ تەقینەوە دەبرد، چونکە ئەو گرتن و پێشێلکارییانەی بە دوایاندا دەهات سەرنجی یەکێتیی ئەورووپای بەلای خۆیدا رادەکێشا و ئەوەش خزمەتی ئەجێندای ئەوانی دەکرد کە دژ بە پرۆسەی ئەندامبوونی تورکیا بوون لەیەکێتی ئەورووپادا. بەڵام ئێستا لەنێو تورکەکاندا مەیلی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپادا لەوپەڕی نزمیدایە و تەنیا 27%یان بە ئەرێنی لەو پرسە دەڕوانن.

کاتێک لە 2003دا تەقینەوەکانی ئیستەنبوڵ روویاندا، ناوی ئەو شارە چووە ریزی شارانی دیکەی وەک ریاز و دارلبەیزا و جاکارتا و مۆمباسا. بەڵام ئێستا تورکەکان ترسی ئەوەیان هەیە وڵاتەکەیان بچێتە ریزی وڵاتانی وەک یەمەن و سۆماڵ و پەناگەکانی دیکەی قاعیدە.

راستییەکە هەرچیەک بێت و بە چاوپۆشین لە رەوتی هەرە لۆژیکییانە لە شیکردنەوەی وردەکاریی هەڵمەتی ئەو گرتنانەی تورکیا، ئەو پرسە لەمپەرێکی ستراتیژییە لە بەردەم خواستی "سوڵتان"ە تازەکانی تورکیا، کە دەخوازن تورکیا بەرەو ئاسۆی فراوانتر ببەن، تا پەیکەری هێزێکی هەرێمایەتی دابمەزرێنن باڵی هەژموونی خۆی بۆ هەموو لایەک رابکێشێ.



# 30 گەنجێن دەڤەرا ئامێدیێ ژ ئەوروپا گەریانەڤە



عەبدوڵلا نهێلی
abdullanheli@yahoo.com

**ڕووداو- ئامێدی**

عاسف خالد یێ 30 سالی ئاکنجیێ کومەلگەها شێلادزێ ل 10/14/ 2004 ب ڕێکێن قاچاخ بەرەف ئەوروپا چۆیە و دەمەکە ڤەگەڕاندیە کوردستانێ و دبێژی" گەلەک ترس و برس من ب ڕێکێ ڤە دیتن، چار هەیڤا ئەز ب ڕێکێ ڤەمام تا گەهشتمە بەریتانیا".

عاسف پتر ژ 15 هزار دۆلاران خەرجکرن بۆ گەهشتنە بەریتانیا "ئەز نەهاتمە وەرگرتن و مافێ کاری ژی نەدابوو من، بەلێ هەر هەیامەکێ کارەکێ ب زەحمەت من دکر"، سالا 2006 حکومەتا بەریتانی رەفز دا وی " من گەلەک بزاڤ کرن داکو بهێمە وەرگرتن، هەر نەهاتمە وەرگرتن، نەچار بووم ناڤێ خو بدەمە حکومەتێ، ل مەها دە یا سالا 2009 ڤەگەریامە کوردستانێ".

د سالێن 1991 تا 2008، هەیڤانە 20 تا 30 گەنجێن دەڤەرا ئامێدیی ب قاچاخ بەرەڤ ئەوروپا دچۆن، لدیف روپێڤەکا ڕێکخراوا ئەلند بو دیموکراسیکرنا گەنجان دسالا 2008 دا مەزنترین ڕێژا چۆنا گەنجان بو دەرڤەی وەلاتی ل دەڤەرا ئامێدیێ بوو، گەلەک ژ وان گەنجان هاتینە کوشتن و د دەریاییێن یۆنان دا بێ سەروشین بوون. بەلێ بەروڤاژی سالێن بووری، گەنجێن دەڤەرا ئامێدیێ دسالا 2009 دا ل ئەوروپا ڤەدگەڕنە کوردستانێ، زۆربەیا وان ئەون یێن رەفز ل وەلاتێن ئەورپا وەرگرتی و مافێ پەنابەریێ نەدایێ.

عاسف بەروڤاژی وان کەسێن کو مافێ پەنابەریێ هەی و دهێنە کوردستانێ و بباشی بەحسێ خەلکێ ئەوروپا دکەن، دبێژی " خەلکێ ئەوروپی ب چاڤەکێ کێم تەماشەی پەنابەران دکەن، گەلەک ئاخفتنێن نەخۆش ژی دبێژنە وان، خو لێ ددەنە پاش و سەرەدەریێ دگەل دا ناکەن، گەلەک جاران خەلکێ بەریتانی د گۆتنە مە هەرنەڤ وەلاتێ خۆ، شەڕێ مەدکر جڤین ددانە مە".

ئەو عاسفێ ب ناز مەزن بووی ل کوردستانێ و کەس نەشیای ئاخفتنەکا نەخۆش بێژیتێ دوو جاران ب دەستێن خەلکێ بەریتانیا هاتیە قوتان" گەلەک ب دژواری هاتیمە قوتان و دەڤ و دفنێن من تژی خوین دکرن، ئەز دووجاران ژ بەر هندێ برمە نەخۆشخانێ".

دگەلەک کەنال و دەزگەهێن راگەهاندنێ دا دهاتە دیارکرن کو ئەو پەنابەرێن ڤەدگەرینە کوردستانێ ڕێکخراەکا نێڤدەولەتی دێ 6000دۆلاران دەتە هەر ئێک ژوانا، بەلێ عاسف و ئەو گەنجێن مە دیتی هێشتا هیچ پارە وەرنەگرتیە. عاسف دبێژی "ل فرۆکەخانا هەولێریێ گۆتەمە هەرن فورمێن کاری بۆ مە بیینن دا بۆ هەوە شەش هزار دۆلارا خەرج کەین، من فورمێن کاری ژی بەرهەڤکریە و چەندین جارا ئەز دیڤرا چویمە هەولێرێ و، گەلەک پارەژی خەرجکرینە و هێشتا چ پارە نەداینەمە".

> **دوو جاران وەلاتیێن بەریتانیا ب بتلێن مەشروبێ ئەز وەسا قوتایمە هەتا کەفتیمە د نەخوشخانێ دا**
> گەنجەکێ ژ ئەوروپا ڤەگەراندی

ل گۆر دویڤداچۆنا (ڕووداو) ل سنووریێ قەزا ئامێدیێ، ل دشەش مەهێن چۆییدا، ل کۆمەلگەها سیریێ 2 کەس، شێلادزێ 10 کەس، دێرەلوکێ 8 کەس، قەدشێ و دەوروبەران 6 کەس ل دیڤ گۆتنا چەند کەسەکان کو کەسوکارێن وان یێن ل دەرڤەی وەلاتی زڤرینەڤەو، 6 کەسێن دی ژی ناڤێن خو تۆمارکرینە کو ڤەگەرنەف کوردستانێ. گوهدار نەسرەدین، یێ 21 سالی و ئاکنجیێ ناحیا دێرەلوکێ یا سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە، بەحسێ چۆنا خۆ بۆ دەرڤەی وەلاتی کر و گۆت" ل رۆژا 2008/8/17 ئەز و سێ گەنجێن دی یێن دێرەلوکێ ب قاچاخی چۆینە ئەوروپا، پشتی 25 رۆژا ئەم ماینە ب ڕێکێ ڤە گەهشتینە یۆنان، ل وێرێ سێ مەهان ئەز هاتمە گرتن و پشتی ئەز بەردام هەر ب ڕێکێن قاچاغ بەرەف وەلاتێ سویسرا چۆم، بەلێ حکومەتا سویسرا ئەم نەوەرگرتین". سویسرا ماوەیێ یەک هەیف داوان کو ژ وەلاتێ وان دەرکەڤن.

گوهدار دبێژی ئەو 11 مەهێن ئەو د کەمپیدا مایەڤە نەخۆشترین وەختێن ژیانا وینە تا نها " جهێ نفستنێ و خارن و ڤەخارنامە گەلەک دبێسەروبەر بوون، دژیانا خۆدا من هسپی و رشک نەدیتبوون، ل سویسرا د کەمپێ دا هسپییا بەردا مە".

تا گوهدار گەهشتییە سویسرا 14 هزار دۆلار خەرجکرن " زۆربەیا وان پارا من دەین کربوون، ئەز دوێ باوەرێدا بووم بچمە دەرڤە دێ شێم دەینێن خۆ بدەم و هاریکاریا مال ژی بکەم".

تا دەسپێکا سالا 2009 چۆنا گەنجان بۆ دەرڤەی وەلاتی وەک عاداتەکی لێ هاتبوو، دڤێت هەر مالەکێ کورەکێ خۆ فرێکربا دەرڤەی وەلاتی خۆ ئەگەر پارە ژی نەبان دەین دکرن و کوڕێ خو فرێدکرن. ل دیف گۆتنا نەوزاد پیرموس ژ ڕێکخراوا ئەلند بۆ دیموکراسیکرنا گەنجان ئەگەرێ سەرەکی یێ چۆنا گەنجان بدەستڤە ئینانا ئازادیا کەسۆکی و پارەی بوو بۆمال، نەوزارد پیرموس دبێژی "هێشتا حەزێن گەنجان لڤێرە تێرنابن، ل دیف روپیڤا مە کری، نەبوونا د ە لیڤێن کاری و بتا یبە تی لدەڤەرا ئامێدیێ ئەگەرەکێ سەرەکە بوو کو گەنج بچنە دەرڤەی وەلاتی".

> **د ژیانا خۆدا من هسپی و رشک نەدیتبوون، بەلێ من ل وەلاتێ سویسرا دیتن**
> گەنجەکێ زڤراندی

زێدان حەسەن 27 سالی ئاکنجیێ دێرەلوکێ دمالەکا گەلەک هەژار دابوو و چ کارنەبوون بکەت، بەرێ سالەک و شەش مەهان ب ڕێکێن قاچاخ بەرەف ئەوروپا چۆیە"من گەلەک دەین ئێخستنە سەر مالاخۆ، بەلێ من گوت دێ چمە ئەوروپا دێ کارکەم و هاریکاریا مالا خوکەم، پشتی گەهشتیمە سوسیرا، نە ئەو سیک و نە ئەو بازار، ژیان ل وێرێ گەلەکا ب زەحمەتە، خەلکێ سویسریێ چ پیتە ب پەنابەران ناکەن، حکومەتێ ژی رەفز دامن ئەز کەفتمە دکەمپان دا و نەچار بووم ڤەگەرمەڤە".

زێدان داخوازێ ژ هەموو گەنجان دکەت کو ئەوروپا ژ سەرێ خۆ دەربێخن "چونکی مرۆڤی ل وێرێ چ قەدر نینیە، ئەو گۆتنا مەزنا ل ئەوروپا باش تێتە بیرا مرۆڤی: هەر بەرەک ل جیێ خۆ یێ ب سەنگە ".





بەرهەم عەلی

## دوو پیاوی قەرزار لە 2012 دا

لەگەڵ برادەرەکەم لە ڕێی DVD و تەلەڤزیۆنەوە تەماشای فیلمی (ساڵی 2012)مان دەکرد، ئەو فیلمەی باس لە "کۆتایی دنیا دەکات لەساڵی 2012دا"و تەنیا لە سێ ڕۆژی یەکەمی پێشاندانی لە سینەماکاندا داهاتەکانی گەیشتە 65 ملیۆن دۆلار، ترسێک دایگرتم:خوایە تۆ بڵێی وابێ؟! تۆ بڵێی 2012 کۆتایی ژیانی سەر ڕووی زەوی بێت؟!. من دوعام دەکرد : خوایە وا نەبێ. برادەرەکەشم دەیگوت "دەی خوایە گیان کردبێتت، دەی خوایە ساڵی 2012 ئەم زەمینە تەفروتونا کەیت".

من دەمگوت: کوڕی باش ئەو فیلمە دەچێتە چوارچێوەی خەیاڵی زانستییەوە. ئەو دەیگوت "نا..تۆ نازانی ئەوە پێشبینی هندییەکانی مایای ئەمەریکای نێوەڕاستە، ئەوان تەنیا تاوەکو ساڵی 2012 پێشبینیی ڕووداو و کارەساتەکانی دنیایان کردووە، کەواتە ئینشاڵلا ئەو فیلمە ڕاست دەردەچێت و دنیا کۆتایی دێت".

پێمگوت : ئاخر ئاژانسی ناسا لە ڕاگەیاندنێکدا ڕووداوەکانی ئەو فیلمەی بەدرۆ خستووەتەوەو خەڵکی دڵنیا کردووەتەوە کە وا نییە. گوتی : "نەخێر وایە. ئەوەتا هەندێک ڕۆژنامە و مەلای سعوودی مژدە بە عەرەب دەدەن کە لە 2012 ئیسرائیل نامێنێت، کەواتە وایە".

من دەمگوت، دەرهێنەری فیلمەکە خۆی دانی بەوە دانا کە فیلمکە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییەو تەنیا ویستویەتی شتێکی تایبەت و ناوازە پێشکەش بکات. برادەرەکەم گوتی "نەخێر نۆستردامۆسی ئەستێرەناس و گەورە ڕاوێژکاری شا شارلی نۆیەمیش پێشبینیی کردووە کە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر 12 ساڵ دوای هەزارەی دووەم، سیستمیان دەشێوێ، کەواتە پشت بەخودا ساڵی 2012 کۆتایی گۆی زەوییە".

پێمگوت، کوڕی باش ئەوە تەنیا لە قودرەتی خوای گەورەدایە، ئەو دەزانێ ئاخیرەت کەی دێ. برادەرەکەم سوور بوو لەسەر دوعاکردنەکەی و گوتی "ڕاستە. بەڵام خۆ لە قورئانیشدا باس لە ڕۆژی حەشر کراوە".

گوتم،هاوڕێ گیان...هەرچی دەزگا زانستییە موعتەبەرەکانی دنیان، ڕووداوەکانی ئەو فیلمە لەڕووی زانستییەوە ڕەتدەکەنەوە، تۆ بۆ ئەوەندەکەلەڕەقی؟!. برادەرەکەم دەیگوت"ئاخر ئەستێرەناسانی چینیش لە نووسینەکانیاندا پێشبینییان کردووە بەرەبابی ئیمپراتۆرییەتی شانگ کە لەساڵی 1766ی پێش زاینەوە حوکمڕانیی وڵات دەکەن، بۆ ماوەی 3778 ساڵ تاوەکو (کۆتایی دنیا) بەردەوام دەبێت واتە دەوروبەری 2012، قابیلە ئەمانیش هەر سەهوو بن؟!".

وتم، ئاخر تۆ بۆچی ئەوەندە سووری لەسەر قسەی خۆت و پێت خۆشە 2012 زەمین ژیانی تێدا نەمێنێت؟، هاوڕێکەم بەپرسیارەوە وەڵامی دایەوە "ئەی تۆ بۆچی پێت خۆشە 2012 ژیان کۆتایی نەیێت؟!".

پێمگوت، بەکورتی و بەکوردی من ماوەیەکە لەگەڵ دۆست و ئەحباب و خەڵکی گەڕەکدا سلفەیەک (مەشرووعێک)م کردووە،بەپێی ئەو تیروپشکەی ڕاکێشراوە مانگی 12ی ساڵی 2012 بۆ من دەردەچێت، دەمەوێ ئۆتۆمبێلەکەم بگۆڕم، هیچ ماقوڵ نییە فریا نەکەوم پیاسەیەکی پشت سەیتەرەی پێ بکەم، ئەی تۆ بۆ؟.

برادەرەکەم گوتی "چی بێ لە تۆ نهێنی، بەخوا منیش خانوویێکم لە کۆمەڵگەی لاوان لە پرۆژەکانی سندووقی نیشتەجێبوون کڕیوە، بەشێکی پارەکەم داوەو بەشەکەی دیکە بەقیستی 8 ساڵ، واتە ساڵی 2017 قەرزی خانووەکەم لەسەر نامێنێ، بەشکو خوایە 2012 دنیا ئاخیر بێت و باقیی قیستەکان نەدەم!".

# هەر دایکیان دەزانێ



**لەنیا مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

سێوە عەبدولڕەحمان، 21 ساڵ، هەمیشە دەرگای ڕازەکانی دڵی بۆ دایکی واڵا دەکات و لەو باوەڕەدایە دایک قەت نهێنی کچەکەی ئاشکرا ناکات، بەڵام ئامۆژگاری کچان دەکات بەر لەوەی نهێنییەکانیان بۆ دایکیشیان ئاشکرا بکەن، تاقییان بکەنەوە. سێوە دەڵێت "زۆرجار دایکان وەک پەپولەن، چونکە زۆر بەنەرمی ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن".

نێو دڵی کچان، پڕە لەنهێنی و ڕازو نیاز، بۆیە بەردەوام بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن، کە دەرگای دڵی خۆیانی بۆ بکەنەوە، ئەوان پێیانوایە دایک ئەو کەسە گونجاوەیە، کە دەکرێت هەموو نهێنییەکی لەبەردەمدا هەڵبڕێژن.

ڕۆزا جەبار، کە دایکی خۆی بە وەزیری دەستەڕاستی باوکی دەچوێنێ، سوودێکی زۆری لەو وەزیرایەتییەی دایکی بینیوەو دەڵێ "ئەگەر هەر شتێکم هەبێت و باوکم قبوڵی نەکات، دایکم دێتە نێوانەوەو ئاسانی دەکات". ئەو ڕۆڵەی دایک لەنێو خێزاندا بە گرنگ دادەنێ و دەڵێ "دایکان، هەمیشە کێشەکانی نێو خێزان بچووک دەکەنەوە".

بەشێک لەکچان شانازی بەوە دەکەن،کە دایکیان وەک هاوڕێیەکی دڵسۆزە لەگەڵیان و هەمیشە لەتەنگانەی کێشە نێوخۆییەکانی خێزاندا پشتیان دەگرن. ڕادەی پشتگیریکردنی دایکی هاوناز لێی، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ڕێگەی پێبدات بچێتە دیداری خۆشەویستەکەی "دایکم هەموو شتێکمە". هاوناز، 22 ساڵ، دەڵێ باوکی هیچ ئازادییەکی پێنادات، بەڵام دایکی بۆی قەرەبوو کردووەتەوەو دڵی ناشکێنێت. ئەو کچە نایشارێتەوە کە جۆرە ڕێککەوتنێک لەنێوان خۆی و دایکیدا هەیەو دەڵێ کاتێک من دەچمە دەرەوە بۆ ژووانی خۆشەویستەکەم، دایکم بە ئاسایی وەریدەگرێت "کاتێک دایکیشم دەچێتە دەرەوە، من لای باوکم دەڵێم کارێکی گرنگی هەبوو".

زۆربەی ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی لەکوردستان بەئاکامێکی تراژیدی کۆتاییان دێت، باوکان و براکان بکەری سەرەکیان، کچانیش پێیانوایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە باوکان توندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کچان و ژناندا، بەڵام هێڤی کاوەی تەمەن 24 ساڵ، بەپێچەوانەی زۆربەی کچان، لەگەڵ باوکیدا وەک هاوڕێیە، هێڤی دەڵێ ئەگەر نهێنییەکم هەبێت و بۆ دایکمی باس بکەم خێرا دایکم تووڕە دەبێت "بەڵام باوکم دڵم دەداتەوەو زۆر باشە لەگەڵم". ئەو ئامۆژگاری کچان دەکات، کە دەردە دڵی خۆیان بۆ باوکیان هەڵبڕێژن.

تەنها کچان نین کە دایکیان دەکەنە داڵدەدەری ڕازو نهێنییەکانیان، بەڵکو کوڕانیش بەهەمان شێوە ڕوو لە دایکیان دەکەن و پێیانوایە وەرگرتنی ئازادی، لە دایکان ئاسانترە تاوەکو باوکان. کاردۆ عومەر، کە کوڕە گەنجێکی تەمەن 23 ساڵە، دەڵێت "هەر کە دەمەوێت بچمە دەرەوە، باوکم بەتوڕەییەوە دەڵێ بەو شەوە بۆ کوێ دەچیت". هەرچەندە هەموو جارێک بەبیانوی کڕینی پێداویستی ماڵەوە خۆی لەو پرسگەیەی باوکی قوتار دەکات، دایکیشی هاوکاری دەکات لەوەی کە قسەکەی بۆ پشتڕاست بکاتەوە.

کارزان حوسێنی 26 ساڵیش داخی دڵی خۆی بەرامبەر بە باوکان هەڵدەڕێژێ و دەڵێ "هەندێک باوک وەک دێوەزمەن".

هەندێک لە کوڕان تایبەتمەندی دایک لەوەدا دەبیننەوە، کە زۆر زوو دەبێتە جێی متمانە، بەڵام باوکان هەرگیز ناگەنە ئەو قۆناخەی کە هەموو شتەکان لەگەڵ منداڵی خۆیان ئاسایی بکەنەوە.

دانیار محەممەد هەرچەندە ئێستا وەک هاوڕێیەکی لێهاتووە لەگەڵ باوکی، کەچی هێشتا ناتوانێ هەموو شتێکی لەگەڵ باس بکات، دانیار دەڵێ "من و باوکم ئەوکاتە هاوڕێی تەواوین، کە هەموو شتێک پێکەوە باس بکەین".



توێژەرانی کۆمەڵایەتی، ئامۆژگاری دایکان و باوکان دەکەن، کە ڕێگە بە منداڵەکانیان بدەن دەرگای دڵی خۆیان بۆ بکەنەوە. دیار ئەبوبەکر، کە توێژەری کۆمەڵایەتییە دەڵێ کوڕان و کچان هەمیشە حەز دەکەن هاوڕێیەکیان هەبێت تاوەکو ڕازونیازی دڵیان بۆ باس بکەن "باشتروایە ئەو هاوڕێیە دایک و باوکی خۆیان بن".




ئەمیر فندی

# مخابن!

هاووڵاتیانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی ڕۆشنبیر و نووسەر تووشی دوودڵی و سەرگەردانی بوونە بەرامبەر زۆربەی بەرپرس و دەسەڵاتدارانی کوردستان، ئاخۆ ئەوان دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیان مەبەستە یاخود قسەیەکە و لە دەمیان دەرچووە؟!

ئەوەی من بزانم هەر یەک لە بارزانی نەمر و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەممەد و دەیان سەرکردە و شۆڕشگێڕی دیکەی ئەم گەلە دەیان ساڵی تەمەنی خۆیان لە سەر ئەم ئازادییە دانا و لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەیان گیانی پیرۆزی خۆیان بەختکرد.

کەچی لە کوردستانی خۆمان کە شەو تا بەیانی و بەیانی تا نیوەی شەویش تەواوی تەلەڤزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باس لە ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکەن؛ دونیا کاول دەبێت ئەگەر قوربەسەرێک (نووسەرێک!!) هەندێک ئازایەتی نواند و بە ئازادی و شێوازێکی ئاشکرا باسی لە کەموکورتییەکانی حکومەت یان دەزگایەکی بەرپرس کرد!.

زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیران و هاووڵاتیانی کوردستان پابەندن بە پرنسیپە نەتەوەییەکان و شانازی بە سەرکردایەتی کورد و خەباتی شۆڕشگێڕانی ئەم میللەتەوە دەکەن؛ هەروەها هەموومان ڕێز لە خوێنی شەهیدانمان و خەباتی پێشمەرگەکانی خۆمان دەگرین و ئەوپەڕی شانازی بە ئەزموونی خۆمانەوە دەکەین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە بێدەنگ بین بەرامبەر گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر و بەفیڕۆدانی سەروەتی گشتی و کپکردنی دەنگە ئازادەکان.

من ناڵێم لە کوردستان ئازادی نییە، من ناڵێم دیموکراتی نییە، بەڵام دەڵێم: تا ئەمڕۆ هەندێک لە بەرپرسانی کوردستان ڕەخنەگرتن لە حکومەت و دەسەڵات بە گشتی بە "خیانەت" دەزانن.

بۆیەش لە کوردستان کەم نووسەری ئازاد هەیە باجی ئازادی خۆی نەدابێت!!.

من لە گەڵ ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە نیم ئەوانەی بە شێوەیەکی "بێ ویژدانانە" ڕەخنە لە هەموو شتێک دەگرن، بەڵام کەسیان بە "خاین" نازانم، بەڵکو ئەوان بە "توندڕەو" دەزانم، توندڕەویش هەمیشە زیانی لێدەکەوێتەوە و هەرگیز لە خزمەتی ئەزموونی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی هیچ وڵاتێک دا نییە.

بەڵام خۆ ناکرێت بێ دەنگیش بین، چونکە ئەگەر بێدەنگ بین ئەوە مانای ئەوەیە کە مردووین! مردووەکانیش ناتوانن وەڵاتێک ئاوەدان بکەن.

پڕ بە دڵ حەزدەکەم لە کوردستانێک دا بژیم کە تێیدا ئازاد و خاوەن ڕای خۆم بم، بە مەرجێک بەهۆی ئەو ڕایە تووشی گێچەڵ پێکردن نەبم!! چونکە ئێستا هەندێک لە بەرپرسانی کوردستان ئەوە فێربوونە هەر نووسەرێک هەندێک بە ئازادی بنووسێت سەد و یەک گێچەڵی جوراوجۆری پێدەکەن.

بەش بە حاڵی خۆم ئەوەم تووش بووە!! ئاگاداریشم دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکەی کوردستان تووشی گێچەڵ پێکردنی سەیربوونە بە هۆی نووسینی وشەیەکی ئازاد. مخابن!.

pointorg@yahoo.com


قوتابیانی کۆلێژە ئەهلییەکان لەبەردەم پەرلەمان ڕێگا دادەخەن وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر داخستنی کۆلێژەکانیان (فۆتۆ:حوسێن هیمەتی)

# 250 قوتابی دەکەونە نێو بەرداشی دوو وەزیر

**هێمن بابان**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نیگەرانی خۆی نیشاندا بەرامبەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشنیازەکانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای بۆ کێشەی داخستنی کۆلیژە پزیشکییە ئەهلییەکان لەبەرچاو نەگرتووەو ڕایگەیاند لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆ ئەهلییەکان پێکدەهێنن.

کەمال کەرکووکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە ڕۆژی 2010/1/26 ڕایگەیاند " قوتابیانی ئەو کۆلیژە ئەهلیانە بوونەتە قوربانی نێوان وەزیری ئێستا و وەزیری پێشوو، ئەوانە لە دۆخێکی دەروونی خراپدان، پێویستە قەرەبوو بکرێنەوە، ناکرێت ئەو مەسەلەیە هەروا داپۆشرێت و کەس سزا نەدرێت". سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتیشی "دەبێ وەزارەت پەیوەست بێت بە بڕیارەکانییەوەو نابێ وەزیرێک بڕیارێک بدات و وەزیرێکی دیکە هەڵیوەشێنێتەوە".

ڕۆژی 2009/12/12، وەزارەتی خوێندنی باڵا، بڕیاری ڕاگرتنی خوێندنی کۆلێژەکانی دەرمانسازیی زانکۆکانی جیهان و شاهانەی بەریتانی و کۆلێژەکانی ددانسازیی زانکۆی ئیشق و زانکۆی هەولێر بۆ زانست و تەکنەلۆژیا دەرکرد. پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین، وەزیری خوێندنی باڵا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند "ئەو کۆلێژانە مامۆستای پسپۆڕ و پێداویستی و ئامێری نوێی پێویستیان بۆ خوێندن نەبوو". ماوەی یەک مانگ درایە ئەو کۆلیژانە بۆ ئەوەی کەموکورییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام ڕۆژی 2020/1/23 وەزارەتی خوێندنی باڵا جگە لە کۆلێژی ددانسازی زانکۆی ئیشق، سێ کۆلێژەکەی دیکەی بەتەواوی داخست.



## ناکرێ کێشەی زانکۆ ئەهلییەکان هەروا داپۆشرێ و کەس سزا نەدرێ

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

کە ژمارەی قوتابییەکانیان 250 قوتابییە (129 لە زانکۆی شاهانەی بەریتانی، 69 لە زانکۆی جیهان).

د.ئیدریس هادی، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەتووندی داکۆکی لەوە دەکات کە لەسەردەمی ئەودا بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکان مۆڵەتی دامەزراندن بە زانکۆ و کۆلێژە ئەهلییەکان دراوە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "لەسەردەمی من بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتمان بەو زانکۆیانە داوەو هەمووشیان مەرجە پێویستەکانی وەزارەتیان جێبەجێکردووە، بەڵام ئەمڕۆ کەموکورتی هەیە پەیوەندیی بە منەوە نییە".

وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا پێیوایە هەق نییە هەندێ کەموکورتی سادە بکرێتە هۆی داخستنی ئەو کۆلیژانە "ئەگەر کۆلێژێک 80%ی ڕێنمایی و مەرجەکانی جێبەجێکردبێت مانای ئەوە نییە دایبخەی، دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزیەوە کە کەموکورتییەکانی دیکەی نەهێڵێ"، گوتیشی "وەزیر دەبێت خەمخۆری میللەتەکەی بێت و سەرپێی بڕیار نەدات".

د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا لە کابینەی پێنجەم دا، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو)، ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە "ئەگەر لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون لە مەسەلەی زانکۆ ئەهلییەکان دروست بکرێت، ئامادەم لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێت، دەبێ لیژنەی خوێندنی باڵای پەرلەمانیش کاری خۆی بکات، ئامادەم بچمە بەردەم پەرلەمان و دادگا و ڕوونکردنەوە بدەم و لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکرێت".

تاوەکو ئێستا 12 کۆلێژ و زانکۆی ئەهلی مۆڵەتی دامەزراندنیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وەرگرتووە، کە 10 لەوانە خوێندنیان تێدا دەستپێکراوە و دووەکەی دیکەش ساڵی ئاییندە دەکرێنەوە. هەروەها 14 زانکۆ و کۆلێژی دیکە چاوەڕێی مۆڵەتن، لەوانەش زانکۆ هیندی، زانکۆی کەنەدی هاوچەرخ، زانکۆی نێودەوڵەتی، کۆلێژی ئەمریکی لە دهۆک، زانکۆی میدیا.

د.نوری هەرزانی، بەڕێوەبەری گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند کێشەی ئەو قوتابیانەی کۆلێژەکانیان داخراوە چارەسەرکراوە و سێ بژاردەیان بۆ خراوەتەڕوو، هەرزانی بۆ (ڕووداو) گوتی"ئەو بژاردانە بریتین لەوەی بچنە ئەو کۆلێژ و بەشانەی پێشتر لێی وەرگیرابوون لە زانکۆ حکومییەکان، یان بچنە کۆلێژی ددانی زانکۆی ئیشق، یان کێ ئارەزووی لێبێت دەتوانێ تەنازول بکات و بچێتە زانکۆ ئەهلییەکانی دیکە".

بەڵام شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەو چارەسەرەی وەزارەتی بە نەگونجاو دانا و، گوتی " دەبێ بە چارەسەرێکی گونجاوتر ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە".

دوای داخستنی کۆلێژەکانیان، قوتابییەکان



## ئامادەم بچمە بەردەم دادگاو پەرلەمان

ئیدریس هادی

ماوەی 38 ڕۆژ لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لەژێر خێوەتدا وەک ناڕەزایی دەربڕین مانەوە، بەڵام ئەومانگرتنە هیچی لە هەڵوێستی وەزارەت نەگۆڕی، بۆیە قوتابییە مانگرتووەکان دواجار پەنایان بردە بەر پەرلەمانی کوردستان.

داليا یاسین، قوتابییەکی زیان لێکەوتووی بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە ڕۆژی 2010/1/26 لەگەڵ هاوڕێ کچەکانی کۆلێژەکەی کە کۆلێژی دەرمانسازیی زانکۆی جیهانە وەک ناڕەزاییەک لەبەردەم پەرلەمان ڕێگەی هاتووچۆیان بڕی. داليا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە لە نێوان دوو وەزیردا بووینە قوربانی، پێویستە قەرەبوو بکرێینەوە، با لە زانکۆ حکومییەکان جێگەمان بکەنەوە، گوناهمان چییە، ئێستا ڕەوانەی ماڵەوەمان دەکەن". داليا دەڵێ داخستنی ئەو سێ کۆلێژە متمانەی خەڵک بە خوێندن و زانکۆ ئەهلییەکان کەمدەکاتەوە.

بەڵام د.نوری هەرزانی دەڵێت ئەوان ئامادەنین ئەو قوتابیانە بە وەرگرتنیان لەکۆلێژە حکومییەکان قەرەبوو بکەنەوە و، دەڵێ "هۆکاری ئەمەش بەهۆی کۆنمرە (معدل) و، نەبوونی شوێنە لە زانکۆ حکومییەکان".

# دیالوگ، بەلێ وەک ویدڤێت


موسەدەق تۆڤی

ل ڕۆژێن -16 2010/1/17 دیدارەک ڕەوشەنبیرێ هزری ل باژێرێ ئیستەنبۆلێ د نێڤبەرا ڕۆژنامەڤانێن هەرێما کوردستانێ و تورکیادا هاتەگرێدان. هەر بزاڤەک ب مەرەما ل هەڤ نێزیککرنا تورکان و کوردان ل هەر چوار پارچێن وەلاتی بێتەکرن، د هەر وارەکیدا بیت، هەر ئالیەک پێ ڕابیت هەژی دەستخوشیێ یە.

ئەز باوەرم هندی ئەڤ پێنگاڤە د نێڤبەرا تەخا ڕەوشەنبیراندا بیت دێ زووتر ئەو گرێکا دەروونی ل جەم تورکان ڤەبیت، ئەوا ب درێژیا پتر ژ هەشتێ سالێن چۆیی د دەروونێ واندا بەرامبەر کوردان دروستبووی و ڕۆژ ل پەی ڕۆژێ قاییمتر بووی، ئەو گرێکا دەروونیا هند کاریگەر کو ب دلێ تورکەکیدا (چ دەسەلاتدار چ کەسەک ئاسایی) نەهێت پەیڤا کوردستان ژ دەڤێ وی دەرکەڤیت.

مژارا ئەز پالدایم ڤان پەیڤان بنڤیسم بەرنامێ ڕۆژەڤ یێ کەنالێ TRT6بوو، کەنال کەنالەکێ کوردییە، پەیامنێر کورد بوو ل هۆلا دیدارێ پرسیارێن خوە ژ پشکدارێن کورد و تورک دکرن، لێ ناڤێ بەرنامەی (تێکەلیا ترکیێ و باکوورێ عیراقێ بوو)، ل شوونا هەرێما کوردستانێ یان باشوورێ کوردستانێ پەیامنێری د پرسیارێن خوەدا ئیدیەمێ "باکوورێ عیراقێ" بکاردئینا، هەتا ڕۆژنامەڤان شوان تاڤینگ د بەرسڤا پرسیارێن ویدا هاتیە زمان و ڕەخنەکا توند لێ ڕەوشەنبیرانە ل سەر بکار نەئینانا ئیدیەمێ هەرێما کوردستانێ ل پەیامنێری گرتی.

ئەز باوەرم پەیامنێر نە بخوەیە، بێی ڤیانا وی باکوورێ عیراقێ ل شوونا هەرێما کوردستانێ ل سەر وی هەروەکی ل سەر کەنالی ژی هاتەسەپاندن، ئەڤە ژی پەیرەوێ ڤێ کەنالیە د گشت بەرنامێن ویدا پەیڤا کوردستان قەدەخەیە.

گەلۆ کەنالەک بۆ کوردان دچوارچوڤێ بەرنامێ ڤەبوون بەرەف دیموکراسیێ یێ پارتیا AKPیا دەسەلاتدار هاتیەڤەکرن، لێ نابیت پەیڤا کوردستان بێتە بکارئینان هەروەک ئەڤ کوردە نە ل سەر خاکەکی دژین. ئەرێ د دیدارەکا ڕەوشەنبیری هزریدا ب مەرەما ل هەڤ نێزیکبوونێ د نێڤبەرا تورکان و کوردانددا هاتیەگرێدان دێ چاوان دیالوگ سەرگریت و هەڤ نێزیکبوون دروست بیت، بەرامبەری تە باوەرێ ب بوونا تە ل خاکێ تە نەئینیت..؟ ئەڤ ڕەنگە دیالوگە پێشدەم سەرکەفتی نابن ژبەرکو ئالیێ کو ئەو خوەدی دەسەلات و هێز و بڕیارە دڤێت دیالوگێ دگەل تە بکەت بەلێ وەکی وی دڤێت،کەسەکێ بێ خاک و بێ زمان بی، باوەرێ ب وی وەلاتی نائینیت یێ تو لێ دژی، باوەرێ ب زمانێ تە وەک زمانێ فەرمیێ خواندنێ نائینیت. چوار ڕۆژان بەری ڤێ دیدارێ ل 2010/1/12 ڕەجەب تەیب ئەردۆغانێ سەرۆکوەزیر بەرامبەری پەرلەمانتارێن تورکیا ڕاگەهاند ب هیچ شێوەکی نابیت زمانێ کوردی ببیتە زمانێ ڕەسمیێ خواندنێ. باشە ب خێرا مرێن خوە رێ دایە ل مالێن خوە پێ بپەیڤن و بسترن. هێژ خرابتر یێ دیالوگێ دگەل تە دکەت وەک پشکەک نەک وەک هەموو، یێ دیالوگێ دگەل تە وەک "باکوورێ عیراقێ" دکەت نەک وەک هەموو کورد و یێ بەرهەڤ نینە دیالوگێ دگەل کوردێن باکوورێ کوردستانێ وەک ئەو دبێژن ڕۆژهەلاتێ تورکیا بکەت کو پێدڤیترە دیالوگ د نێڤبەرا واندا ئانکو کوردێن باکوورێ کوردستانێ و تورکیادا هەبیت، بەلێ یێ دیالوگێ دگەل کوردێن باکوورێ عیراقێ دکەن. ئەڤە ژی جهێ گومانێیە کو ئەڤ دیالوگا مەرجدار چەند مەرەمەک پێ هەنە...! ئەز دبێژم کورد ژی ژ وێ چەندێ مەزنترن ب هەر فیتکەکێ بکەڤنە دیلانێ و ب هەر مێڤانداریەکێ خوە و دەوروبەرێن خوە ژ بیر بکەن.

# مەلاو متەوەلی پێکنایێن

## مەلایەک: متەوەلی مزگەوتەکەم دەیگوت باسی قەرزداران بکە چونکە هەندێک لە قەرزدارەکانی دەهاتنە مزگەوتەکەی

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو-هەولێر**

مەلا نیعمەتوڵڵا، کە وتاربێژی مزگەوتی حاجی خدرە لە شاری هەولێر، بەردەوام کێشەی لەگەڵ متەوەلی مزگەوتەکەی هەیە، چونکە متوەلییەکە دەست لەکاروبارەکانی وەردەدات و داوای لێدەکات بە ویستی ئەو وتاری هەینی بخوێنێتەوە "متەوەلی مزگەوتەکەم وەکو ئاغایەک هەڵسوکەوت دەکات، دەڵێت ئەگەر بەو جۆرەی من دەمەوێ وتار نەخوێنیەوە لە ئەوقاف شکاتت لێدەکەم و دەرتدەکەم".

متەوەلی بەو کەسانە دەگوترێ کە لەسەر ئەرکی خۆیان مزگەوت دروستدەکەن، ئەو متوەلییە بۆی هەیە ژوورێکیش لەنێو مزگەوتەکە بۆ خۆی دروست بکات. هەروەها بۆی هەیە 90%ی داهاتی مزگەوتەکە بە ئارەزووی خۆی خەرج بکات، ئەگەر مزگەوتەکە داهاتی هەبێ.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف 4079 مزگەوت لە هەرێمی کوردستان هەن، کە 85%یان لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراون. زۆربەی ئەو مزگەوتانەی لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراون، متەوەلیان هەیە و مزگەوتەکەش هەر بەنێوی خۆیانە، لەلایەن وەزارەتی ئەوقافیشەوە هەندێک دەسەڵاتیان دراوەتێ بەسەر ئەو مزگەوتەی دروستیان کردووە، بۆیە زۆرجار زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیاندا دەکەن.

مەلا نیعمەتوڵڵا عەبدولفەتاح، وا هەستدەکات کە متەوەلی مزگەوتەکەی دەیەوێ زێدەڕۆیی لە دەسەڵاتەکەیدا بکات کە بەسەر مزگەوتەکەیدا هەیەتی. ئەو مەلایە دەڵێ "زۆرکات متوەلی مزگەوتەکەمان هەوڵیداوە بە حەزی خۆی بڕیار لەسەر من بدات، بەڵام من بەگوێی ناکەم، چونکە من فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقافم نەک متەوەلی مزگەوتەکەم"، ئەو وتارخوێنە گوتیشی "متەوەلییەکەم لە وەزارەتی ئەوقاف شکاتی لێکردم، بەڵام خۆشبەختانە ئەوقاف بەگوێی ئەویان نەکرد".

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ڕەخنەی لە هەندێک لەو متەوەلیانە گرت و بۆ (ڕووداو) گوتی "بەهۆی ئەو سیستمی متوەلییەی کە لەوەزارەتی ئەوقافدا هەیە، ئەوە وایکردووە کە هەندێک لە متەوەلییەکان مزگەوت بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆیان و بنەماڵەکەیان بەکاربێنن"، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف گوتیشی "هیچ متەوەلییەک بۆی نییە فەرمان بە مەلا بدات کە چۆن وتار بخوێنێتەوە، ئەوە دەسەڵاتی وەزیری ئەوقافە نەک متەوەلی".

هەندێک لە متەوەلی مزگەوتەکان دەیانەوێ مەلاکان وتاری ڕۆژی هەینی وا بخوێننەوە کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێ. مەلایەکی شاری هەولێر، باسی هەڵسوکەوتی ئەو متەوەلییە دەکات کە ماوەیەک لەمەوبەر لەبەر ئەو مزگەوتەکەی جێهێشتووە "متەوەلییەکە داوای لێدەکردم، بە هیچ شێوەیەک باسی زیناکاران و ئەو کەسانە نەکەم کە تەماشای ئافرەتی ڕووت دەکەن، بەڵکو دەیگوت تەنیا باسی سەردەمی پێغەمبەرو ئەسحابەکانی بکە، تومەز متوەلییەکە زۆر حەزی لە ڕابواردن و زیناکردن بوو". ئەو متەوەلییە داوایەکی دیکەشی هەبووە، وەک ئەو مەلایە گوتی "متەوەلییەکە پارەی لەلای خەڵک بوو، قەرزارەکانیشی زۆربەیان دەهاتنە مزگەوتەکەی ئەو، بۆیە داوای لێدەکردم وتار لە دژی قەرزداران بخوێنمەوە، بەڵام من قەت بە قسەم نەدەکرد، دواتر بووە کێشەمان و مزگەوتەکەم جێهێشت". ئەو مەلایە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "من نەمدەزانی بە قسەی وەزارەتی ئەوقاف بکەم یان متەوەلی مزگەوت".

هەندێک لە متەوەلییەکان مەلای مزگەوتەکانیان ئازاد کردووەو کەم تا زۆر دەست لەکاروبارەکانیان وەرنادەن. حاجی حەیدەر ئەبابەکر کاوانی، کە متەوەلی مزگەوتی حاجی حەیدەر کاوانییە لە شاری هەولێر گوتی "ئەو متەوەلیانەی فەرمان بەسەر مەلاکانیاندا دەکەن، کە بە حەزی ئەوان وتار بخوێننەوە، بۆ ئەوەیانە تاوەکو بڵێن مزگەوتی فلان کەس زۆر بەنێوبانگە". ئەو متوەلییە گوتیشی "تائێستا بەهیچ جۆرێک بە مەلای مزگەوتەکەم نەگوتووە وا بکات یان وا بڵێت، بەڵام متەوەلی هەمیشە حەزدەکات مەلای باش بێتە مزگەوتەکەی، نەک مەلایەک ناوی مزگەوتەکەش خراپ بکات".

## متەوەلی بۆی نییە فەرمان بەسەر مەلادا بکات

مەریوان نەقشبەندی

## سارکۆزی فریای کەوت



ڕووداو -AFP
لەکاتی سەردانی هیلاری کلینتن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کۆشکی کۆماری فەرەنسا، ناوبراو لەبەردەم نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا و لەسەر پلیکانەکانی کۆشکی ئێلیزێ پێڵاوە بن بەرزەکەی لە پێ بوو و خەریکبوو بکەوێت، بەڵام سارکۆزی توانی فریای بکەوێ و لە بەربوونەوەی بپارێزێ و پاشانیش یارمەتیدا پێڵاوەکەی لە پێی بکاتەوە.



# هەیفا و فارس کەرەم بۆ نەورۆز دێن



**ڕووداو-هەولێر**

بڕیارە نەورۆزی ئەم ساڵ هەیفاوەهبی و فارس کەرەم لەگەڵ زەکەریا عەبدوڵڵا لەرێگەی کۆمپانیای بابیلۆن چەند کۆنسێرتێک لەشارەکانی کوردستان ساز بکەن.

سەلوان جەمیل بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " خەریکی گرێبەستین لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە بۆ ئەوەی لە نەورۆزی ئەمساڵدا بۆ کۆنسێرت بیانهێنینە کوردستان، بۆیە هەندێکیان ڕازی بوون، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە ".

لەساڵی ڕابردوودا کۆمپانیای بابیلۆن دوو کۆنسێرتی بۆ نەجواکەرەم لەهەردوو شاری هەولێر و سلێمانی سازکرد. سەلوان جەمیل بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی " بڕیارە بۆ نەورۆزی ئەمساڵ هەریەک لەهونەرمەند هەیفا وەهبی، فارس کەرم و زەکەریا عەبدوڵڵا بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ ئێمە، دوو کۆنسێرتی هاوبەش لەشارەکانی کوردستان ساز بکەن، لە هەوڵداین بۆئەوەی بەزووترین کات گرێبەستەکان تەواو بکەین"، بەڵام گوتیشی"هێشتا گرێبەستەکان تەواو نەبوون، تاوەکو ڕۆژ و شوێنەکان دیاری بکەین".

# شەرعی نییە

**ڕووداو-هەولێر**

د.بەشیر خەلیل حەداد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و وتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات، ئەو ژنانە بە "تەمبەڵ" ناو دەبات، کە داوای کرێکاری بیانی دەکەن و هۆشداریش دەداتە هاووڵاتیان کە خۆیان لە هێنانی کرێکاری بیانی بۆ نێو ماڵەکانیان بپارێزن "چونکە هەندێک لەو کرێکارانە نەخۆشی دەروونییان هەیە و هەندێکیشیان لە وڵاتی خۆیان لە بەندیخانە هەڵاتوون".

د. بەشیر، لە وتاری ڕۆژی هەینیدا بەتووندی ڕەخنەی لەو خێزانانە گرت کە کرێکاری بیانی بۆ ماڵەکانیان دەگرن. مەلا بەشیر هێنانی ئەوکرێکارە بیانیانە بە تایبەتیش کرێکاری ژن بۆ تەمبەڵی ژنی کورد گەڕاندەوەو بە (ڕووداو)ی گوت "ژنان ئێستا هەموو شتێکیان بۆ دابینکراوە، جلشۆر، گەسکی کارەبایی، فرنی چێشتلێنان، ئامێری قاپ شووشتن، کەچی داوا لە پیاوەکانیان دەکەن کرێکاریان بۆ بگرێ، ئەمەش بۆ خۆهەڵکێشانە یان لاسایی کردنەوەیە، بەڵام نازانن ئەگەر ئەو لەماڵەوە نەبێت پیاوەکەی بەتەنیا چی دەکات لەگەڵ کرێکارەکە".

هەرچەندە د.بەشیر بوونی ئەو کرێکارانە لە ماڵەوە بە کارێکی شەرعی نازانێ، بەڵام نەبوونیان لە بوونیان بە باشتر دەزانێ "چونکە ڕەنگە ئەو کرێکارە منداڵەکانمان فێری هەندێک داوونەریت بکات، کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە نەگونجێ". د.بەشیر داوا لە پیاوان دەکات یارمەتی ژنەکانیان بدەن لە کاری ماڵەوە بۆ ئەوەی ژنانیش بیانویان نەمێنێ و داوای کرێکار نەکەن.



# هەڤاڵ خەریکی عەزیزەیە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- دهۆک**

گۆرانیبێژ هەڤاڵ ئیبراهیم ئێستا خەریکی ئامادەکردنی کلیپێکە بەنێوی (عەزیزە) کە لە هۆنراوەی (سەلمان شێخ مەمی)یەو ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆرەو، دابەشکردنی میوزیکیشی لەلایەن سەید یەڵدس ئەنجامدراوە. ئەم گۆرانییە ستایلی تەکنۆیە. ئەم کارە نوێیەی هەڤاڵ جیاوازی زۆرە لەگەڵ کارەکانی دیکەی و کلیپەکەی بە شێوازێکی کۆمیدی دروستدەکرێ.

# هی خۆمە و نایدەم بە تۆ

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

ئەو ئۆتۆمبێلەی مام جەلال، بە دیاری دابوویە سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی ڕانیە، لەگەڵ گۆڕینی بەرپرسی سەندیکاکە، ئۆتۆمبێلەکە دیار نامێنێ و بەرپرسی پێشووش دەڵێ خۆم خەرجیم لە ئۆتۆمبێلەکە کردووەو ماڵی خۆمە.

دڵشاد تۆفیق، بەرپرسی سەندیکای پیشەوەران و کرێکاران لە ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ئۆتۆمبێلە هی سەندیکایە، بەڵام بەرپرسی پێشووی سەندیکا بردی و گوتی پارەم لەو ئۆتۆمبیلە خەرجکردووە و ئێمەش ئەو پارەیەمان نەبوو بیدەینەوە، بۆیە وازمان لێهێنا". بەڵام ئەحمەد عەبدوڵڵا، بەرپرسی پێشووی سەندیکای ناوبراو ڕەتیکردەوە، ئۆتۆمبیلی سەندیکا بێ و گوتی "25 ساڵ خزمەتم هەیە لەناو یەکێتی و جەنابی مام جەلال لەکاتی هەڵبژاردنی 2005 ئۆتۆمبێلێکی لە جۆری ڤۆدگای ڕووسی، خەڵاتکردین، ساڵیانەکەی بە ناوی خۆمە و موڵکی خۆمە، ئەگەر مام جەلالیش خەڵاتەکەم لێدەسێنێتەوە با بیبەنەوە". ناوبراو گوتیشی "ئەگەر ئەو ئۆتۆمبیلە هی سەندیکایە بۆ کەس دینارێکی تێدا خەرج نەکرد، جگە لەوەش ئێمە پێنج کەس بووین ئەو ئۆتۆمبیلەمان وەرگرتووەو تەنها من ماومە، ئەوانی دیکە فرۆشتیان".

# (بۆچی) یەکەی تەمەن دەستپێکرد



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو تەمەن سەید ئەحمەد ڕواندزی، بە گۆرانی (بۆچی) هاتە نێو دونیای گۆرانیبێژییەوە.

تەمەن کە کوڕی موزیکژەن (سەید ئەحمەد ڕواندزی)ە لەبارەی یەکەم بەرهەمی خۆی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە (بۆچی) یەکەم بەرهەمیەتی و لە ئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی، هەروەها کاری ئامادەکردنی موزیکی لە لایەن باوکییەوە بۆ ئەنجامدراوە. ئەو بەرهەمە لەستۆدیۆ میلۆدی تۆمارکراوە. تەمەن گوتی "لەماوەیەکی نزیکدا کاری کلیپیشی دەکەم، هیوادارم بەرهەمی بۆچی ببێتە بەرهەمێک کە منیش بتوانم خزمەت بە هونەری کوردی بکەم".

# لە تێنس گەڕێ وەرە بمهێنە



**ڕووداو-AFP**

کچە هاندەرێکی یاری تێنسی سەرزەوی لەکاتی یارییکردنی ڕافائیل نادال، پاڵەوانی تێنسی سەرزەوی ئیسپانیا لە پاڵەوانێتی ئۆستورالیای کراوە، داوای لێکرد بیهێنێت.

نادال کە بە یەکێک لە باشترین یاریزانەکانی جیهان ناسراوە، ئەوکاتەی سەرقاڵی یاریکردن بوو، لەناکاو کچێک هاواری کرد و گوتی" ڕافائیل دەمهێنیت"، ئەو کچە لەسەر پارچە کارتۆنێکی گەورە نووسیبووی " دەمهێنی". نادالیش لەگەڵ یەکەم دەرچوونی تۆپەکە لە گۆڕەپانی یاری، یەکسەر یاریەکەی وەستاند و بە پێکەنینەوە بابیایەکی بۆ کچەکە کرد و داوای لێبووردنی لێکرد و گوتی" هاوسەرم هەیە".

پاش ئەوە، هەموو جەماوەری یاریەکە دەستیان کرد بە پێکەنین و کچەکەش ماچێکی بۆ نادال فڕێدا.

# شاکیرا یارمەتی منداڵانی هایتی دەدات



**ڕووداو- ئینرۆز**

گۆرانیبێژی بەنێوبانگی ئەمریکی شاکیرا، ڕایگەیاند کە قوتابخانەیەک لەسەر ئەرکی خۆی لەهایتی دروستدەکات.

شاکیرا دوای بەشداریکردنی لە ئاهەنگێکی خێرخوازیدا گوتی "هایتی پێویستییەکی زۆری بە هاوکاری خێرایە، بەڵام پێویستە هاوکارییە درێژخایەنەکانیش لەبیر نەکەین کە کاریگەری باشی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی قەیرانەکانی ئەو وڵاتە". هەر بەو مەبەستە شاکیرا لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا ڕایگەیاند کە لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی هایتی دروستدەکات.

بەهۆی بوومەلەرزەی هایتی نزیکەی 200 هەزار کەس کوژران و بریندار بوون و تائێستاش تیمی یارمەتیدەر خەریکی دەرهێنانی خەڵکن لەژێر وێرانەکانی ئەو بوومەلەرزەیە.

**کچان ئاگاداربن...**

# شووکردن قەڵەوتان دەکات

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

توێژینەوەیەکی زانستیی ئوستورالی دەریدەخات کە ئافرەتان دوای شووکردنیان، کەم بایەخ بە لەشیان دەدەن و ئەو ئافرەتانەش کە شوویان کردووە کێشیان لە ڕەبەنەکان زیاترە و منداڵ بوونیش کێش زیاد دەکات.

ئەو توێژینەوەی کە لەلایەن کۆمەڵێک توێژەری زانکۆی (کوینزلاند)ی ئوستورالییەوە ئەنجامدراوە، لەسەر 6 هەزار ئافرەت ئەنجامدراوە کە تەمەنیان لەنێوان 18-23 ساڵیدا بووە و ماوەی 10 ساڵی خایاندووە. لەوماوەیەدا توێژینەوە لەسەر کێش، درێژی، تەمەن، چالاکییە جەستەییەکان و بەکارهێنانی کحول کراوە. توێژەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە لەو ماوەیەدا ڕەبەنەکان کێشیان نزیکەی 5 کیلۆ زیادی کردووە، بەڵام ئەوانەی کە شوویان کردووە زیاد لە 6 کیلۆ کێشیان زیادی کردووە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە شوویان کردووە و منداڵیشیان بووە کێشیان نزیکەی 10 کیلۆ زیادی کردووە.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

چەند کەسانێک دەناسن کە دەتوانن پشتیان پێ ببەستن، بەتایبەت بۆ بیرۆکە نوێیەکانتان، هەوڵبدەن لەم کاتەدا دەسکەوتەکانتان زیاتر بکەن و خۆتان لەکێشەی کۆمەڵایەتی بپارێزن. باری سۆزداریتان بە دۆخێکی ناسکدا تێدەپەڕێت.

### گا
Apr 20-May 20

لەگەڵ ئەوەی بەربەستەکان زۆر بوون، بەڵام بڕوا بەخۆبوونتان لەدەست نەداوە، ئەمەش دەتوانێ لە دوایین ساتەکاندا مژدەی خۆشتان پێبدات. باری داراییتان پێویستی بە ژیری زیاترە لەهەردوو لایەنی خەرجی و دەسکەوتەوە.

### جمک
May 21-Jun 21

خۆتان بەدوور بگرن لەو کەسانەی حەز لە نزیکیتان ناکەن، چالاکییەکانتان دادەبەزێت و کەمێک هەست بە بێزاری دەکەن. هەوڵبدەن لەکارەکانتاندا خاو نەبنەوە، واباشە گوێ لەکەسانی چواردەورتان بگرن، کاتێک دەخوازن هاوکاریتان پێشکێش بکەن.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

باری درایی پەستانی زیاتری دەکەوێتە سەر، دەبێ بەشێوازێکی نوێ هاوسەنگی نێوان خەرجی و دەسکەوت ڕابگرن، لەم ماوەیەدا گرنگی بەباری کۆمەڵایەتی بدەن، چونکە وەک کەسانێکی گەورە و چالاک دەکەونە بەرچاو، ئاگاداری گوتەکانتان بن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

چالاکییەکانتان زۆرن و هەوڵەکانتان بەردەوامن، ئەگەر کارەکان نەگەنە ئەنجامی کۆتایی، دەتوانن بەرەوپێشیان ببەن. ڕاڕامەبن لەو شتانەی لەچواردەورتان دەسوڕێنەوە و ئێوە تێی ناگەن، کۆتاییەکان ئەنجامی گرنگیان دەبێت.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

دەتوانی هەست بە دڵنیایی بکەی، ناحەزەکانت سەرقاڵی گرفتەکانی خۆیان دەبن و ناتوانن وەک جاران بەربەستتان بۆ دروست بکەن. کەشێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویست و ئازیزانتان بەسەر دەبن و باری دەسکەوتیشتان لە جاران باشتر دەبێت.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هەوڵبدەن پارێزگاری لە دەسکەوتەکانتان بکەن، لەم ماوەیەدا گۆڕانکاریەکان قورس دەبن، بەشێوەیەکی ژیرانە لەسەرجەم کارەکان بڕوانن و سەرەتا ئەوانە بکەن کە گرنگن. لایەنی سۆزداریتان کەشێکی هێمن و پڕ لەدڵنیایی بەخۆیەوە دەبینێ.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

گەڕان و پەیوەندییەکانتان بەشێوەیەکی بەچاو زیاد دەکات، ئەو کارانە ئەنجامبدەن کە ماوەیەکی کەمیان دەوێت بۆ جێبەجێکردن. زیرەکیتان بەکاربێنن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، کاتێکی زیاتر بۆ خۆشەویستەکانتان تەرخان بکەن.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

کاری گرنگ ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی هێز و تواناتان بۆ چواردەورەکەتان دەربکەوێت. هەرچەندە ئێستا هەست بەبێزاری دەکەن، بەڵام پاش ئەم ماوەیە سەرەتایەکی پرشنگدار دەست پێدەکەن. پێویست دەبێ متمانەی خۆتان لەبەرامبەر ئازیزێک یەکلایی بکەنەوە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

زۆری کارەکان وایکردووە کە گرنگیتان بۆ ئازیزانتان کەم بکەنەوە، پێویستە زیاتر خۆتان هێمن بکەنەوەو هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن. بۆ ئەنجامدانی کارێک چەندین پێشنیازی نوێتان بۆ دەکرێ. هەواڵێک ئاسوودەتان دەکات.

### سەتڵ
Jan 20- Feb 18

پێویستە خۆتان بەهێز بکەن، ئەوکاتەی خۆر لە بورجەکەتانە و کاتی لەدایکبوونی خۆتانە هەست بەگەڕانەوەی ئاسوودەییتان دەکەن و باری دەروونیتان بەرەو سەقامگیری دەچێت. دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر خۆتان و کارەکان ڕێکبخەنەوە و هەنگاوی نوێ بنێن لە ژیان.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لەهەموو کاتێک زیاتر خەیاڵەکان کۆنترۆڵتان دەکات، کاتێکی باشە بۆ خۆنزیک کردنەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ چواردەورتان. پێداچوونەوەیەک بکەن بەو کارانەی بەنیازی ئەنجامدانیانن. وەرزش و خوێندنەوە هەندێک لەکاتە ناخۆشەکانتان بۆ دەگۆڕێت بەخۆشی.

### بەگشتی:

شەڕەکان کەمدەبنەوە

لەم هەفتەیەدا شەڕو نەگبەتییەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، هاوسەنگییەک لەنێوان لایەنە بەهێز و لایەنە لاوازەکان دروست دەبێ. باشیەکەش لەوەدایە هەموو کەسانێک هەست بە بوونی خۆی دەکەن و دەزانێت کە گرنگی هەیە لە ژیاندا. خۆشەویستی پێویستییەکی گرنگە، بەڵام وەک جاران نامێنینەوەو هەوڵدەدەین لە بەهاکانی کەم بکەینەوە و گرنگی پێ نادەین.

پێویستمان بە زمانێکی زۆر نەرم و سیاسییە بۆ ئەوەی مامەڵەی چواردەوری پێ بکەین. ئەم مانگە گرفت و ناخۆشی دڵ و بەرۆکی خەڵکە ئاساییەکان بەر دەدات و ڕوودەکاتە خەڵکە گرنگ و خاوەن دەسەڵاتەکان.

# ئۆپۆزسیۆن لە نێوان بەردئاشی دەسەڵات و چاوەڕوانی خەڵک دا !



جەوهەر نامیق سالم

هۆکاری سەرەکی بوون و گەشەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد، داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و نکوڵی لێکردن و پێشێلکردنی مافی خەڵکەکەیەتی. دەرئەنجامی سەرەکی ئەمەش، بەرخۆدان و داکۆکیکردنی ئەم بزاڤەیە، لە خاک و مافی کوردستانییەکان. هۆکار و دەرئەنجام واتە، ( داگیرکردن و بەرخۆدان)، مۆری (ئۆپۆزسیۆن)ی بەسەر ئەم بزاڤەدا سەپاند و، ئەم بزاڤە و ململانێیەکەی دابەشکرد لە نێوان دوو بەرەدا، بەرەی خەڵک و بەرەی زەوتکەری خاک و مافەکانی خەڵک ( دوژمن) . ئەم هاوکێشەیە، بەدەر لە چەند هەڵێکی کورتی مێژوو، هێشتا زاڵە بە سەر بیروبۆچونی بازنەیەکی فراوانی سەرکردایەتی و بنکردایەتی بزاڤەکەمان لە باشووری کوردستان، ئێستایشی لە تەکدا بێت.

ئەو خەسڵەتە: ( داگیرکردن و بەرخۆدان) و دابەشکردنی ململانێکە لە ( دووبەرە)دا، بەرەی (خەڵک ) و بەرەی (دوژمن )، مەودای لەدایکبوون و گەشەسەندنی سروشتی (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ)ی نەدابوو، ئەگەر سەریشی هەڵدابێت یان پەراوێز و ئیحتیواکراوە یان بە توندی سەرکوتکراوە و یان (تەخوین) و ناچار کراوە پەنا بەرێت بۆ بەرەی (دوژمن)، مانەوەشی لە نێو حەڵاڵ و حەرامەکەدا، بەند بووە بە بارودۆخ و هەلەکان.

پاش نسکۆی 1975 و راپەڕینی بەهاری 1991 بەگشتی و قۆناخی دوای 2003 بە تایبەتی، بزاڤی رزگاریخوازی باشووری کوردستان، بە تەحدید هەردوو باڵە سەرەکییەکەی (پارتی و یەکێتی) و، دواتر دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستان، چەندین هەلی لەباریان بۆ رەخسا، بۆ پێداچوونەوە بەو هاوکێشەیە و فەراهەمکردنی زەمینەو کەشوهەوایەکی تەندروست و گونجاو سەبارەت بە سروشتی خەبات و ململانێکان چ لە ئاستی ناوخۆی حیزب و لەنێو باڵەکانی بزاڤەکەمان و چ لە ئاستی دەرەکی . بە پێچەوانەوە ئەو دوو باڵە (پارتی و یەکێتی)، نەیانتوانی وەک پێویست، ئەو هەلانە بقۆزنەوە و گرفتەکانی ناوخۆیان و کێشەی دەسەڵات ومەرجەعییەت لە هەرێمی کوردستان سەردەمیانە چارەسەر بکەن، نە بە ئاشتی و نە بەشەڕ. لەجیاتی ئەوە: هەردوولا سوور بوون لەسەر هەمان سیستەمی کۆنی حیزبایەتی و قولکردنەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی، بە ئیمتیاز و، بوونە داهێنەری پرەنسیپی پەنجا بە پەنجا، وەک ئەزموونێکی حوکمڕانی شازو ناتەباو پڕ لە ناکۆکی. لاپەڕەکانی ململانێیەکەیان و دەرئەنجامەکانی ئەو ئەزموونە زۆر پۆزەتیڤ نییە، کە هەڵدانەوەی کاری مێژووناسانە.

هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 بەگشتی رەوشەکەی هەژاند، لایەنێکی گرنگی رەخساندنی دەرفەتی لە دایکبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ)ی بزاڤی رزگاریخوازی باشوورمان چ لە شێوەو شێوازی شەرعییەت و قولایی و پشتگیری جەماوەر و چ لە "رەنگ ودەنگ وسەنگ" ی، لە ئاستی هەرێم و کوردستان و عێراق وناوچەکە، بە رەچاوکردنی ئەو کەشوهەوا ناتەندروستە و ئەو دۆخە نالەبار و نابەرامبەرەی ململانێیەکە، وەک میراتێکی مێژوویی.

ئیمە دەزانین، هەڵبژاردن و بوونی ئۆپۆزسیۆن و لیستەکان، بە تەنها، گەواهی بوونی سیستەمی دیموکراسی نادات، بێ فەراهەمکردنی بنەماکانی دیکەی وەک : بوونی دەستوورێکی مۆدێرن،دابینکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئازادییەکان، جیاکردنەوە و بەدەزگابوونی دەسەڵاتەکان، بوونی داوودەزگا مەدەنییەکان، گەڕانەوە بۆ خەڵک لە مەڕ پرسە چارەنووسسازەکان، پابەندبوون و پراکتیزەکردنیان لە واقیعدا. وەلێ سەرەڕای کەموکورتییەکانی ئەو بوارانە، لەدایکبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ) لە باشووری کوردستان، وەک یەک لەو بنەمایانە، سەرەتای وەرچەرخانێکی چەندایەتییە و بە دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتی و گۆڕین و گۆڕانکاری و ریفۆرم دەژمێردرێ، بە تایبەتی لەئەزموونی 18 ساڵەی حوکمڕانی خۆماڵی ئەم هەرێمەدا کە، سیستەمی حیزبایەتی و بەڕێوەبردنی ئیداری، لە زۆر لاوە، شازە و کات بەسەر چووە، گەندەڵی شەکەت و کەنەفتی کردووە، کێشە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان بە هەڵواسراوای ماونەتەوەو جەمسەرە سەرەکییەکانی ئاڵۆز و تەڵختربووەو لە هەندێ بواریشیدا بەرەو هەڵکشان دەڕوات .

راستە سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە 2009/7/25، زۆر لە کێش و پیوانەی دەسەڵاتی رژێمی هەرێمی نەگۆڕی وەلێ، شەقامی کوردستانی هەژاند، لووتکەی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای تووشی شۆککرد، تەرازووی هێزیانی لەنگکرد، دەسەڵاتی ناچارکرد بیر لە ئێستا و ئایندەی خۆی بکاتەوەو هەوڵی ئیحتیواکردنی قەیرانەکانیان و پێداچوونەوەو چاکسازیش بدەن.

بە کورتی، 2009/7/25، وەک دیاردەیەک، تەکانێکی بەهێزبوو لەڕووی قوڵکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیرییە کوردستانییەکان و پانتایی ئازادییەکان و (هەڵبژاردنەکانی عێراق- ژمارە16ی ساڵی 2005ی هەموارکراو) لە 2009/12/6، هەنگاوە سەرەتاییەکانیان بە ناو پێداچوونە، نانبڕین و راوانی لێرە و لەوێی لایەنگیرانی ئۆپۆزسیون بە تایبەتی لایەنگرانی گۆڕان .. تاد. بۆیە زۆر لە چاودێران مەزەندەی ئەوە دەکەن رەوتی گرژی سیاسی زەقتربێت، بەڵێنی چاکسازی و تەفعیلکردنی رەوشەکە لەئاستی حیزبی و کارگێری، زیاتر بۆ تێپەڕاندنی کات و رووکەشی بێت، زۆر لە جەوهەری پرەنسیپی دووجەمسەری لووتکە و هێمای دەسەڵات و دوو هێز و دووخەزنە و دوو ناوەندی بڕیاری نەگۆردرێت . لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت رەچاوی ژمارەی ئێستای کورسییەکان و رێژبەندی لایەنەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان نەکەین کە : پارتی (30) کورسی 27%، یەکێتی (29) کورسی 26%، گۆران (25) کورسی 23%

## لەدایکبوونی (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ) لە باشووری کوردستان، سەرەتای وەرچەرخانێکی چەندایەتییە و بە دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتی و گۆڕین و گۆڕانکاری و ریفۆرم دەژمێردرێ

سەلماندنی گرنگی دەنگدەران و هەڵبژاردن و بوونی ئۆپۆزسیۆن . مەعلومیشە گرنگی هەڵبژاردن و بوونی ئۆپۆزسیۆنیش، لە سەروبەندی ئەمڕۆی هەرێم و کوردستان، لەوەدا بەرجەستە بوو کە :

1-دەسەڵات خەڵکە، هەڵوێست و رای خەڵکیش قابیلی گۆڕین و گۆڕانە، سەنگی مەحەکیش پابەندبوونە بە ماف وخواستەکانی، بڕیاری کۆتاییش، نە پارەیە و نە هێزی چەکداری زۆرە و نە لیستی بە حیزبیکردنی خەڵکە و نە مێژووە، بەڵکو زیاتر کردەوەو میسداقیەتی کردەوەو سەندووقی دەنگدانە.

2-بەرزکردنەوەی گیانی بەرپرسیارێتی و چاندنی تۆوی متمانە و گەڕانەوەی متمانەیە بۆ خودی تاک و گرووپ .

3-بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئەو قەوارەیە چ لە ناخی تاک و چ لە نێو گرووپ، بەتایبەتی لەنێو چین و توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکان و ئافرەت و لاوەکانمان کە زۆرینەی جەماوەرن. بەو پێیە خودی خەڵکە رەشورووتەکە هێزی لەبن نەهاتوون و فاکتەری سەرەکی گۆڕان و گۆڕانکارین و هەر ئەوانیش بڕیاردەرن لە چارەنووسی خۆیان و وڵات و کێشە رەواکانیان، ئەگەر دەرفەتی لە باریان بۆ برەخسێت.

4-هۆشداریەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و نێودەوڵەتییە، سەبارەت بە واقیعی ئەمڕۆی هەرێم و شێوەو شێواز و دەرئەنجامی دەسەڵاتی دوو جەمسەری و پرەنسیپی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی و شکستهێنانی لە زۆربەی زۆری بوارەکاندا.

قۆناخی پێش 2009/7/25، بۆ (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ)، سەرەتای ژان و ئازاری لە دایکبوونی بوو، بۆ لیستی دەسەڵات، پاشەکشێ و داکشان.

پاش 7/25دەستپێکی گۆڕین گۆڕان و ریفۆرمە. هەردوولا لە حالەتی تاقیکردنەوەو رووبەڕووبونەوەدان بەتایبەتی دوو هەڵبژاردنی چارەنووسساز بەرێگاوەیە، یەکەمیان ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (2010/3/7) ودووهەمیان پارێزگاکان (مانگی 2010/10) . پێشبینی ئەوە دەکرێت ململانێیەکە قوڵوفراوانتربێت، لیستی دەسەڵات، پاش ئەزموونی تاڵی 7/25، پەنا بباتە بەر هەموو شێوەو ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی چ بە ئیحتوا و راگرتنی شەپۆلی نارەزایی و بێزاری ناوخۆی حیزبی و رەوتی ئۆپۆزسیۆن لە رێگەی ئاڵۆگۆڕو جێگۆڕکێی روومەتی لەئاستی حیزب و ئیدارە و، چ بە سود وەرگرتن لە یاسا و رێساکان و ئیستغلالکردنی دەسەڵات و دەرفەتەجیاجیاکانی، تاکو ئەو ئەندازەی بۆی بلوێت، بەدەستتێوەردان و سیاسەتی (ترس و برس) وورووژاندنی مەترسییە دەرەکییەکانیشەوە .

لیستی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی )، وەکو دوو حیزبی فەرمانڕەوا، بە ئەزموون و بە ئیمکانیاتن، تاکو پێیان بکرێت و دەرفەت هەبێت و لە بەرژەوەندیاندا بێت، بەردەوام دەبن لەسەر نەهج و سیاسەتی دوو جەمسەری و بەکارهێنان و تەسخیرکردنی دەسەڵاتی فەرمی و سامانی میللەت بۆ مەرامی حیزبی و تایبەتیش، رێککەوتنی بەناو (ستراتیژی) گوزارشە لەو رێبازە، نموونەی نوێش : (خروقاتی) هەڵبژاردنی 2009/7/25، دانیشتنی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان و شێوە و شێوازی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتییەکەی، چۆنیەتی تەکلیفکردنی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و پێکهاتن و مەراسیمی پرۆسەی متمانەدان بە کابینەی شەش، کەتێنی هەموارکردنی یاسای ..تاد، هەروەها سیستەمی (نیمچەکراوە)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2010/3/7) بە هەند وەرنەگرین کە ئەگەری گۆڕینی ریزبەندی لایەنە کوردستانییەکان بەتایبەتی لەنێوان پالێوراوانی پارتی ویەکێتی، لە جێگۆرکێی پالێوراوان و ژمارەی کورسییەکانیان لە ئارادایە. بۆیە چەند و چۆن و چ بێت هۆ و هۆکار و مەبەست، ئەو دوو دیاردەیەی دوای 2009/7/25، جۆرە "گورێنێکە" لە پرەنسیپی پەنجا بە پەنجا و، لە هەلومەرجی هەرێم و سروشتی ململانێیەکان، سەرنجراکێشە .

بەرامبەر بەمانە، (ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ)، قۆناخی دوودڵی و بێدەنگی و کێشمە کێشمی ناخۆی حیزبایەتی و ژمارەیەک لاواز و پەراوێزکراوی نێو دەسەڵاتی دەرباز کرد، ئێستا قەوارەیەکی یاسایی و پێناسەکراو و تازە نەفەس و گەرمە، خاوەن بەرنامەیەو پابەندە بە جەختکردن لەسەر وەدیهێنانی، پشت ئەستوورە بە شەقامی کوردستانی و هەوادارانی، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتە و رکابەرایەتی، پانتاییەکی فراوانی چین و توێژەکانی ئەو شەقامە چاوەڕوانی رۆڵ و پەیمانەکانیەتی، بە پێچەوانەی لیستی دەسەڵات، ئەکتیڤکردنی رۆڵ و گلێرکردنەوەی ریزەکانی پێویستە و، پانتایی مناوەرەی فراوانترە، جموجۆڵی سووکترە، گوشاری کاریگەرترە لەسەر دەسەڵات، راکێشانی سەرنج و هەستی خەڵک ئاسانترە.

لووتکەی دەسەڵات لە هەرێم، بەو پێیەی کە راهاتوون لەسەر دەسەڵاتی رەها و حوکمڕانی ئاسان و بێ بەرهەڵستکار، لە ئاستی ناوخۆ، حیزب وحکومەتیان لەلا یەکە. ئەم دید و بۆچوونانە بوونەتە بەشێک لە مەنزوومەی فیکری و هەڵسوکەوتیان و تاکو ئەو رادەیە : پرسی کورد لای هەندێکیان کاڵایەکە مامەڵەی پێ دەکەن، دەسەڵات و سامانی ئەم میللەتە بە مافی سروشتی خۆیان دەزانن، خۆیان بە سەروەر و داهێنەر و مالیک، خەڵک بە رەعیەت و مێگەل و سوخرەچی. ئەرک و ماف تێکەڵدەکەن، تایبەتی و گشتی لە یەک جیاناکانەوە، سنوور لە نێوان مەشروع و نامەشروع بزرکراوە، بە هۆشیاری و نا هۆشیاری سەرقاڵی فەساد و ئیفسادکردنی هێزو توانا بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان. یەکەم لەئاستی حیزب : بە لادان لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ و شێواندنی سیستەمی وەرگرتن و پێگەیاندنی ئەندامان و کادیران و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی لە قوتابخانەیەکی پەروەردەکردن و پێگەیشتن و لەخۆبردوویی بۆ دەزگایەکی ئیستیعاب و مشەخۆرو سڕکراو. مەعلومیشە کە پێوەر و بنەما و دەستووری حیزب وەلاوەنرا، وەرگرتن و بوونە ئەندام هەرەمەکی دەبێت و پاڵاوتن بۆ پۆستی حیزبی دەبێتە تەعین، تەعیینیش لەسەر بنەمای پەیوەندی تاکەکەسی، پەیوەندی تاکەکەسیش لەسەر ئەساسی میزاج و وەلا دەبێ، وەلائیش لەسەر بنچینەی خزمایەتی و بنەماڵەو تەکەتول، تەکەتولیش لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تایبەتی، بەرژەوەندی تایبەتیش لەسەر بنچینەی کارکردن بۆ خۆ و بازرگانی و ( ...) تاد. بە کورتی: کاتێک حیزب و ئەندامی حیزب رووتدەکرێتەوە لە بەها نیشتمانی و نەتەوایەتی ومرۆییەکان، ئیدی ئەوەی پێی ئێژن پرەنسیپ و خەتی سوور زەحمەتە بەدی بکرێت. دووەم لە ئاستی حکومەت: بە تەحویلکردن بۆ چەتر و ئامرازێکی ( شەرعیدان) بە گەیشتن بە ویستە تایبەتییەکان و مامەڵەکردن لە گەڵیدا زیاتر وەک فەرمانگایەکی کارتی گشتی سیستەمی شەرقی کۆن و دەروازەیەک بۆ لووشکردن و بەفیرۆدانی سامانی خەڵک و لەکاتی پێویستیش کوتەک . لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو دیاردەیە:

1-تێکەڵبوون ودەستتێوەردانی فرەلایەنی حیزبی لە کاروباری ئیداری تاوەکو ئەو رادەیەی حکومەت یەعنی حیزب و حیزبیش لووتکە .

2-نەبوونی ئەولەویات و پرۆگرام و بەرنامە و نەخشە و پلانی دروست و دیاریکراوی (فەرمی) جیا جیای ستراتیژی، بۆ بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی. بۆ نموونە: ئەوە شەش مانگ بە سەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕی و چوار مانگیش بە سەر متمانەدان بە کابینەی شەشەم، تاوەکو ئێستا ئەم کابینەیە بێ بەرنامە کار دەکات، پرسیارەکەش ئەوەیە: چۆن پەرلەمان متمانەی دا بە کابینەی شەشەم؟ پرس وپرسینەوە و بە دواچوونی پەرلەمان لە سەر چ ئەساسێک دەبێت؟ لەوەش گرنگتر، لە 2010/1/19، پرۆژەی بودجەی حکومەت راگەیێندرا، قەولە بنێردرێتە پەرلەمان، کە حکومەت بەرنامەی فەرمی پەسندکراوی پەرلەمانی نەبێت، لەسەر چ ئەساسێک بودجە خەملێنرا؟ وبە چ پێوەرێک دەکرێ ئەندامانی پەرلەمان، مامەڵە لەگەڵ ئەم بودجەیەدا بکەن؟ بودجە تەنها چەتری ریزکردنی ژمارە و خانەبەندی برە پارەو رەوایەتیدان بە خەرجکردنی نییە، بەڵکو گوزارشە لە فەلسەفەی دەسەڵات و رەنگدانەوەی بەرنامەکەیەتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

3-بازاڕێکی هەرەمەکی و بازرگانییەکی مۆنۆپۆڵکراو لەلایەن چەند کەس و تاقمێکی دیاریکراوی بازنەی تەسکی دەسەڵات، دوور لە فەلسەفە و رۆڵی حکومەت لە تەرشیدکردنی کەرتی ئابووی بە گشتی .

4-دابەزینی ئاستی زانست و شێواندنی سیستەمی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لایەنەکانی رۆشنبیری و راگەیاندن و بە (بزنس) کردن و هەراج و هەرزانکردنیان.

5-دوورخستنەوەی توێژەجیاجیاکانی لاوان لە کێشە هەنووکەییەکانی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە و پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان، لە رێگەی چەندین تۆڕ وناوەندی دەستکرد بۆ نموونە، لە بواری راگەیاندن و بە ناو رێکخراوە مەدەنییەکان، پاڵدان و راکێشانی ئەو توێژانە بەرەو لاسایکردنەوەی لایەنە رووەمەتی و بەسەرچووەکانی ژیانی بە ( ناو مۆدێرن) و، دوور لە بنەماکانی فێربوون و راهێنان و بنیادنانەوەیان لەئاستی زانست و پرسە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان.

ئەم نەخشە سەقەتە وایکردووە لەجیاتی ئەوەی هەرێمەکەمان ببێتە ناوەندێکی راکێشان (جەزب)ی گەنج و پسپۆڕانمان لە هەندەران و گەڕانەوەی کوردستانییەکان لە غوربەت و موعانات و ژیانی دوور لە وڵات، بووەتە هۆکارێکی (گرد )ی گەنجان ودەرچووی زانکۆکان و هێزی کارمان، بە هەڵاتنیان بۆ هەندەران و رووکردنە ئایندەیەکی نادیار. ئەم واقیعە تاڵە، ئەگەرچی پاشماوی سیاسەتی رەگەزپەرستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە، بۆ تێکدانی بونیادی کۆمەڵگەی کوردەواریمان، وەلێ 18 ساڵ لە حوکمڕانی پارتی و یەکێتی نەک ئەم دیاردە خەتەرناکە چارەسەرنەکراوە بەڵکو لە هەندێ بواردا قوڵ و فراوانتربووە، بە سووربوون لەسەر پشتگوێخستنی ژێرخانی ئابووری، مانەوەی هێزی کار و کۆمەڵگەکەمان وەک هێز و کۆمەڵگەیەکی پەراوێزکراو ومشەخۆری بەرخۆرە (مستهلک)، لەجیاتی گۆڕینی بۆ کۆمەڵگە و هێزێکی بەرهەمهێن.

لەم بارەوە،سەرنجی خوێنەری بەڕێز رادەکێشین بۆ ئەو قەبارە زۆرەی مووچە خۆرانی حکومەت و سیاسەتی سەقەتی ئابووری و بازرگانی : زیاتر لە 70%ی بودجەی 2010 تەرخانکراوە بۆ بەکاربردن (النفقات التشغلیە). سەدان رێکخراوی جەماوەری تایبەت بە لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و منداڵان و سەندیکا و بنکەی دیکەی بە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی، لە تەک هەر هەموو ئەمانە، ئەو راگەیاندنە زۆر و بۆر و بێ سەروبەرو و بێ نێوەرۆکە. ئەمانە نموونەگەلێکی سەردەمی بەسەرچووی وڵاتانی بلۆکی (شموولی ) و دونیای شەڕی سارد و جیهانی دوو جەمسەریمان وەیاد دێننەوە. بەشێکی زۆری لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو سیاسەتە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەمەش زیاتر هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بەرپرسیارن لێی، لە 2009/7/25 باجی بەشێکی ئەو سیاسەتانەیان دایەوە.

ئەزموونی پێش 2009/7/25 و کورتهێنانی لیستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کێشەیەکە پەیوەستە بە سەرتاپای سیستەمەکەمان. ئەو دەرئەنجامە، هەڵە و کەمتەرخەمی و گرفتی لێپرسراوانی بنکە حیزبی و ئیداریەکان نەبوو، بە ئەندازەی لووتکەکانیان. کوتوپڕ نەبوو، بەڵکو چاوەڕوان کراوبوو. سودفە نەبوو، بەڵکو حەتمی بوو. ئیستیسنائی نەبوو، بەڵکو کەڵەکەبوونێکی هەمەلایەنە و مێژوویی بوو. نکۆڵی کردن لەو قەیرانە و بەهەند وەرنەگرتنی ئۆپۆزسیۆن و سیاسەتی ترس و برس، دەرمانی دەردەکانی دەسەڵات ناکات، بەپێچەوانەوە رەوشەکە ئاڵۆزتردەکات و، پەردە لەسەر دروشم و پەیمانەکانیان هەڵدەداتەوە، قەیرانەکانی قوڵ و بەرینتر دەکات، ئۆپۆزسیۆن جەخت و سفت دەکات و جەماوەریش دەخرۆشێنێت، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی شەرعی و یاسایی و پەرلەمانی و زمان حاڵ و هەڵقوڵاوی نێو ئەو جەماوەرە، یەک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراتییە. روونتر ئۆپۆزسیۆن، وەک (حکومەتی سێبەر)، لەم هەرێمە، وا دەست بەکارە، رۆڵی سەرەکی گەڵاڵە و داکۆکیکردنە لە خواست ویستی خەڵک، گوشارخستنە سەر حکومەتە بۆ ئەنجامدانیان، لە قاودانیانە وەک ( نوێنەری زۆرینە) و دەزگای کارگێڕی کە بەرپرسە بەرامبەر ( گشت خەڵکی هەرێم)، لە کاتی کەمتەرخەمی و کەموکورتییەکانیان و،خستنەڕووی ئەو کەموکورتییە لەنێو پەرلەمان و لە میدیا جیاجیاکان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتی و گشتییەکان، شان بەشان عەرزکردنی پرۆگرامی خۆی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وکولتووری و هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنیان بەشێوەی پرۆژە یاسا، کە دوور نییە زۆر لەو پرۆژانە هاوتەریب بن لە گەڵ ئەوانەی دەسەڵات یان بە پێچەوانەوە .

دەبێ دەسەڵات بەقەناعەتەوە لەوە بگات کە:ئۆپۆزسیۆن هەیە، خەڵک دەنگی پێداوە، بەرنامە و بەڵێنەکانیشی بەگشتی گوزارش لە بیروبۆچوون و داخوازیەکانی دەنگدەرانی دەکات و زمان حاڵیانە، مولزەم وپابەندە بە بەڵێنەکانی. ئۆپۆزسیۆنیش لەوە بگات کە: لەگەڵ لیستی دەسەڵات دوو جەمسەری ململانێکەن، هەڵقوڵاوی نێو جەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریمانن یەک تەواوکەری ئەویترە، بە دەنگی دەنگدەران ئەو دوو رۆڵ و ئەرکانەیان پێ سپێردراون، بە دەستوور و یاسا دەبێت واقیع و سنووری دەسەڵاتیان دیاری بکرێت، هەر بەوپێیە دەبێت هەمان ئەو بنەمایانە سەرچاوە و حاکمیەتی هەڵسووکەوت و رەفتاری ئەم دوو جەمسەرە بێت. بۆ ئەو مەبەستەش، چەند ئۆپۆزسیۆن تۆکمە و بەهێز و جیدی بێت لەگەڵ خۆ و مەوزووعی و هۆشیار بێت لە مەڕ واقیع ومەوقیع و رۆڵ و بنکەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریمان، ئەوندە دەتوانێت ببێتە هێزی گوشار و رەخنەگری پۆزەتیڤ و بنیادنەر و زۆرینەی خەڵک لە دەوری خۆی گردبکاتەوە، هەیبەت و رێزی خۆی بەسەر دەسەڵات و لەنێو شەقامی کوردستانیدا دابین بکات، هەروەها هاوکار و پشگیربێت لە لایەنە چاک و پۆزەتیڤەکانی حکومەت لە بواری خزمەتگوزاری و کێشەو پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانمان، هەروەک چۆن ژیرانە و شێلگیرانە لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی دەسەڵات دەخاتەڕوو لە قاویان دەدات، بۆیە هەردوو جەمسەری هاوکێشەکە قابیلی گۆڕان و گۆڕینە، بەوپێیەی کە خواست و وەلا و میزاجی خەڵک چەقبەستوو نییە .

پشت بەستنی لووتکەی دەسەڵاتی هەر حیزب و تاقمێک، بە مێژوو و کەلەپووری رابردوو و دروشمی بریقەدار و بەڵێنی بێ بنەما و سیاسەتی رازیکردن، گەرەنتی نییە بۆ مانەوەی وەلا و راگرتنی بنکە و پایەیان لەنێو جەماوەر، تاوەکو لەنێو خودی بنکەی حیزبیشیاندا، بەپێچەوانەوە ئەو دیاردەیان لە هەندێ بواریدا بارگرانییە، ئەم راستییە هەردوولای ململانێکە دەگرێتەوە. ئەوەی فریاد رەسیانە : هەڵسووکەوتی رۆژانەو بەرنامە و سیاسەتەکانیانە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی وکولتوری

---



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# رادیۆیەکی بە نەڕەنەڕ

ئەگەر خوانەخواستە لێتان تێکچوو و میلی رادیۆکانتان خستە سەر سەت و حەفت پۆینت یەک، ئەوە ئیتر ئەو رۆژەتان لێ رەش دەبێت و بەری ئاسمانتان لێدەگیرێ. لەم رادیۆیەدا دێڕ دێڕ قورئان دەخوێنرێتەوە، پاشان دەنگێکی زبر و رەق و هەڕەشەئامێزی سەروەختی خەباتی بەنوو ئومەییە، بە کوردی ئایەتەکە دەڵێتەوە. ئەگەر بیست و چوار کاژێریش گوێ لەم رادیۆ ترسناکە بگریت، هەرگیز چیرۆکێکی خۆش و ئارامت گوێ لێ نابێت، بە دەگمەنیش گوێبیستی قسەیەکی نەرم، ئامۆژگارییەکی هێمن، بەرچاوڕوونییەک نابێت. ئاخر پێدەچێ ئەرک و پەیامی ئەم رادیۆیە تایبەت بێت بە بڵاوکردنەوەی هەڕەشە، تۆقاندن، چاوسوورکردنەوە، سووتاندن و برژاندن، جاری وا هەیە کابرای کوردی دەنگ ناخۆش ئەوەندە بە هات و هاوار و قیرەقیرەوە قسە دەکات، ئیدی هەر ئەوە ماوە لە رادیۆکەوە بێتە دەرێ و دوو زللە لە بن گوێت بدا و تفێکی خەستیش بکاتە ناوچەوانت.

نازانم ئەم رادیۆ فرە ترسناکە، علووجە یان مۆڵەتی هەیە، خۆ ئەگەر علووج بێت ئەوە وەی و ئەگەر مۆڵەتداریش بێت ئەوە وەی وەی. ئاخر هەر کەسێک مۆڵەتی بەم بڵندگۆی شەق و زللەیە دابێت، دەبێ بە تاوانی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و لەبەر رۆشنایی یاسای دژە تیرۆردا دادگایی بکرێت. ئەوە نییە خۆشترین کاتی پەخشی ئەم رادیۆیە، بریتییە لە خوێندنەوەی قورئان بە شین و شەپۆڕ و گریان و واوەیلاوە. نازانم بۆ دەبێ ئایین بریتی بێت لە شین و شەپۆڕ؟ خۆمان ژیانمان زۆر خۆشە؟ لە گریان و واوەیلامان کەمە؟ لە پاش ئەوە ئەگەر بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەم رادیۆیە بێت، بەنی بەشەر نییە لچ لە لێواری بەهەشتیش بدا هێندەی قورس کردووە، یانی بە قەولی ئەو رادیۆیە، شەق و زەللەمان مسۆگەرە، ئیدی نازانم ئەمە رادیۆیە یان چەورمان دەکا بۆ ئەو دونیا.

ئێرە وڵاتی بندیوارانە، لە فەرمانبەر، بندیوارمان زۆرن. لە هونەرمەند هەر مەپرسە، تیڤی وەها پەیدا بوون قەلەموونت لێدەکەنە سووپەر ستار. لە خەباتخوار و خەباتگێڕ ئەوە هەر هیچ، تەقەی خۆشی نەکردووە و مووچەی لەشکرێکی هەیە. لە رۆژنامەنووس ئەوە مەگەر تەنێ خۆمان بزانین، سەرەواوێک لە هەناویدا نییە و باسی پانتایی مەعریفی دەکات. لە سنفی (مەلا)ش بندیوارمان هەس، ئەی ئەوە نییە مەلا هیچ ئیشی نەماوە باس لە دەرپێ فرۆشتنی ژنان دەکات، وەک بڵێی ئوموری دین و دونیای هەموو تەواو کردبێ هەر دەرپێی ژنان مابێ. دوایین داهێنان رادیۆی بندیوارە، ئەها لە بری ئەوەی دەروونت ئارام بکەنەوە، وەک پەرەمێز پەمپت دەدەن و چاوت لێ سوور دەکەنەوە.

ئەوەی من زانیومە پەیامی ئایین، هەر ئایینێک، پەخشکردنی رەحمەت و لێبووردەیی و بەزەیی و خۆشەویستییە. خۆ ئەگەر ئایینێک بریتی بێت لە هەڕەشە و تۆقاندن و شاپلێدان و تێڵا تێبرین، بەش بە حاڵی خۆم نەمگەرەکە و هەر ئەوەم یاری*.

* هەر ئەوەم یاری: دەربڕینێکی سلێمانیانەیە وەک ئەوەیە بڵێی: لە جێی خۆم عەیبم نییە.

وامامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و ڕاگرتنی دڵی شەقامی کوردستانی و چاککردنی باری ژیانی خەڵک بەتایبەتی ژیانی چین و توێژە هەژارەکان و کەم دەرامەتەکانمان و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئەکتیڤ و باش بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی دیاردەی (بێکاری داپۆشراو) و دوورکەوتنەوە لە غروور لووتبەرزی و دەسەڵاتی ڕەها وخەڵک بە هیچ نەزانین .

دەسەڵاتی لیستی کوردستانی ( پارتی ویەکێتی) بە تاک و پێکەوە ئەزموونێکی 18 ساڵ حوکمڕانی خۆماڵییان هەیە. بێگومان ئەم دەسەڵاتە لە 18 ساڵی حوکمڕانیاندا،

**دەسەڵاتی( پارتی ویەکێتی) بە تاک و پێکەوە لە ئەزموونی 18 ساڵی حوکمڕانییاندا بە خۆشی و ناخۆشیەوە و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، گۆڕین و دەسکەوتی بەرچاویان وەدستهێناوە ناکرێ مرۆڤ نادیدەبێ لێیان**

بە خۆشی و ناخۆشیەوە و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، گۆڕین و دەسکەوتی بەرچاویان وەدستهێناوە بەتایبەتی: لەبواری ئەمن و ئاسایش، ئاشتەوایی گشتی، بوونی کورد لە ناوەندی بەغدا، ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ چەند بوارێکی خزمەتگوزاری و بووژانەوەی ژیانی خەڵک و ئازادییەکان، بەپێچەوانەی کەموکورتیەکانی ئەو بوارانە (کە زۆر جار ناوەندی ڕەخنەمان بوونە). ناکرێ مرۆڤ نادیدە بێت لێیان، وەلێ هەر بەهەمان شێوە چەندین بواری گرنگ و بنەڕەتی هەن، کە ئەم دەسەڵاتە خۆی لە قەرەی نەداوە، یان بەجیدی کاری بۆ نەکردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بنیادنانی ژێرخانی ئابووری و دانانی سنوورێک بۆ دیاردەی ئیستهلاکی بوون و پشت بەستن بە هاوردەکردن (الاستيراد)و، کێشە بنەڕەتییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و دیموکراسی و پرسە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانمان . کەمکورتییەکانی ئەو بورانە یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن بوو، هەر ئەوانەش سەرمەشقی سەرەکی بەرنامە وپاساوی بوون و پێشڤەچوونیان دەبێت.

لە نێوان لیستی دەسەڵات بەگشتی و هەرسێ لیستی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی، چەندین خاڵی هاوبەش سەبارەت بە گۆڕین و گۆڕان و چاکسازی بە دیدەکرێن. بۆیە وەک چۆن لە سەر دەسەڵاتە، بەڵێنەکانی خۆی بە جێبێنێت، ئەرکی سەرەکی ئەم قۆناخەی ئۆپۆزسیۆنیش، پاش گلێرکردنەوەی ڕێزەکانی، جەختکردنە لەسەر:

1 –چاودێری و بەدواداچوونی بەڵێن و بەرنامە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات وکارکردن بۆ وەدیهێنانی ویست و خواستی خەڵک و گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئیرادەو بەرژەوەندییە باڵاکانی، لە پێش هەمووشیانەوە چارەنووسی ناوچە تەعریبکراو ودابڕاوەکانمان، بەتایبەتی کوردستانیەتی کەرکووک و گەڕانەوەی گشت ئەو ناوچانە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان. سازشکردن لەسەر کەرکووک و هەر ناوچەیەکی دیکە و سنووری باشووری کوردستان، لەپێناو دەستگرتن بەکلاوی

**بەهەند وەرنەگرتنی ئۆپۆزسیۆن و سیاسەتی ترس و برس، دەرمانی دەردەکانی دەسەڵات ناکات، بەپێچەوانەوە ڕەوشەکە ئاڵۆزتردەکات**

خۆیان بۆ یەک دوو پلەو پایەی سیادی بێ دەسەڵات و برە پارە و چەند گرێبەستێکی نەوت و غاز و جەزبەی یەک تەرەفەی ئیدارەی ئەمریکی، هەڵەیەکی گەورەیە و ناکرێت بەهیچ شێوەیەک قابیلی قەبوڵ بێت. بۆ ئەمەش چەند لیستی دەسەڵات بەرپرسیارە ئەوەندەش ئۆپۆزسیۆن .

2 –بەدەزگاکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سوور بوون لە سەر سەروەری یاسا و پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و ڕزگارکردنیان لە مۆنۆپولکردنی حیزبی و بەرژەوەندی تایبەتی، لەپێش هەمووشیانەوە بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمان وەک دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری و مینبەر و گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکان بۆ نێو هۆڵەکەی و بەتەحدید فراکسیۆنەکانی، نەک مەکتەب سیاسییەکان. پابەندبوونی سەرۆکایەتییەکەی بە قەبارەو ڕۆڵی سروشتی و یاسایی دوای قۆناخی پرەنسیپی پەنجا بە پەنجا، واتە قۆناخی پاش 2009/7/25: قۆناخی فرەیی و بوونی ئۆپۆزسیۆن و زۆرینە و کەمینە. دوور نییە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەروەها ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێویست بە هەمواركردن بکەن، بەشێوەیەک کە گونجاوبن لەگەڵ قۆناخی نوێدا .دەبێت ئۆپۆزسیۆن بابەتیانە کار بۆ سەربەخۆیی و ئەکتیڤکردنی پەرلەمان و حکومەت ودەزگای دادوەری بکات،بەرامبەر سووربوونی لیستی دەسەڵات بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی واقیعی پەنجا بە پەنجای دەزگاکان و خاوکردنەوەیان وکاڵکردنەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن .

3 –بە یاساییکردنی بودجە و داهات و شێوەو شێوازی پەیوەندییەکانی حیزبەکانی نێو پرۆسەی سیاسی کوردستان، ڕزگارکردنیان لە دەستتێوەردان و گومان و سیاسەتی (ترس و برس و، پەرتکە وزاڵبە) وئیحتیوا، بۆئەمەش پەلەکردن لە پەرلەمان بۆ پەسندکردن و دەرچوواندنی یاسای یارمەتیدانی حیزبەکان.

4 –گەڕانەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان بەمەبەستی چاکسازی و دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی و گەڕانەوەی دەقی مادده (2)ی ئەو دەستووره بۆدۆخی خۆی واتە گەرانەوەی ( قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و قەزای تەلعەفەر) بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەروەک چۆن تاوەکو ڕۆژی پێش پەسندکردنی ئەو دەستوورە لە پەرلەمان دەستکاری نەکرابوو، بەو پێیە ئەو ناوچانە یەک لە خاڵەکانی ماددەی 140ە و، ماددەی 140 یش ماددەیەکی دەستوورییە .

5 –جەختکردن لەسەر خاڵە پۆزەتیڤەکانی دەستووری عێراق بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە پرسی کورد و مافە گشتییەکان و بەهێزکردنیان و هەوڵدان بۆ هەمواركردن یان لادانی بەندە نێگەتیڤەکانی .

6 –کورد نەتەوەیەکە، بەشێک لە گەل و نیشتمانەکەی بە زۆری زۆرداری لکێندراوە بەم عێراقە داتاشراوە، لەم قۆناخە ناچارکراوە بە فیدرالی ڕازی بێت. ئەم فیدرالیەتە تاوەکو ئێستا بە ڕوون و وردی ڕەنگینەداوەتەوە لە دەستوور و واقیع . لووتکەی لیستی دەسەڵات تاوەکو ئێستا پێی نەکراوە ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوەو بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و کاری جیدی بۆ ناکرێت . لەسەر ئۆپۆزسیۆنە چ لەگەڵ دەسەڵات چ لەمینبەری پەرلەمان و دەزگا فەرمیەکان و چ لە کەناڵە مەدەنی و جەماوەرییەکانەوە، ئەم کێشەیە بورژێنێتەوە کە کورد شەریکە لە عێراق و فیدرالی لەنێوان دوو گەلە (کورد وعەرەب)، مافەکانی کورد سیاسی و ئابووری و سنووری باشووری وەک هەرێمی کوردستان یەکلایی بکرێتەوەو دوور بخرێنەوە لە گەمەی دیموکراسی و زۆرینە و کەمینە. کار لەسەر تەوافوقی (نەتەوایەتی و کیان) بکرێت نەک تەوافوقی (پێکهاتە). ئەگەر سەرانی کورد خۆیان لە ڕاستییەکان گێل نەکەن، لە مێژە بۆیان دەرکەوتووە کە لە ئاستی خاڵە بنەڕەتیەکانی پرسی کورد سنوور لەنێوان ( عەرەبی شیعە وعەرەبی سووننە) یان نامێنێت یان زۆر کاڵدەبێتەوە . ساخبوونەوەی نیازەکان و ڕووبەڕووبونەوەی گرفتە نەتەوایەتییەکان لە سەر ئەساسی دوو نەتەوە، دژایەتی برایەتی گەلان و پێکەوە ژیان و تێکدانی یەکێتی خاکی عێراق نییە، بەپێچەوانەوە برایەتی و پێکەوەژیان و یەکێتی ئارەزوومەندانەمان بەهێزدەکات . سیاسەتی موجامەلە و خۆ بەکەم و لاواز زانین سوودی نەبوە و نییە .

7 –ڕزگارکردنی پرسی کورد لە مەنتیق و بەرژەوەندی لووتکەی حیزبی و تاکەکەسی و هەڵسوکەوتی میزاجی و موجامەلات و بەکارهێنانی وەک کارتی گوشار لەپێناو ئەجیندەی غەیرە کورد. ئەو پرسە پرسی خەڵکە و گەڕانەوەی بۆ دۆخ و واقیعی سروشتی خۆی ئەرکێکی پێرۆزەو هەر ئەمەش دەبێ ببێتە پێوەر وبنەمای ڕێککەوتن و هاوپەیمانیەتی لە گەڵ گشت لایەنەکان و لەهەموو ئاستێک چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە .

8 –چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە لە مانەوەی وەک (هێز و ئامرازێکی چەکداری حیزبی) بۆ سوپایەکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، کە ئینتیمای تەنها بۆ خەڵک و نیشتمان بێت، نەهێشتنی دیاردەی میلیتاریزمی کۆمەڵگە و ڕزگارکردنی شارو شارۆچکە و کۆمەڵگە و گەرەک و دەزگاکان لەو هەموو بنکە سەربازی و کونترۆڵ و ڕێگرتن و لەمپەر و "دیوارەکانی بەرلین" ئاسا، کە جگە لە دیمەنە ناشرین و ناشارستانییەکەی، ئیحای نائارامی و نا سەقامگیری دەدەن و، بارگرانیەکی یەک جار قورسە لە سەر ئیسراحەت و بودجە وسامانی هاووڵاتیان.

9 –بەگژداچوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی و سەپاندنی شەفافیەت لەپەیوەندی و کاروباری حکومەت، ئاشکراکردنی بودجە بە هەردوو ڕووەکەیەوە (داهات و خەرجی)، کارکردن بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پشتبەستن وجەختکردن لەسەر ئامار و نەخشە و پلان و تۆژینەوەی زانستی، چارەسەرکردنی بێکاری داپۆشراو و پیرۆزکردنی کار وەک ماف وئەرک.

10 – هەژدە ساڵە ئەم هەرێمە، لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە بەڕێوە دەچێت، ئەگەر قۆناخی ( 1993 1998–) ی لێدەرکەین، ئەوە لە بوارەکانی ئاسایش و ئابووری، تاکو ڕادەیەکیش بواری ئازادییەکان، ناکرێ لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەراورد کرێت. ماوەی 18 ساڵی حوکمڕانی و 12 ساڵی ئارامی کەم نییە. داهاتی 18 ساڵی ئەم هەرێمە وەک مەزندە دەکرێت لە 100 ملیار دۆلار زیاترە، بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری 3 پارێزگا کە ژمارەی دانیشتووانی لە 4 ملیۆن کەمترە، بەو واقیعە کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کەم نییە . بودجەی ساڵانەی هەرێم دوای قۆناخی "ڕزگاری عێراق"، لە بودجەی نزیکەی 60 وڵاتی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتوەکان زیاترە. پاش شەڕی جیهانی دووەم ئەڵمانیا خاپوور کرابوو، خەرجی ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوە وگەڕانەوەی بۆ ڕیزی وڵاتانی پێشەسازی ئەوروپا لە سنووری 29 ملیار دۆلار بوو، ماوەکەشی کەمتر لە 12 ساڵ بوو. یابان 27 ملیار دۆلار و کەمتر لەو ماوەیە. کە مرۆڤ داهاتی هەرێم و کۆی ژمارەی دانیشتووانی و ئاست و شێوە و شێوازی ئاوەدانکردنەوە وستانداری ژیانی ئەو دوو وڵاتە یان چەندین وڵاتی دیکە لە گەڵ ئەوەی هەرێم بەراورد دەکات، جیاوازییەکان زۆرە. ئەگەر قۆناخی پێش

**پشت بەستنی لووتکەی دەسەڵاتی هەر حیزب و تاقمێک، بە مێژوو و کەلەپووری ڕابردوو و دروشمی بریقەدار و بەڵێنی بێ بنەما و سیاسەتی ڕازیکردن، گەرەنتی نییە بۆ مانەوەی وەلا و ڕاگرتنی بنکە و پایەیان لەنێو جەماوەر**

ڕزگاری عێراق قابیلی موناقەشەیە ئەوە پاش 2004 و تاکو ئێستا سەرنج ڕاکێشە . ئێژین لەگەڵ ئەو واقیعەی کە باسمانکرد دەبینین تاوەکو ئێستا دەسەڵاتی هەرێم، نەک هەر ژێرخانی ئابووری ئەم هەرێمەیانە نەبووژاندووەتەوەو هاوکاری جیدی ومەیدانی خەڵکی ئێمەیان نەکردووە بۆ گەڕانەوە لە شار وشارۆچکەکان بۆ ئاواییەکانیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوانەش کە لەخۆیانەوە گەڕانەوە، لەبەر بایەخنەدان پێیان و نەبوونی پرۆگرام و پلانێکی ڕوون و تۆکمەی پێنج کابینەی ڕابردووی حکومەتی هەرێم، بۆ گەڕانەوە و نیشتەجێکردنیان، وا دەبینین چۆن بەرەو شارەکان دەگەڕێنەوەو تووشی دژە کۆچێکی خۆ بەخۆ بووینەتەوە. تاکو ئێستایش هیچ نەخشەیەکی جیدی نابینن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی 2009/7/25، لیستی دەسەڵات، بەڵێنێکی زۆری داوە لەم بارەوە، هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش، کەچی لە بودجەی ئەمساڵی پێشنیازکراوی

**ئەگەر سەرانی کورد خۆیان لە ڕاستییەکان گێل نەکەن، لە مێژە بۆیان دەرکەوتووە کە لە ئاستی خاڵە بنەڕەتیەکانی پرسی کورد سنوور لەنێوان (عەرەبی شیعە وعەرەبی سووننە) یان نامێنێت یان زۆر کاڵدەبێتەوە**

حکومەت، ئەوەی تەرخانکراوە بۆ ( بانکی کشتوکاڵ 42 ملیۆن دۆلار و بانکی پیشەسازی 24 ملیۆن دۆلار=66 ملیۆن دۆلارە، بە 300 ملیۆن دۆلارەکەی سەندوقی نیشتەجێشەوە دەکاتە 366 ملیۆن دۆلار)، ئەمەش ناگاتە نیوەی یارمەتی ساڵانەی پارتی و یەکێتی، کە مانگانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە تەحویلیان کراوە کە لە سنووری 800 ملیۆن دۆلارە، (هەر وەکو چەند بەرپرسێکیان ئاماژەیان بۆ دابوو)، لە کاتێکدا ئەم دوو حیزبە بەوە ناسراون کە دوو حیزبی بە ئیمکانات و خاوەن چەند سەرچاوەی داهاتی دیکەن. لەسەر ئۆپۆزسیۆنە بەجیدی کار لەسەر ئەم کێشەیە بکات،وەک چۆن پەیمانی داوە .

11 –ڕزگارکردنی بازاڕ و بازرگانی هەرێم لە دیاردەی بەرەڵڵایی و فەوزا و تاڵان و ئیحتیکاری جەمسەرە سەرەکییەکانی بازنەکانی تەسکی لووتکەی دەسەڵاتی هەرێم، پێداچوونەوە بە یاسای وەبەرهێنانی هەرێم، بەتایبەتی هەندێ لە (برگەکانی ماددەی چوار لە بەشی چوارەم) . ئازادی بێ پرەنسیپ و بێ چوارچێوە بێ ڕەچاوکردنی ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوایەتی، فەوزا و بەرەڵڵایی و کارەساتی لێدکەوێتەوە .

12 –پێداچوونەوە بەگرێبەستە (ستراتیژ) یەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان بەتایبەتی لەبواری نەوت وغاز و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە، بەقەبارەو ناو و مێژوو و پاشخانی کۆمپانیاکان و پرۆژەکانیان . شاردنەوەی نێوەڕۆکی زیاتر لە 35 گرێبەستی نەوت و غاز لە پەرلەمان و خەڵکی کوردستان و قەتیسکردنی لە نێوان چەند کەسێک، کارێکی بەجێ نییە. لەسەر ئۆپۆزسیۆنە کار بۆ گەڕانەوەی ئەو جۆرە گرێبەستانە بکات بۆ پەرلەمان، هەروەها هەمواركردنی یاسای نەوت و غاز بەوپێیەی کە پەرلەمان دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت و پێشەکی ڕەزامەندی لەسەر بدات. نەوت وغاز سامانی نەوەکانی ئێستا وداهاتووە، کاڵایەکی ستراتیژییەو سنووردارە، بۆ کێشە ستراتیژیەکان تەنها پەرلەمان بڕیاردە، ئەوانەی بەناوی تایبەتمەندی کەرتی نەوت و پسپۆری، ڕێگرن لەناردنی گرێبەستەکان بۆ پەرلەمان و ڕەزامەندی پەرلەمان بە پێویست نازانن، کەمکردنەوەیە لەدەسەڵاتی پەرلەمان و ئاستی زانستی نوێنەرانی میللەتەکەمان، ئەمەش پاساوێکی دروست نییە، ئەگەر دەسەڵات سوور بێت لە سەر ئەو هەڵوێستە، ئەوە لەسەر ئۆپۆزسیۆنە ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوەو میللەت و شەقامی کوردستانی پێ تەیار بکات.

13 –ڕزگارکردنی سیستەمی پەروەردەو کێشەی ژنان و لاوان لە دیاردەی لاساییکردنەوە و ڕووکەشی و خۆپێداهەڵکێشانی ڕوومەتی و بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیمان و دانانی سنوورێک بۆ پرۆژە سەقەتەکانی بواری پەروەردەی بێ سەروبەر، بە ڕادەیەک قوتابخانە و منداڵەکانمانیان کردووەتە گێڵکی تاقیکردنەوەیەکی ناسەرکەوتوو .

14 –گرفتی ناوچە دابڕاوەکان زۆرە. سەرکردایەتی فەرمی کوردستان بەرپرسیارە هەروەها ئۆپوزسیۆنیش، لەدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو گرفتانە، بەتایبەتی ڕاگرتنی پرۆسەی تەعریب و گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەکانی هەرێم و پاشەکشێکردنی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان و پێداچوونەوە بەشێوەی پەیوەندیان لە نێوان هەرێم و بەغدا بەو پێیەی کە ئەو ناوچانە هێشتا ( مناگق متنازع عليها)یە، ئەوەی بۆ دەسەڵاتی ناوەند ڕەوا بێت دەبێت تاوەکو یەکلایی دەکرێنەوە بۆ حکومەتی هەرێمیش ڕەوا بێت، واتە بە تەوافوق لە نێوان دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی ناوەند.

15 –یەکخستنی یاساکانی ناوەندی بەغدا لەگەڵ یاساکانی هەرێم بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مووچە و ژیانی خەڵکەوە هەیە. ناکرێ جیاوازی لە مووچەی کارمەندانی حکومی و خانەنیشان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی دیکە هەبێت، بەو پێیەی هەموو هاووڵاتیانی هەرێم یەکسانن بەرامبەر بە یاسا و، دەستوور مافەکانی گەرەنتی کردوون.

بە پێچەوانەی ئەو دیاردە نێگەتیڤانە و لەچوارچێوەی گەمە دیموکراتییەکاندا، لیستی دەسەڵات، زۆرینەی هێناو بۆ چوار ساڵی ئایندە حوکمڕانە و داکۆکی لەمانەوە و پەرەپێدانی خۆی دەکات بەرامبەر بەمەش بۆ ئۆپۆزسیۆنیش ڕەوایە هەوڵبدات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانیان و بە گژداچوونەوەی دیاردە نێگەتیڤ و کەموکورتییەکان. مانەوەی یەکەم و گەیشتنی دووهەم بە دەسەڵات بەندە بە بەرنامە و وزەو توانا وئیدایان.

بە کورتی ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی لەباری لەبەردەمدایە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵات سەبارەت بە جێبەجێکردنی خاڵە هاوبەشەکانی بەرنامەی هەردوولا و ڕاکێشانی بۆ ئەنجامدانی هەندێ لایەنی دیکەی بەرنامەکانی خۆی و گوشار خستنەسەر دەسەڵات بۆ وەدەنگهاتنی لە داخوازیەکانی خەڵک . لیستی دەسەڵات پشت ئەستوورە بە ئەنجامی هەڵبژاردن و بوار و ئیمکانیاتی حکومەت، ئۆپۆزسیۆنیش پشت ئەستوورە بە دەنگەکانی و بە شەقامی کوردستانی. دەتوانێت هوشیارو ژیرانە سەکۆی پەرلەمان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکار بێنێت بۆ دروستکردنی پردێکی بەهێز لەنێوان خۆی و خەڵک و چین توێژەکانی هوشیار و ئاگاداربکاتەوە و لەکاتی پێویست و بەشێوە و شێوازی ئاشتیانە و جۆش و خرۆشەوە تەیاریان بکات بۆ وەدەنگهاتن و پاراستنی لە هەر جۆرە گوشارێکی نایاسایی دەسەڵات .

جارێکیتریش ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی ئەزموونێکی نوێ و تاقیکردنەوەیەکی سەختدەبێتەوە، سەنگی مەحەکی میسداقیەتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، پابەندبوونیانە بە بەڵێنەکانیان و بنەما یاساییەکان!

2010/1/21



ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ
wanwilgenburg@gmail.com

# کوردینە ئایدز هیچ ئایینێک ناناسێ

لە هەرێمی کوردستان دوای 10 ڕۆژ لە بەسەرچوونی ڤیزای خەڵکی بیانی پشکنینی ئایدزیان بۆ دەکرێت، بەڵام حکوومەتی کوردستان ئەوەی لەبیر کردووە کە کورد و عێراقیش لە ئەوروپاوە سەردانی کوردستان دەکەن. وادیارە حکوومەت وایدەبینێ کە خەڵکی بیانی لەچاو عێراقی و کوردەکان زۆرتر سێکس دەکەن، بەمەش زۆرتر تووشی ئایدز دەبن. مامۆستا و ڕۆژنامەنووسی هەمیشە ڕەخنەگری هۆڵەندی یودیت نیورینک، وایدەبینێ کە ئەو سیاسەتە جیاوازیپێکردن دروست دەکات و پێویستە کۆتایی پێبێ.

ئەوە ڕاستە کە کورد هەندێ پارێزگارترن لە هۆڵەندییەکان، بەتایبەتیش لە کوردستان، بەڵام لە هۆڵەندا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەوشێوەیە نییە. زۆر لە گەنجانی کورد دەچنە دیسکۆ و باڕەکان و بێگومان سێکسیش لەگەڵ خانمانی ڕۆژئاوایی دەکەن. ئەوان تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەن و بۆ هاوڕێکانیان باسی دەکەن. هەندێکجار ئەمە وەک وەرزشی لێهاتووە.

هەرواش چانسێکی کەم هەیە کە ئەو کوڕە کوردە ئەوروپییانەش ئایدزیان هەبێ. بۆیە پێویستە ئەوانیش پشکنینی خوێنیان بۆ بکرێت.

ژمارەیەکی زۆر دیپلۆماتکاری کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا هەن و دەکرێ ئەوانیش ڕووبەڕووی سێکس ببنەوە. چونکە لەکاتی کارکردنیاندا چاویان بە زۆر کچی جوان دەکەوێت.

بێگومان کوردانی دانیشتووی کوردستانیش سێکس دەکەن و ڕەنگە تووشی ئەو ڤایرۆسە بووبن. تەنانەت ئەگەر هاوسەریشیان هەبێ، ڕەنگە خیانەت لە ژنەکانیان یاخود مێردەکانیان بکەن. سەرۆکی ئێران ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هاوڕەگەزبازی لە ئێران هەبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایێت کە نییە. تەنانەت هەندێک کورد پێیانوایە لەبەر ئەوەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، هیچ مەترسییەک لە سێکسکردنی بێ کۆندۆمدا نییە. "کچەکانی ئێرە حەڵاڵن"، بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە کە ئایدز هیچ ئایینێک ناناسێ.

جیا لەوە کێشەی لەشفرۆشیش لە کوردستان هەیە. بازاڕی سێکسی ناتەندرووست هەیە. خەندان حەمەجەزا، لە کتێبە ناسراوەکەیدا (ئۆقیانووسێک لە تاوان) دەربارەی ئەم مەسەلەیە نووسیویەتی. سۆران مامە حەمەی ڕۆژنامەنووس پاش ئەوە کوژرا کە لەبارەی پێوەندی نێوان تۆڕە لەشفرۆشییەکان و بەرپرسانی ئاسایشی کەرکووکەوە ڕاپۆرتی نووسیبوو. هەرێمی کوردستان ژمارەیەک لەشفرۆشی عەرەبیشی لێ یە. هەندێکجار خزمەتگوزارە فلیپینییەکانیش پارەیەکی زۆرتر وەردەگرن لەبەرامبەر سێکسدا. لەشفرۆشی کارێکی نوێ نییە. لەمێژەوە لە کوردستان هەبووە. لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیشدا لە سەدەی 19دا هەبووە. ئەوکات وەک "پیشە" لەلایەن بەرپرسانی عوسمانییەوە لە شاری ئیستەنبوڵ ناسرابوو.

لەبەرئەوە حکوومەتی کوردی دەتوانێ دوو کار بکات: یان سیاسەتی ئێستای بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدز کۆتایی پێ بێنێت، کە بەهەر شێوەیەک بێت سەرکەتوو نەبووە، یان ئەو کوردانەش بپشکنێت کە سەردانی وڵاتانی بیانی دەکەن یان لێی دەژین و دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان.



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# سوپاس بۆ ڕاستگۆیی مالکی!

نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لەم سەروبەندەی هەڵبژاردنەدا دەڵێ: "کێشەی پێشمەرگە قەت چارەسەر نابێ!"، من ڕێزم بۆ مالیکی هەیە کە تا ئەندازەیەکی ترسناک لە باسی مەسەلەی کورددا ڕاستگۆیە و ئەو قسەیە دەکا، بەڵام چی بە سەرانی کورد بڵێین کە وای دەردەخەن چاوەڕوانی چارەسەری بنەڕەتی لەو پیاوە دەکەن و خەڵکی کوردستان بە بەڵێنی بێبنەما بەنج دەکەن و کاتی پێ دەبەنە سەر؟! چی بەوانە بڵێین خەڵکیان بەتەما دەکرد کە کێشەی پێشمەرگە چارەسەر دەکرێ؟! خۆزگە مالیکی لەوەش ڕوونتر و ڕەوانتر قسەی دەکرد، چونکە تەنها مەسەلەی پێشمەرگە نییە کە چارەسەر نابێ، بەڵکو هەر مەسەلەیەک پەیوەندی بە کوردەوە هەبێ و لە نێوان بەغدا و هەولێردا کێشە بێ، چارەسەر نابێ و کاتێکیش ئەو پیاوە ڕاستگۆیە و هەر کەسێکی لە جێی ئەو بێ دادەکەوێ و ڕازی دەبێ، کورد یان هەر لە بنیی مەسەلەی نەبێ ـ کە دەکاتە نەمانی کورد ـ یاخود کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ و ڕاست و ڕەوان لەلایەن عارەبەوە وەک ئیسرائیل باسبکرێ و ئەرکی ڕزگارکردنی ئەمەش بکەوێتە ئەستۆی عارەبی عێراق! پێکەوەژیان و برایەتی و ئەو بابەتە قسە عەوامخەڵەتێنە لە عێراقێکدا جێیان نابێتەوە کە مێژووەکەی پڕە لە بورج و مەنارەی کەللەسەر و زۆرینەی شیعە تێیدا، وەک کورد، هەستی بچووکی و موالێتی و مەجووسێتی سەدان ساڵەی خۆی بەوە پڕ بکاتەوەو وەک بەعس پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراقی قەسابخانەی خۆی بکا.

هەتا ئێستا چ چارەسەر کراوە تا ئەوەیان چارەسەر نەکرێ؟! ماددەی 140 کە خۆی لە خۆیدا هاتنە سەرچۆکی کوردە و مەسەلەی بودجە و گەڕانەوەی تەعریبچییەکان بۆ شوێن و ڕێی خۆیان و نیشتەجێکردنی کوردی ئاوارەو بەکارهێنانی زمانی کوردی لە داوودەزگاکان و لەسەر دراو، کامەیان چارەسەر کراوە تا ئەوەیان لە چارەسەر یاخی بووبێ؟ چما عێراق ئەو ناوەی هەیە کە بە خێرێ دوای ڕووخانی بەعس لێیان نا؟! کوا عێراقی فیدرالی و دیموکراتی و بۆ هەر (جمهوريه العراق) ماوەتەوە کە سەددام لێی ناوە؟ ڕێککەوتنی کورد لەگەڵ بەغدادا، هەر لە بنچینەوە لە پێکگەیشتن و ڕێککەوتن یاخییە، بەڵام لە بەختی مالیکی، سەرانی کورد لە بری ئەوەی گیرۆدەی دەرمانی هۆشبەر و قومار و ئەلکهۆل بن، گیرۆدەی نەخۆشییەکی درێژخایەنی ئەزەلیی بێ چارەسەربوونە کە ناوی گفتوگۆیە و ئەگەر لێیان ببڕێ بە گژ یەکتردا دەچن و هەر کاتێکیش تێیدا سەرکەون ـ کە قەت شتی وەها نەبووە ـ ئەوجا دەدۆڕێن، چونکە دەبێ دەستی لێ هەڵگرن!

شیعەی عێراق کە بە درێژایی مێژووی بوونیان بە مەجووس و عەجەم و ئێرانی ناوزەد کراون و بۆ دەمکوتکردنیان و سەرکەوتن بە سەریاندا باشووری کوردستان خرایە سەر عێراق و تەرازووی مەزەبییان پێ هاوسەنگ کرد، ئێستا کەوتوونەتە سەر باری دەستڕۆیشتن و جێی ئەوانەیان گرتووەتەوە کە زوڵمیان لێ دەکردن، بەڵام لەوە بێئاگان کە ئەوەش لە عێراقی لەقولۆقدا تا سەر مەیسەر نابێ. دوای نەمانی عوسمانلی، شیعەی عێراق ئەوەندەیان خوێندەوار و ئەفسەر نەبوو شارێکی خۆیان بەڕێوەبەرن چونکە لە سەردەمی عوسمانیدا بە دەگمەن نەبێ، لە خوێندن، بە تایبەتی خوێندنی سەربازی وەرنەدەگیران و دوای پێکهاتنی عێراق دەوڵەتە دروستبووەکەش هەمان سیاسەتی بەرانبەریان پیادە دەکرد. بەڵام هەر ئەوەندەی دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێ، ئەوپەڕی هەوڵیانداوە مەجووس و موالی نەبن، ئەوەش لە ڕێی کوشتن و بڕینی نەیارانی دەسەڵاتەوە. بەهجەت عەتییە و نازم گزار، کە دوو عارەبی شیعە بوون و یەکەمیان لەسەردەمی پاشایەتیدا بەڕێوەبەری ئەمنی عام بوو و دووەمیشیان لە سەردەمی بەعسدا، بۆ پڕکردنەوەی گرێکوێرەی کەمایەتی و دوونێتی تائیفییان، گەورەترین و ناودارترین جەللاد بوون لە مێژووی عێراقدا. حەسەن عەلەوی دەڵێ: "عەلوان حوسێن" کە تاکە بەڕێوەبەری شیعە بوو لە مێژووی پۆلیسی عێراقدا، بە لێهاتووترین شێوە ڕاپەڕینی 1948ی دامرکاندەوە. ئەو هەستی کەمایەتییە، چۆن لە ناو کورددا هەیە و بە زەقی دیارە، ئاوهاش لە ناو شیعەکاندا بە زەقی دیارە و ئێستاش کە دەسەڵاتیان هەیە، هەموو هەوڵێکیان، تەنانەت کە دژی خواستی نەتەوەیی کوردیش دەوەستنەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دەروونیانەیە.

مالیکی ئەنجامی فیدرالی و پێکەوەژیانی خستووەتە مشتی کوردەوە و ئەگەر ئەو سوپایەی کە کورد هەوڵی بەهێزکردنی دەدا و کەرەسەی شەڕی بۆ پەیدا دەکا و لە یادی دامەزراندنیدا پشووی ڕەسمی هەیە، بکەوێتە سەر پێی خۆی لەوە کەمتر بە کورد ناکا کە سوپای بەعس پێی کرد. ئەوجا چی بە سەرانی خۆمان بڵێین؟!

ئەگەر کورد هیچیشی پێ ناکرێ، با هۆکاری سەقامگیربوونی بەغدا نەبێ و هەوڵی تۆکمەکردنی سوپای عێراق نەدا. پێدەچێ نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەستیان لەوە شوشتبێ لەگەڵ مالیکی یان هەر کەسێکی دیکەی دەسەڵاتدا بگەنە ئەنجامێک خێری کوردی تێدا بێ، بەڵام بەرژەوەندی تایبەتی تاکەتاکەیان وا دەخوازێ لەو گەمەیە بەردەوام بن و ئەگەر مالیکی لەوەش ڕاستگۆتر بێ و پێیان بڵێ: "کاکە یەخە لە یەخەمان بکەنەوە"، ئەوان تا دەست بە بەریەوە بچێ واز لەو بازرگانییە نایێنن، جا یەک لست بن یا پەنجا! کورد لە زاری سەرانییەوە، خۆی لەوە بە بچووکتر دەزانێ باسی مافی چارەنووسی بێ مەرج بکا، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئیرادەی دەسەڵاتی بەغدا فراوان دەبێ و هی کوردیش لە ئاو دەچێ!

# دەرپێ کەی ئیشی پیاوە

**رووداو-سلێمانی**

عەبدولرەحمان سـەعید، کە مامۆستایەکی ئاینی شاری سلێمانییە دەڵێت جلی ژێرەوەی ئافرەتان زۆر تایبەتین و کاری پیاو نییە بیانفرۆشێت. هەندێک لە کچان و ژنانیش لەکاتی کڕینی جلوبەرگەکانی ژێرەوە لە پیاوان دەڵێن تووشی بارێکی دەرونی قورس دەبنەوە. سروشت 25 سـاڵ، دەڵێ داواکردنی ستیان و شۆرت لەدوکاندارانی پیاو زۆر قورسە بەلای کچانەوە. ئەو کچە کە لەکاتی کڕینی ئەو جۆرە جلوبەرگانەدا داوای ناکات و بۆخۆی هەڵیاندەگرێ، گوتیشی "باشـترە ئافرەتان ئەو جـۆرە جلانە بفرۆشن". عەبدولرەحمان سەعید، کە مەلایەکی شاری سلێمانییە، پێیوایە ئەو جۆرە جلوبەرگانە زۆر تایبەتین و ناکرێ پیاوان فرۆشتنیان بکەنە کاری خۆیان و دەڵێ "لەڕووی شەرعەوە رێگەپێدراو نییە و ناکرێ کڕیارێکی ئافرەت پێی بڵێ زەحمەت نەبێ دەرپێی ئافرەتت لایە". گوتیشی "ئەو جۆرە مامەڵەیە شەرعی نییەو ژنان نارەحەت دەکات".



# نان نییە بیخۆین

**رووداو-سلێمانی**

دەرهێنەری زنجیرە درامای گەردەلوول رایگەیاند کـە چاوەڕێـی (ok)یـەک دەکات لـە کەناڵی کوردسات تا دەسـت بە بەشی سێیەمی درامای گەردەلوول بکات کە 60 ئەلقەیە و گوتی ""یەکێک لەگرفتەکان مەسەلەی زسـتانە، چونکە بەشێکی دراماکە لەزسـتاندایەو ئەگەر ئەو زستانە نەیکەم دەکەوێتە زستانێکی دیکە".

جەلیـل زەنگەنـە بەنیگەرانییەکـی زۆرەوە بارودۆخی هونەر لەکوردستان هەڵدەسەنگێنێت و پێیوایە "ژاوەژاو"ێکی زۆر لەئارادایەو چاک و خراپ پێکـەوە دێنە پێشـەوە، "خەڵکانێک هەن زیاتر وەک قاچاخچین و بینای هەوربڕ بەرز دەکەنەوەو 10تـا15 ئۆتۆمبێل لەبەر دەرگاکەی وەسـتاوەو ئێمەش نان نییە بیخۆین و بەکوێرەوەری خەریکی کاری هونەری خۆمانین".

10



# ئەمیتا دەبێتە پێشمەرگە

**رووداو-هەولێر**

ناز فەلەکەدین کاکەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئاسیای رۆژهەڵات لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە هەردوو ئەکتەری نێوداری هیندی ئەمیتا باباجان و شارۆخان بەڵێنیانداوە بەشداری لە فیلیمێکدا بکەن لەسـەر ژیانی پێشمەرگە. ئەو کە لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیایەکی هیندی، لەلایەن حکومەتـەوە نێردرایە هیندسـتان گوتی "توانیم خوشـکی ژنی ئەمیتـاب باچان ببینم، تاوەکو ئەمیتاب ببینم، بەڵام ئەمیتاب ئەوکات لە ئەڵمانیا بوو، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەمیتاب و شـارۆخان کرد بـۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک، ئەوانیش بەڵێنیاندا،ئەگەر جارێکی دیکە بچمەوە هیندستان قسـە لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بکەین". سەبارەت بە نێوەڕۆکی فیلمەکەش، ناز گوتی "فیلمەکە باس لە رەوشی ژیانی پێشمەرگە دەکات لە ساڵەکانی 1970-1990 کە چۆن بەرامبەر دەسەڵاتی رژێمی بەعس جەنگاون".

10




Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاینەران : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


# مام جەلال شەیدای قبوڵی خەسوویەتی



**رووداو-نم نم**

گەلاوێژ سـاڵح، دایکـی هیرۆخانی هاوسـەری مام جەلال، خۆشەویستی خۆی بۆ زاوا سەرۆک کۆمارەکەی دەربڕی و گوتی "هەموو منداڵەکانم بە لایەک و مام جەلالیش بە لایەک، ئەوەندەم خۆشدەوێ".

گەلاوێژ سـاڵح، کە خێزانی سیاسـەتکار و نووسەری نێودار ئیبراهیم ئەحمەدە، ئێسـتا تەمەنی 80 ساڵە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ دوایین ژمارەی هەفتەنامەی (نم نم) زۆر پەسنی مام جەلال دەدات و دەڵێت "پێش ئەوەی هێرۆشـی بدەینێ، مام جەلالمان دەناسـی و ئەو بەردەوام هاتووچۆی دەکردین، گەنجێکی جوانی رۆشـنبیری بە رەوشـت بوو، بەڕاستی من و مامۆستا ئیبراهیم زۆر خۆشماندەویست". سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیشیان دەڵێت "هەر مەپرسـە هەموو منداڵەکانم بە لایەک و ئەویش بە لایەک، ئەوەندەم خۆشدەوێ"، گەلاوێژ خان ئاشکراشیکرد کە ئێستاش هەر بە مام جەلال بانگی زاواکەی دەکات و زاواکەشی بە گەلەخان بانگی دەکات.

گەلاوێژ، لەدرێژەی قسـەکانیدا بۆ ئەو هەفتەنامە خێزانییەی کۆمپانیـای رووداو، باسـی لەوەکرد زۆربـەی تەمەنی لەگەڵ سیاسییەکان بەسەر بردووە، بەڵام زیاتر سەرقاڵی نووسین بووە نەک سیاسەت، تا ئێستاش 17 کتێبی چاپکراوی هەیە. خەسووی مام جەلال، زۆر پەسـتە لە جلوبەرگی ئێسـتای ژنان و دەڵێت "بەناوی مۆدیلەوە سـەرو باڵی جلـی کوردییان کردووە، ئەوانە جلوبەرگـی کوردی نین، ئەگەر لـە وڵاتێکی دیکە بووایە دەبوو دیزاینەرەکانیان سزا بدرێن". گەلاوێژخان ئاشکرایکرد کە هەموو خواردنێک دەزانێ لێ بنێ و منداڵەکانیشی حەز لە خواردنەکانی دەکەن. گوتیشی "مام جەلال زۆر حەز لە خواردنەکانی من دەکات بە تایبەتی قبوڵییەکەم".

# پارە لە من گوتار لە تۆ

**رووداو-هەولێر**

متوەلی هەندێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر هەڕەشەی دەرکردن لە مەلاکانیان دەکەن، ئەگەر بە ئارەزووی ئەوان وتار نەخوێننەوە.

بەپێـی ئاماری وەزارەتی ئەوقـاف 4079 مزگەوت لە هەرێمی کوردستان هەن، کە 85%یان لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراون، کە ئەوانە پێیاندەگوترێ متوەلی و بۆیان هەیە ژوورێک لە نێو حەوشـەی مزگەوت بۆ خۆیان دروستبکەن و سەرپەرشـتی داهاتەکانی مزگەوت بکەن. متەوەلی بەو کەسانە دەگوترێ کە خۆی زەوی بۆ مزگەوت دابیندەکات و هەر خۆشی خەرجی دروستکردنەکەی دەگرێتە ئەستۆ.

مەلا نیعمەتوڵڵا عەبدولفەتاح، کە وتارخوێنی مزگەوتی حاجی خدرە لە شـاری هەولێر، دەڵێت بەردەوام کێشەی لەگەڵ متوەلییەکەی هەیە، چونکە دەست لە کاروبارەکانی وەردەدات "متوەلی مزگەوتەکەم وەکو ئاغایەک هەڵسوکەوت دەکات و دەڵێت ئەگەر بە ویستی من وتار نەخوێنیەوە لە ئەوقاف شکاتت لێدەکەم".



مەلایەکی دیکە، کە نەیویسـت نـاوی بهێندرێ، لەبەر متەوەلی، مزگەوتێکی جێهێشـتووە. ئەو مەلایە باسـی متەوەلـی مزگەوتەکەی کردو گوتـی "متەوەلی مزگەوتە داوای لێدەکردم، باسی زیناکاران نەکەم، تومەز متوەلییەکە زۆر حـەزی لە رابواردن و زیناکردن بـوو، هەروەها داوای لێدەکردم باسـی سـزاو عەزابی قەرزاران بکەم، چونکەی پـارەی لەلای خەڵک بـوو، ئەوانەش کە قـەرزاری بوون دەهاتنە مزگەوتەکەی ئەو".

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت متەولی بۆی نییە فەرمان بەسـەر مەلادا بدات "ئەوە کاری وەزیری ئەوقافە بە مەلا بڵێت وتار بەو شێوەیە بخوێنەوە، نەک متەوەلـی مزگەوت"، ناوبراو گوتیشـی "هەندێک لە متوەلییەکان ئیستغلالی ئەو دەسەڵاتە دەکەن کە ئەوقاف پێیداون". مەلایەکیش دەڵێ " سەرم سوڕماوە نازانم بەگوێی متوەلی بکەم یان وەزارەت".

16

# لە سلێمانی زۆر گوتن بەلاش خۆشە

**رووداو-سلێمانی**

نزیکـەی نیـوەی بەشـداربووانی هێڵی تەلەفۆنـی کوردتێل لەسلێمانی، پارەی مانگانەی قسەکردن نادەن و بەڕێوەبەری بەشی کاروباری هاوبەشەکانیش لەکوردتێل دەڵێ "ئاسانکارییەکی زۆر بۆ خەڵک دەکەین، کەچی هەر پارە نادەن".

کۆمپانیای کوردتێل لەسـلێمانی زیاتر لە 51 هەزار هاوبەشـی هەیە و نزیکەی نیوەی بەشداربووانی قەرزدارن و، پارەی مانگانەی بەشداربوون نادەن. سەلام محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی کاروباری هاوبەشـەکان لە کوردتێل دەڵێ " تەنیا 35 هەزار لەو بەشداربووانە لەکاتی خۆیدا پارە دەدەن و هاوڵاتی هەیە زیاتر لە دوملیۆن دینار قەرزدارە".

ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشـی "2 ملیار و 600 ملیۆن دینارمان لای خەڵکەو بۆ ئاسانکاری کردنیش تا خەڵک قەرزەکانیان بدەنەوە، بڕی 300 ملیۆن دینارمان کردووە بەقیست، کەچی هێشتا قەرزەکانیان نادەنەوە". وەک سەلام باسیکرد نووسراوی دادگاشیان کردووە لە دژی زۆربەی قەرزارەکانیان " بەڵام سوودی نەبووە، هەر نایدەنەوە".

# ئۆتۆمبێلەکەی سالم بەرناکەوێ

**رووداو-سۆران**

سالم باویل، لەبەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا ئۆتۆمبێلێکی بـۆ دەرچوو، هـەر لەبەرئەوەش یـەک مانگە نەچووەتە قوتابخانەو، دەڵێ بەدرێژایی ئەو مانگە خەڵک سەردانیان کردووم بۆ پیرۆزبایی بۆیە پێی نەکراوە بچێتە قوتابخانە.

سـالم باویل، 24 ساڵ، دانیشتووی قەزای سۆران، کە پۆلیسی هاتووچۆیە و لەهەمانکاتیشدا قو تا بـی پۆلی نۆی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی ئێوارانـی سـۆران بـە (رووداو)ی راگەیاند دوای ئـەوەی ئۆتۆمبێلێکـی جۆری گیلیـەی چینی بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هەردووکەناڵی ئاسمانی کۆڕەک و کەناڵ 4، لە شەوی سەری ساڵ بۆ دەرچوو، خەڵکێکی زۆرپەیوەندیان پێوە کـردووە "زۆربەیـان داوای شیرینیان لێدەکردم، هەندێکیشیان سـۆراخی ئۆتۆمبێلەکەیان دەکرد کە دەیفرۆشم یان نا".

سالم گوتیشی "ئێسـتاش رۆژ نییە هاووڵاتیان ماوەیەک بەدیار ئۆتۆمبێلەکەمەوە نەوەسـتن". سـالم ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلەکـەی بۆ دەرچووە خـۆی و خێزانەکەی تەنیا 750 دیناریان لە ماڵ هەبووە. سالم ماوەیەک پێش ئێستا خانوویەکی کڕیوەو 7500 هەزار دۆلاری لەسەر قەرزار بووە، سـالم زۆر دڵی بە ئۆتۆمبێلەکە خۆشە و دەڵێت "ئەگەر خـاوەن قـەرزەکان زوو داوای قەرزەکەم لێنەکەنەوە، نایفرۆشم". ناوبراو بە دڵێکی خۆشەوە دەیگوت "ئەو دوو کەناڵە و چنارخانی گۆرانیبێژ ژیانی منیان گۆڕی، من موعجیبی دەنگی چنار خانم، بۆیە کاتێک پەیوەندییەکـەم وەرگیـرا، ئەوم راسپارد تاکو پەتەکە رابکێشـێ، بۆیە چنار خان هەرچییەکم لـێ داوا بکات ئامادەم بۆی بکەم".



# منداڵ هەڵبێنە و ئاڵتون دەربێنە

**رووداو-ئەڵمانیا**

هەندێـک لـە ژنانی کـورد بۆ خۆ دەربازکـردن لە کارکـردن و وەرگرتنی یارمەتـی بەردەوامـی سۆشـیال لە حکومەتی ئەڵمانیا، هەر خەریکی منداڵ دروسـتکردنن. بەشێکیشـیان بەهۆی داوونەریت و پەیڕەوی ئاینی حەزیان لە منداڵی زۆرەو بەوهۆیەشەوە ئەو مووچەیان بەردەوامە.

حەسـەن، 48 سـاڵ، کـە کوردێکی نیشـتەجێی ئەڵمانیایـە دەڵـێ "هەر خێزانێک لـە ئەڵمانیا کە منداڵی بوو، مانگانە بڕێک پارە دەدرێتە منداڵەکە و بۆ ماوەی یەک ساڵیش یارمەتییەکی تایبەت دەدرێتە بەخێوکەری منداڵەکە، فەرمانگەی کاریش بۆ ماوەی دوو ساڵ واز لە دایکی منداڵ دێنێ، کە کار نەکات". حەسـەن، کە باوکی سێ منداڵە لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) گوتیشی "کاتی خۆی زۆر کەس بەهۆی پـا ر ە ی منداڵـەوە خانـووی لـە کوردسـتان دروسـتکردو ئێسـتاش ئەگەر بچیتە شـاییەکان دەبینی زۆربەی ئەو ژنانەی زێری زۆریان پێوەیـە، منداڵی زۆریان هەیە". هەروەهـا ئیبراهیم حەجی، 40 ساڵ، کە کوردێکی نیشتەجێی ئەڵمانیایە دەڵێ "زۆر خێزانی کورد دراوسێی ئێمەن، ئەوان گلەیی لە هاوسـەرەکەم دەکەن، چونکە ئیش دەکات و پێیدەڵێن تـۆ بۆ خۆت ماندوو دەکەی دانیشە ماڵ و منـداڵ دروسـت بکە. بەو شێوەیە خێزانەکەت گەورە دەکەیت و پارەش وەردەگری".



11


Reklam

کۆمپانیای هوما

بۆ بلاوکردنەوەی میدیای جیهانی

تاکە بریکاری

Homa Company
For Distributing International
Printed materials

Exclusive Agent (Cedars International Traiding)

مژدە مژدە...

تایم
نیوزویك
ایكونومست
بزنس ویك
مید
ok
رۆتانا
مجله مجله
PC
مجلات ازیاء
....

کۆمپانیای هوما بۆ دابەش کردن ( میدیای نێودەوڵـەتی)

مژدە .... مژدە

بۆ هەموو نووسەران و رۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگان و دکتۆرەکان و رۆناکبیران و هاوڵاتیان جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەش کردن و بلاو کردنەوە هەلدەستی بە هێنانی هەموو گۆڤار و رۆژنامـە بـە زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی، و زمانەکانی تر) بە شێوەی ((بەشداربوون)) و ئامادەین بە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنە کە مەبەستانە (کۆمپانیاکان، کونسلخانەکان، دام و دەزگا، ماڵەکان، زانکۆکان) بە زووترین کات.

| بەغداد ئاژانسی (العین) بۆ راگەیاندن | سلێمانی | کەرکوک | دهۆک | هەولێر |
|---|---|---|---|---|
| 0770 444 6855 | ........................ | 0770 1302585 | 0750 411 2413 | 0750 483 6800 |
| 0770 644 4330 | ........................ | 0770 1455917 | 0770 910 3868 | 0750 483 6900 |
| | | | | 0770 445 1725 |

email: homa_co@yahoo.com